# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان


دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

یەکشەممە ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ _ ٥ی ئاوریلی ٢٠١٥

ژمارە ٦٥٣

www.kurdistanukurd.com

## لە بارەی کاتی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان بەدژی ئێران ئامریکا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە



بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، وەزارەتی دارایی ئامریکا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک پشتڕاستی کردەوە کە گەمارۆ پەسندکراوەکان بەدژی ئێران، تا کاتی جێبەجێ کرانی ڕێککەوتنی گشتگیر، هەر وەک خۆیان دەمێننەوە.

لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەی وەزارەتی دارایی ئامریکادا هاتووە: ئەم نووسراوانەی کە ڕۆژی ٢ی ئاوریل بۆ بەرنامەی گشتیی هەوڵێکی هاوبەش لە لایەن ١+٥ و ئێران ڕاگەیەندرا، بەپێی ئەوان هیچ کام لە گەمارۆکانی سەر ئێران بە خێرایی هەڵناپەسێرێ و نایسڕیتەوە، بەڵکوو لە ئێستادا تەنیا خەریکی کەمکردنەوەی ئەم گەمارۆیانەن کە لە بەرنامەی هەوڵی هاوبەش‌دا کە ٢٤ی نۆڤامبری ٢٠١٣ پەسەند کرا و تا ٣٠ ژوئەنی ٢٠١٥ نوێ کرایەوە.

### خالید عەزیزی:

# ساڵی نوێ، ساڵی بەهێزکردنی یەکیەتی‌و شوناسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت‌دا کە بە بۆنەی هاتنی نەورۆزو بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکان، پێشمەرگەکان‌و بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هاتبوو، سکرتیری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکەش کرد.

بەڕێز خالید عەزیزی لە وتاری نەورۆزیی خۆی‌دا، ئاوڕی لە کۆمەڵێک لە ڕووداوەکانی ساڵی تێپەڕبوو لە ئاستی ناوچە، کوردستان‌و ئێران‌دا دایەوە. سکرتێری گشتیی حیزب شەڕی داعش لە گەڵ نەتەوەی کورد لە دوو بەشی کوردستانی وەک گرنگترین ڕووداوی پێوەندیدار بە نەتەوەکەمان لە ساڵی تێپەڕبوودا ئاماژە پێکرد. لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، بەڕێزعەزیزی بە ڕێزلێنانەوە باسی لە وشیاریی سیاسی‌و نەتەوەیی خەڵک‌و ئامادەبوون‌و بەشدارییان لە نێو کۆمەڵێک حەرەکەت‌و هەڵوێستی نەتەوەیی‌و سیاسیی مەدەنی‌دا کرد. سکرتیری گشتی، ئاوڕێکیشی لە گرنگترین پرۆژەو هەڵوێست‌و چالاکییەکانی حیزبەکەی لە ساڵی ١٣٩٣دا، دایەوە. گرنگیدان بە گوتارو بەرنامەو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتتەوەرو، بایەخدان بە تێکۆشان‌و چالاکیی جۆراوجۆر لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات‌دا، شێلگیربوون لە سەر پێویستیی یەکگرتوویی‌و هاوکاری‌و هاوخەباتی لە ئاستی هێزو لایەنە سیاسییەکان، لەو پرۆژانە بوون. کاک خالید عەزیزی، ئاماژەشی بە کێشەکانی نێودەسەڵات‌و دەستەوەستانیی حەسەن ڕۆحانی لە وادەو بەڵێنەکانی کرد. لەم پێوەندییەدا، کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی نێوخۆو گوشارهێنان بۆ دەسەڵات‌و سەپاندن‌و سەلماندنی داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێژیم، وەک بەستێنێک بۆ پتر هاتنە مەیدانی خەڵک لە نیوخۆداو، دیالۆگ‌و هاوکاری‌و هاوهەنگاوی لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەڵک، باسکرد.لەم بارەیەوە هیوای خواست کە: «لە ساڵی نوێش‌دا هەر هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بۆ بەهێزکردنی هۆوییەتی کوردی، بەهێزکردنی یەکیەتیی کورد تێ‌بکۆشن‌و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکەنەوە.»



وتوویژی تایبەتی «کوردکاناڵ» لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٤



چەمکی مرۆڤتەوەری و تێگەیشتن لە پیرۆزییەکان

٦



ساڵی تازە، سیاسەتی تازەتر

٧



لە رۆژی شەهیدان‌دا وەفایەک بۆ ژنانی شەهید

٨



رێکەوتنی رۆژاوا لە گەڵ ئێران

٩

بەیاننامە

## هەڵوێستمان لە بارەی ملڕاکێشانی ئێران بۆ ئیرادەی نێودەوڵەتی لە سەر کەیسی ناوکی

لە ڕۆژانی ٢٦ی مارس تا ٢ی ئاوریلی ٢٠١٥ (٦تا ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٤)و لە درێژەی وتووێژەکانی پێشتری نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و وڵاتانی ٥+١لە سەر کەیسی ناوکیی ئێران، سەرئەنجام لێک تێگەیشتن‌و پێکگەیشتن لە سەر چوارچێوەیەک بۆ ڕێککەوتنی یەکجاری هاتە ئاراوە.

کەیسی ناوکیی ئێران‌و بەرنامەو چالاکییە ناڕوون‌و گوماناوییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەمێژساڵە بووە بە هۆی کێشەو ناکۆکیی نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و ئەو ڕێژیمەو، لەم سۆنگەیەشەوە چەندین بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و زنجیرەیەک گەمارۆی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی، بەرەورووی ئێران کراونەوە کە هەم لە سەر پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و وڵاتانی جیهان، هەم لە سەر ئابووریی وڵات‌و ژیانی خەڵکی ئێران، کاریگەرییەکی حاشالێنەکراویان هەبووە. بەم هۆیەشەوە کە بەردەوامی هەوڵە ناوکییە گوماناوییەکانی ڕێژیمی ئێران‌و چارەسەرنەکران‌و درێژەکێشانی کێشەو ناکۆکییەکانی لە گەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەگەری ڕووبەڕوو بوونەوەی توندترو هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی‌و سەقامگرتوویی ناوچەی لێ چاوەڕوان دەکرێ، وتووێژەکانی نێوان ئێران‌و ڕۆژاوا لە دوای هاتنە سەرکاری حەسەن ڕۆحانی‌و پێکهاتنی جۆرێک گۆڕان لە سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر پرسی ناوکی، هەم لە ئاستی جیهانی‌و هەم لە ئاستی نێوخۆی ئێران‌دا، بووە بە جێگەی سەرنج‌و بایەخپێدان. وەک دیتیشمان لە گەڵ نزیکبوونەوەی دواساتەکانی ماوەی دیاریکراو بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەم وتووێژانە، ناوەندە سیاسی‌و دیپلۆماتییەکانی جیهان‌و میدیاو بیروڕای گشتی، بە شێوەیەکی کەم وێنە سەرنجی خۆیان لە سەر ڕەوتی دانیشتنەکان‌و ئاکامەکانی چڕ دەکردەوە. ئەو وتووێژانە سەرئەنجام پێکگەیشتن لە سەر چوارچێوەیەک بۆ ڕێککەوتنی یەکجارییان لێ کەوتەوە. ئەم پێکگەیشتنە لە گەڵ کاردانەوەیەکی بەرین لە ئاستی جیهانی‌دا بەرەوڕوو بووەو، تا ئەو ڕادەیە گرنگیی پێ دراوە کە بە «هەنگاوێکی مێژوویی» ناوی براوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەو هۆیەوە کە دووکەڵی ئامانجە شاراوەکانی هەوڵە ناوکییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و، شوێنەوارەکانی کێشەو ناکۆکیی نێوان ئەو ڕێژیمەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە پێش‌دا دەچێتە چاوی خەڵکی ئێران، هەموو کات گرنگیی بە ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بەو پرسە داوە. ئێستاش کە پێکگەیشتنێک لە سەر کەیسی ناوکیی ئێران لە نێوان کۆماری ئیسلامی‌و وڵاتانی ٥+١ لە شاری لۆزان ڕووی داوە، بە پێویستی دەزانێ ڕوانین‌و هەڵویستی خۆی لەم بارەیەوە، بەم جۆرە بە ئاگاداریی هۆگران‌و دۆستانی خۆی ڕابگەیەنێ:

ل ٢

## کاردانەوەی ئوسووگەراکان لە ئێران بە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی لۆزان

**ڕێککەوتنی ئێران و وڵاتانی ١+٥ لەسەر چوارچێوەی ئەو بەرنامەی کە بە هەوڵی هاوبەش لە لۆزانی سویس ناسراوە، ڕەخنەی بەشێک لە ئوسولگەراکانی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە.**

ئەوان جێبەجێ نەکرانی ویستی ئێران، واتە هەڵوەشاندنەوەی تەواوی گەمارۆکانیان بە نیشانەی لاوازیی تیمی ئێران لە قەڵەم داوە.

حوسێن شەریعەتمەداری، بەڕێوەبەرو بەرپرسی ڕۆژنامەی کەیهان و لە سیما ناسراوەکانی ئوسولگەراکانی ئێران، دەقی کۆتایی دانووستانە ئەتۆمییەکانی بە «ڕێککەوتنێک لە دوو قۆناغدا» ناوبردوەو بە هەواڵدەریی فارسی ڕایگەیاندووە کە «لە یەک وشەدا دەکری بڵێین ئەسبی زین کراومان داونەتێ و هەوساری پچڕاومان وەرگرتۆتەوە.»

هەروەها ئیسماعیل کەوسەری، ئەندامی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی‌و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیش وێڕای ڕەخنە گرتن لە ڕێککەوتنی لۆزان بە هەواڵدەریی «تەسنیم»ی گوتوە: «ئامریکا لە بەیاننامەی لۆزاندا بە هەموو ویست‌و خواستەکانی خۆی لە دانووستانە ناوکییەکاندا گەیشتووە، بەڵام ئێران بە ویستی سەرەکی خۆی کە هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان بە تەواوییە نەگەیشتوە.»

ئەم نوێنەرە پاوانخوازە وێڕای دانە بەر ڕەخنەی شێوەی کارکردنی تیمی وتووێژکاری ئێران گوتی: «ئێمە چاوەڕوانیمان لە ئامریکاو هاوپەیمانەکانی نییە کە لە بەرژەوەندی ئێمەدا بجووڵێنەوە، بەڵام چاوەڕوانیمان لە تیمی وتووێژکاری خۆمان هەبوو کە لە پێوەندی لەگەڵ دانووستانەکاندا زۆر لێبڕاوانە هەنگاو بنێن.»



# ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی نوێبوونەوەی ساڵ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی نوێبوونەوەی ساڵ بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە کە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، بە ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانو سروودی نەورۆز دەستی پێکردو پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکێش کرد.

کاک خالید عەزیزی قسەکانی خۆی بە ناردنی سڵاو بۆ پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕ دژی داعش لە باشوورو خۆراوای کوردستان، بنەماڵەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسیو پێشمەرگەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکردو ئاوڕێکی لە گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووو؛ هەڵوێستو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات دایەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئاماژە بەوەی کۆماری ئیسلامی لە یەک ساڵی ڕابردووشدا وەک جاران هەوڵی دا بە کەلکوەرگرتن لە زۆر تاکتیکو یەک لەوان سازکردنی قەیران بۆ وڵاتانی دراوسێو درێژکردنەوەی کێشەی ئەتومی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە زۆر پرسو قەیرانی نێوخۆیی دوورخاتەوەو ئێستا هەوڵ دەدا بە وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا ئەو قەیرانە لەسەر خۆی تێپەڕێنێ.

کاک خالید لەو بەشەی قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوەو بۆیەش ئاکامو دەرەنجامی ئەو وتووێژانە هەرچی بێ کاریگەریی لەسەر خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نابێ، بەڵام ئەگەر ئاکامی ئەو دانوستانانە دەرفەتێک بۆ هاتنە بەرباسی پرسەکانی دیکەی خەڵکی ئێران دروست بکا، ئەوا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تواناو زەرفییەتی



ئەوەی هەیە لەو دەرفەتو ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەلک وەرگرێ.

بەشێکی دیکەی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باس لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ برەودان بە شەڕی ئایینی سوونەو شیعە بە قازانجی خۆی لە ناوچەکەدا کردو تیشکی خستەسەر ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت نابێ ببێتە بەشێک لەو کێشەیە. ئێمە ئارەزوومان دەکرد قەت لە ئیسلامدا لە نێوان شیعەو سوننەدا کێشە نەبوایەو خەڵکی موسوڵمان نەبوانە ئامرازو کەرەستە بۆ دەسەڵاتداران تا لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی خۆیان ئەوان بە یەکتر بە کوشت بدەن، بۆیە دەبێ حیزبی دێموکراتی کوردستان و عەقڵییەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وابچێتە پێشێ کە خۆیان لەو کێشەیە بەدوور ڕابگرێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە قوڵبوونەوەی کێشەکانی نێو دەسەڵاتو دەستەوەستانیی دەوڵەتی حەسەن روحانی لە وەدیهێنانی وادەو بەڵێنییەکانی پێش هەڵبژاردنەکانی کردو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەک چۆن لەمساڵدا بە شێوازی جۆراوجۆری خەباتی مەدەنی، خەباتی ژنان، لاوان، مامۆستایان، ژینگەپارێزانو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری پارێزگاری لە مافی نەتەوەیی خۆیاندا بوون، لە ساڵی نوێشدا هەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بۆ بەهێزکردنی هۆوییەتی کوردی، بەهێزکردنی یەکیەتیی کورد تێبکۆشنو بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکەنەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاوڕی لە بارودۆخی سیاسیی کورد لە باشوور، باکوورو خۆراوای



کوردستان دایەو بە بەرزنرخاندنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشوورو خۆراوای کوردستان لە بەرەکانی شەڕی داعشو چوونە پێشێی پرسی ئاشتیو دیالۆگی کورد لە باکووری کوردستان هیوای خواست کە یەکیەتیی ڕیزەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دۆزی کورد چەند هەنگاوێکی زیاتر بباتە پێشێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بەوەی لە ساڵی نوێدا حیزبی دێموکرات جێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ، ئاواتی ئەوەی خواست کە دێموکراتەکان کاتێک بیر لە یەکگرتنەوەی دێموکرات دەکەنەوە، لە بیر دروستکردنەوەی حیزبی دێموکڕاتێکدا بن کە وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانو ئاڵوگۆڕە خێراکان لە ئێرانو ناوچە بێ.

لە برگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەند گۆرانی بە دەنگی شیرین شەریفیو باوان کەریمی پێشکێش بە ئامادەبووان کراو ڕێوڕەسمەکە بە داگیرساندنی ئاگری نەورۆزو شاییو شادیی بەشداران درێژەی پێدرا.

# نەورۆز لە پاڕلمانی بریتانیا بە بەشداریی نوێنەری حیزب

بە دەسپێشخەری سەنتەری پەرەپێدانی کورد لەبریتانیا ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردی لە پاڕلمانی بریتانیا بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا لە بەبەشداریی کۆمەڵێک لە ئەندامانی پارلەمانی بریتانیاو کەسایەتی سیاسی کوردو هەروەها نوێنەری حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو، لە لایەن وتەبێژی سەنتەری پەرەپێدانی کورد لە بریتانیا، ناوی ١٠ کەس خوێندرانەوە کە لە لایەن سەنتەرەوە لەبریتانیا بۆ خەڵات کردن لەبوارە جیا جیاکاندا دەست نیشان کرابوونو خاتوو ئان کلود، ئەندامی پارلمانی بریتانیا، خاتوو تارا جاف هونەرمەندی کوردو خاتوو شایان موفتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سەرکەوتووترین قوتابی چەند کەس لەو هەڵبژێردراوانە بوون کە لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵات کرانو ڕێزیان لێگیرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چەند کەس لە ئەندامانی پارلمانی بریتانیا لە سەر پرسی کورد و خۆراگریو نەخشو ڕۆڵی پێشمەرگە وتاریان پێشکەش کرد.

شایانی باسە کە مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزب کە بەشداری ئەم ڕێوڕەسمە بوو، لە پەراوێزی ڕێوڕەسمەکەدا چاوی بە کۆمەڵێک لە دۆستان بریتانیی گەلی کورد و نوێنەری حیزبو لایەنە کوردیو بیانییەکان کەوت .

# جێژنی نەورۆز لەلایەن یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆڕوێژ

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆڕوێژ، بە بۆنەی جێژنی نەورۆزو نوێبوونەوەی ساڵی نوێ جێژنێکی بەشکۆی بۆ کوردانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە پێک هێنا.

ئەو کۆبوونەوەیە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب لەلایەن کۆرسی یەکیەتیی لاوانو ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو

پاشان پەیامی کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان لە نۆڕوێژ بەم بۆنەیە، لە لایەن نەمام زەرینفام، جێگری بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی ژیان لە نۆڕوێژ پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی کومیتەی یەکیەتیی لاوانی دیموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆڕوێژ لە لایەن بەرپرسی کومیتە، شاخەوان عەبدیپوور بە بۆنەی نەورۆزو ساڵی نوێوە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئە جێژنەدا «ئولە یاکووب فلاتن»، سەرۆکی شارەوانی شێسمۆ کە بەشداری جێژنەکە بوو بە بۆنەی نەورۆزەوە پەیامێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

ئەو گوتی ئێمە دەزانین کە ئێوە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی هەوڵ دەدەن، ئێمەش هیواداریـن و بە هەوڵی هەمووومان ئەو ئاواتە بێنینە جێ.

پاشان گرووپی کۆرسی سروودی یەکیەتیی لاوان بە سروودی « جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە» بە هاوکاری مامۆستا جەلال عەلی پێشکەش کردو کاک هاشم ڕۆستەمی پارچە پەخشانێکی جوانی بە ناوی «خەم و شادی» خوێندەوە و چەندین کۆپلە شێعری بەهاری و نەورۆزی و هەروەها پەیامێک بە بۆنەی ساڵی نوێوە لە لایەن شاعیر بەهەست کامڕان شافعی پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

چەند تابلۆیەکی گرووپی هەڵپەرکێی ڕۆژهەڵات، گۆرانییەک بە دەنگی عەبدوڵڵا شەقازو چەند بەرهەمێکی هونەریی گرووپی موسیقای کرماشانو گۆرانییەکان بە دەنگی شۆڕش بۆکانی و پەیوەند جاف چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

# سەردانی شاندێکی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان لە نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر

شاندێکی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەولێر کرد.

ڕۆژی سێ شەممە ١١ی خاکەلێوەی ٩٤ ( ٣١ی مارسی ٢٠١٥ ) شاندێکی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان بە سەرپرستیی خدر روسی سکرتێری گشتیی بزووتنەوە بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە هەولێر کردو لەلایەن شاندی حیزب بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێرو حەسەن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانەوە پێشوازییان لێ کرا .

مام خدر لەو پێوەندییەدا گوتی کە ئەوانو حیزبەکەیانو بە گشتیی خەڵکی باشووری کوردستان پێشەوا قازی محمد و کۆماری کوردستان بە ملکو شانازیی گەورە بۆ هەموو گەلی کورد دەناسن.

دواتر ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزب لە هەولێر هەڵوێستیی نەتەوەییانەی شاندی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستانی لە ئاست پێشەوا قازی و کۆماری کوردستانی بەرز نرخاند.

# شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی سیوشەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی گەلی کوردستاندا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٣٦مین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی گەلی کوردستاندا بەشداری کرد.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٥شەممە ٢٨ی ڕەشەممە، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستی کەریمی سەقزی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی و هاوڕێتی سیامەکی قەویپەنجە بەرپرسی رادیو دەنگی کوردستان و مەنسووری خوسرەوی و سلیمانی پڕکاڵ لە کادرەکانی دێرینی ڕاگەیاندن و ڕادیۆ دەنگی کوردستان، لەسەر دەعوەتی ڕەسمی ڕادیۆ دەنگی گەلی کوردستان، لە ڕێوڕەسمێک کە بە بۆنەی ٣٦مین ساڵڕۆژی ئەم ڕادیۆیە لە سلێمانی پێک هاتبوو، بەشداریان کرد.

هەیئەتی حیزب لەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای پێشکێش کردنی پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کارگێڕانی ئەم ڕادیۆیە، بە شێوەی ڕاستەوخۆش پیرۆزباییان لە کارگێڕان و کارمەندانی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کرد و سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان بۆ بەئاوات خواستن.

# کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە دانمارک بە دەسپێشخەریی حیزبی دێموکرات

لە سەر بانگهێشتی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک، نوێنەرایەتیی هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی جێگیر لەو وڵاتە، بۆ باسو ڕاوێژ لەسەر دۆخی کوردو ناوچەکە لە دەوری یەک کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسێکی گشتی لە سەر هەلومەرجی ئێستای ئێرانو کوردستانو هەڵوێستی یەکگرتووی کوردو هێزە کوردییەکان لە شەڕی داسەپاوی داعشدا کردو، تیسکی خستە سەر دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامیو خۆشکردنی ئاگری شەڕی مەزهەبیو ژێئۆپۆلۆتیکی لە ناوچەکەدا.

لەو کۆبوونەوەیەدا هاشم ڕۆستەمی، تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسێکی پێوەندیدار بەو بارودۆخی پێشکێش کردو پاش کۆتایی هاتنی باسەکەی حەسەن حاتەمیو هاشم ڕۆستەمی، نوێنەری هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی و سپاس بۆ کۆمیتەی حیزب بۆ پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوەیە، لە باس و پێشنیارەکانی خۆیاندا جەختیان لە سەر پێویستیی یەکیەتی و یەکرێزیی زیاتری گەلی کورد لەو هەلومەرجەدا کردەوە.

شایانی باسە هیز و لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لەو کۆبونەوەیەدا بریتی بوون لە:

پارتی دێموکڕاتی کوردستان ، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ،پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژئاوا، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان (باکور)، یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان و ئینسیاتیفی کورد لە دانمارک

# ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلیوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە شاری «ڤێسترۆس»ی سوئێد

کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری «وێسترۆس»ی سۆئێد ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی خاکەلێوە بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی پێک هێنا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزنان لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو، بەدوای ئەودا، پەیامی کۆمیتەی حیزب لەلایەن مەسعود دیماسی، بەرپرسی تەشکیلاتی کومیتەی حیزب لە شاری ویسترۆس خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا ماموستا عاشق ئیسماعیلی، کادری لەمێژینەی حیزبی دێموکڕات باسێکی لەسەر کەسایەتیی شەهید پێشەوا پێشکەش کردو بە شێعرێکی خۆی لە سەر شەهید، کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی دێمۆکراتی کوردستانوحیزبی شیوعی کوردستان خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن مەحمود هەڵەبجەیی، خوێندنەوەی پەیامی کەمپینی یەکبوون لەلایەن سەید عەلی هاشمی، خوێندنەوەی پارچە هەڵبەستێک لەلایەن هاورێ خالیدو بڵاوکردنەوەی چەند سروودی شۆرشگێری کە لەلایەن فاروق ئیسماعیلی، بەرپرسی تەکنیکی مەراسیمەکەوە ئامادەی کرابوون؛ چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕیورەسمە بوونو لەدرێژەدا، لەوحو شاخە گوڵی ڕێز لێنان، لە لایەن ئەندامانی کومیتەی شاری «ویسترۆس»ەوە، پێشکەش بە بنەماڵەی ١١ شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو شارە کران.

شایانی باسە ئەو ڕێورەسمە بە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان لەلایەن ڕێبوار ئیبراهیم زادە، وەک کوڕی شەهیدکۆتایی پێهات.

# سەردانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بنەماڵەی شەهیدان

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا سەردانی کۆمەڵێک بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خاکەلێوە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی کۆمیتەی بەڕێوەبەریو بە هاوڕییەتی کۆمەڵێک لە ئەندامانو کادرەکانی یەکیەتیی ژنان سەردانی کۆمەڵێک بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و پەیمانو وەفایان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان نوێ کردەوە.

# ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



**حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.**

لەو ڕێورەسمەدا کە ڕۆژی دووشەممە، ١٠ ی خاکەلێوە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندام‌و بنەماڵەی شەهیدانی سەر بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیراو پەیمانی وەفایان لەگەڵ نوێ کرایەوە.

لە یەکەم بەشی ئەو ڕێوڕەسمەدا کە لەسەر گڵکۆی بەشێک لە شەهیدانی حیزبی دێموکڕات بەڕێوەچوو، بە خوێندنەوەی سروودی « ئەی شەهیدان»و دانانی تاجەگوڵ لەسەر مەزاری شەهیدان یادو بیرەوەریی شەهیدان بەرز ڕاگیراو درێژەی ڕێوڕەسمەکە بۆ یەکێک لە ساڵۆنەکانی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب گواسترایەوە.

لە دووهەم بەش لەو ڕێوڕەسمەدا مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتارێکی پێشکێش کرد.

کاک مستەفا مەولوودی لە قسەکانی‌دا بە ئاماژە بەوەی لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا کە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەو لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەو ڕۆژە ناودار کراوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەو بۆنەیەدا پێویستە بە تایبەتی یادی پێشەوا قازی محەممەد بکرێتەوە، چونکە پێشوا هەر ڕێبەرو سەرکردەیەکی حیزبی یان پارچەیەکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو پێشەوا ڕەمزی کوردو قوتابخانەو مەکتەبی کوردایەتی‌و هێزی کوردییەو هەموو قۆناغەکانی ژیانی ئەوە دەخوازێ کە ئێمە لێی فێر بین‌و بیکەینە سەرمەشقی ژیان‌و خەبات‌و تێکۆشانمان.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە کەسایەتیی قازی محەممەد لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا کردو بۆ ئەوەش سێ فاکتی لە زمان سێ کەسایەتیی کورد و بیانی هێنایەوە کە بریتی بوو لە دوکتور قاسملوو، قوتابیی بەوەجی پێشەوا؛ ئارچی ڕۆزوێلت، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا چاوی بە پێشەوا کەوتووەو، محەممەد شەریفی، پارێزەری دیاریکراو لەلایەن حکومەتەوە بۆ پێشەوا قازی محەممەد.

هەر لەو بەشەدا کاک مستەفا مەولوودی بە ئاماژە بە دادگایی کردنی پێشەوا دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هەر لە زمان بیانییەکانەوە باس لەوە دەکا کە ئەوە دادگا نەبوو پێشەوای دادگایی دەکرد، بەڵکوو ئەوە قازی محەممەد بوو کە دادگاو حکومەتی پاشایەتیی پەهلەویی دادگایی دەکردو بە ڕەوایی دان بە خەبات‌و تێکۆشانی کورد حکومەتی ناوەندیی بە خەیانەت لە بەرامبەر کورددا تاوانبار دەکرد.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا بە ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد باسی لەوە کرد کە پێشەوا لە هەموو قۆناغەکانی ژیان‌و خەباتی‌دا هەوڵی داوە چارەسەری پرسی کورد بە ڕێگای وتوویێژو ئاشتی بێ، ئەوەش لە ئیمان‌و باوەڕی قووڵی ئەو سەرچاوەی دەگرت.

باس لە وەسیەت‌و ڕاسپاردەکانی پێشەوا قازی محەممەد تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک مستەفا مەولودی بوو. بەڕێزیان لەو بەشەی قسەکانی‌دا باسی لەوە کرد ئەوەی کە حیزبی دێموکرات لە هەر جێیەک، لە هەر دەرفەتێک‌و لە هەر بۆنەیەکدا باسی یەکیەتی دەکا، باسی یەکبوونەوەی دێموکڕاتەکان دەکا، باس لە تەبایی‌و پێکەوەبوون دەکا هەر هەمووی ئیلهامی لە وەسیەتی پێشەوا قازی محەممەد وەرگرتوە.


خوێندنەوەی چەند سروود لەلایەن کۆڕسی کۆڕی هونەریی حیزب‌و خوێندنەوەی شێعرو تێکستی ئەدەبی بەو بۆنەیە لەلایەن ئەحمەد قادری‌و ئازاد کەریمی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا بەشدارانی ڕێورەسمەکە سەردانی ساڵۆنی شەهیدانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبیان کرد کە بە وێنەی نیزیک بە ٥٠٠٠ شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کورستان ڕازابۆوە.

# پارتی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە سمینارێکی بۆ کاک جەلیل گادانی پێک هێنا

لقی چواری پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە سلێمانی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان سمینارێکی بۆ کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی سیاسیی کوردو تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی سێشەممە، ١١ی خاکەلێوە بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی پارتی دێموکڕات‌و میوان لە بنکەی لقی چوار بەڕێوەچوو، کاک جەلیل باسێکی لەسەر کۆماری کوردستان، دەوری پێشەوا قازی محەممەدو کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان کرد.



کاک جەلیل لە بەشیک لە قسەکانیدا ئاماژەی بە تایبەتمەندییەکانی کۆماری مەهابادو یەک لەوان نەتەوەیی بوونی کۆمار لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی پێشەوا قازی محەممەدی کردو بۆ ئەوەش بەشداریی بارزانییەکان لە دەسەڵات‌و بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستانی بە نموونە هێنایەوە.

تێکۆشەری دێرینی کورد کاک جەلیل گادانی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر تایبەتمەندییەکانی پێشەوا قازی محەممەد، وەک سەرکردەو کاریزمایەکی کوردو بە ئاماژە بە ئازایەتیی بێ وێنەی پێشەوا لە بڕیارە سیاسییەکانیدا، تیشکی خستە سەر دادگایی کرانی پێشەوا.

کاک جەلیل لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە خستنەبەرباسی هەلومەرجی خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان باسی لە پێویستیی یەکڕیزیی کورد کردو بە هێنانەوەی چەند بەشێک لە وەسیەتنامەکەی پێشەوا قازی محەممەد جەختی لەسەر پێویستیی جێبەجێکردنی ئەو وەسیەتانەی پێشەوا لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە پێناو سەرخستنی دۆزی کورد دا کردەوە.

هەروەها ڕۆژی پێنج‌شەممە ١٣ی خاکەلێوە، هەر بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان لە هەولێر سمینارێکی پێکهێناو بەڕێز جەلیل گادانی باسێکی پێشکەش کرد.

# ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە «ستۆکهۆلم»ی سۆئێد

لە شاری ستۆکهۆڵمی سۆئێد بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە بۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی شەممە ٨ی خاکەلێوە لەلایەن کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕات‌و

نوێنەرایەتیی چەند حیزب‌و ڕێکخراوی کوردستانی‌و چەندین کەسایەتی بەرزی سیاسی‌و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانییانی دانیشووتی وڵاتی سۆئێد بەڕێوەچوو، لەگەڵ ئامانجی شەهیدانی ١٠ ی خاکەلێوەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان پەیمانی وەفا نوێ کرایەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب‌و خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن کاک کەماڵ گروێسی، ئەندامی کومیتەی گشتیی حیزب لە وڵاتی سوید دەستی پێکردو بە دوای ئەو دا تەوەرەکانی سمینارەکە بە وتەی پێشەکی بەڕێوەبەری بەرنامەکە سۆران عەلیپوور دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز عومەر شیخ مووس کەسایەتیی سیاسیی کورد بەو بۆنەیەوە باسێکی بەوبۆنەیەوە پێشکەش کرد.



بەڕیز شێخ مووس لە سەرەتای باسەکەیدا وێڕای ناردنی سڵاو بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان باسەکەی بە سەر چەند بەشێک دا دابەش کرد، کە هەرکام لەو بەشانە تایبەت بوون بە قۆناغە جیاوازەکانی کۆمار کوردستان. قۆناغی دامەزرانی کۆماری کوردستان تا ڕووخانی‌و کارتێکەری کۆمار لە سەر تاکی کوردو ئاستی دەسەڵات‌و پەلهاوێژی کۆمار بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و هەموو کوردستانی گەورە بە گشتی‌و، هەروەها هەڵسەنگاندن‌و شۆبهاندنی کۆماری کوردستانی لەگەڵ شۆڕش‌و سەرهەڵدانەکانی پێشووتری کورد چەند سەرەباسێکی بابەتەکەی بەڕێزیان بوو.

شێخ مووس کۆماری کوردستانی بە حکومەتێکی پێشکەوتنخوازتر لە شۆڕشەکانی پێش خۆی‌و تەنانەت زۆر شۆڕش و بزووتنەوەی جیهانیش زانی و هۆکارەکەشی گێڕایەوە بۆ زانایی، خوێندەواری و هاوکات پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتیی پێشەوا قازی محەممەد.

بەڕێز شیخ مووس لە باسی کوردستانی بوونی کۆماری کوردستان ئەو کوردستانیبوونەی کۆماری گرێ دایەوە بە کۆمەڵەی ژێ کاف و پێی وابوو کە کوردستانی بوون‌و هەستی ناسیۆنالیستی بەڕیوەبەران‌و سەرۆکایەتی ژ.ک بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆماری کوردستانیش بە هەمان شێوە کوردستانی بیربکاتەوە و تەنانەت بە کردەوە ئەو ئەرکە گرینگە جێبەجێ بکا.

بەڕێزیان تیشکی خستە سەر ئەوەی کە خاڵێکی دیکەی گرینگ کە لە کۆمارو سەرۆکایەتیی کۆماری کوردستاندا زۆر بەهێز و درەوشاوەیە، ئەوەیە ئەوان ئامادە بوون سەرەڕای هەموو مەترسییەکان، بەڵام لەگەڵ خەڵکی خۆیان بمێننەوە و گەلەکەیان بە تەنیا جێ نەهێڵن، کە سەرئەنجامی ئەو هەڵوێستەیان بەر پەت و سێدارەی دوژمن بوو.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا پەیامی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە خوێندرانەوە کە بەشداری ئەو سمینارە بوون. دوای بە دوای ئەو پەیامانە دەرگای باس خواس و وتوویژ بە ڕووی بەشداران دا کرایەوە و لەو بەشەش دا چەندین پرسیار ئاڕاستەی بەڕێزیان کرا، کە زۆر بە وردی وڵامی دانەوە.

## درێژەی: بەیاننامە

– لە گەڵ ئەوەی هەر دوو لایەنی کێشەکە، لە بارەی زۆر بابەتی گرنگی نێو دەقی پێکگەیشتنەکە، خوێندنەوەو گێڕانەوەی جیاواز لە یەکتریان خستووەتە ڕوو،

– ئەگەر چی قەرارە ڕێککەوتنی یەکجاری لە کۆتایی مانگی ژوئەنی داهاتوودا ئیمزا بکرێ‌و هەتا ئەو کات‌و لە ڕەوتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتنەکە، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی‌و تەنانەت گرتنەبەری ڕەوتی لێک دوورکەوتنەوە هەیە:

لەو باوەڕە داین:

١- ناچار کردنی کۆماری ئیسلامی بە قبووڵی «شفافیت»و چاوەدێریی نێودەوڵەتی لە بارەی نیازو چالاکییە ناوکییەکانی‌و، گۆڕینی ئاراستەی بەرنامەی ناوکیی ئەو ڕێژیمە بەرەو ئامانجی ئاشتیخوازانە، هەر لەو کاتەدا کە گوشاری جۆراوجۆری جیهانی‌و مەترسیی هێرش‌و پەلاماری دەرەکی بۆ سەر ئێران کەم دەکاتەوە، پێشی بە زایەچوونی بەشێکی گەورە لە سەرمایەی وڵات، دەگرێ. لەم ڕوانگەیەوە پێکگەیشتنی ئێران‌و وڵاتانی ٥+١لە سەر کەیسی ناوکی لە لۆزان، لە ڕاستای بەرژەوەندو ویستی خەڵکی ئێران‌و لە ڕاستای کەمکردنەوەی گرژی‌و ئاڵۆزیی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا دەبینین.

٢- سەرەرای هەراوهوریای کاربەدەستان‌و داموو دەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەیانەوێ وا بنوێنن پاشەکشەیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە، پێکگەیشتنی لۆزان بە سەرکەوتنی ئیرادەی نێودەوڵەتی بە سەر ملنەدان‌و خۆبواردنی ڕێژیمێکی هەتا ئێستا لاسارو یاخی لە پەیماننامە جیهانییەکان لە بواری هەستیارو گرنگی ناوکی‌دا دەزانین. لە ڕاستی دا، کۆماری ئیسلامی پاش ئەو هەمووە کەللەڕەقییە لە سەر قبووڵنەکردنی مەرجەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و ڕاکێشانی خەڵکی ئێران بۆ نێو شوێنەوارەکانی چەندین گەمارۆی نێودەولەتی‌و، ئەو هەمووە زیانەی لەو سۆنگەیەوە بە خەلک‌و وڵاتی ئێرانی گەیاندوە، ئێستا ناچار بە قەبووڵکردنی ئەو مەرجانە بووە کە پێشتر خۆی لێ دەبواردن.

٣- ڕێککەوتن لە گەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەر کەیسی ناوکی‌و هەڵگیرانی سزاو گەمارۆ جیهانییەکانی پێوەندیدار بەو کەیسە، ئەگەر لە لایەکەوە دەتوانی لە سەر ئابووریی ئێران‌و ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە شوێنەواری ئەرێنیی هەبێ، لە لایەکی دیکە بە مانای کەمبوونەوەی گوشاری دەرەکی لە سەر خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و دروستبوونی دەرفەت‌و دەستئاوەڵایی هەم بۆ سەرکوت لە نیوخۆی وڵات‌و هەم بۆ مەیدانداری لە ئاستی ناوچەو درێژەدان بە دەستێوەردانی کاروباری وڵاتان‌و پشتگیریی تیرۆریزم‌و توندڕەوییە. ئێمە هیوادارین بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی ناوکی ، دەرفەت بۆ عومدەبوونەوەی پرسی نەبوونی دیموکراسی‌و پێشێلکرانی مافی نەتەوەکان‌و سەرکوتکرانی ئازادییەکان لە ئێران پێک بێ‌و، ئیرادەی نێودەوڵەتی هەر وەک لە بواری ناوکی‌دا توانی ئەو ڕێژیمە ناچار بە چاوخشاندنەوە بە سیاسەت‌و هەڵوێستی خۆی‌دا بکا، لەم بوارەش‌دا بە هانای خەڵکی ئێرانەوە بێ‌و کۆماری ئیسلامی، ناچار بە گۆڕینی سیاسەت‌و ڕەفتاری خۆی بکا.

٤- کۆماری ئیسلامی لە ترسی تەقینەوەی ناڕەزاییەتییە نیوخۆییەکان‌و بۆ دەربازبوون لەو قەیران‌و گوشارانەی لە درێژەی پیداگری لە سەر سیاسەتێکی چەوت تووشی خۆی‌و خەڵکی ئێرانی کردوە، ملی بۆ ئیرادەی نیودەوڵەتی ڕاکێشاوە. ئەم پاشەکشەیە، هەلومەرج‌و دەرفەت‌و بەستێنی جۆراوجۆری سیاسی بە دوای خۆی‌دا دێنێ کە هێزو لایەنە سیاسیە ئازادیخوازەکانی ئێران، چ ئەوانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی لە مێژینەی کۆماری ئیسلامین‌و، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وڵات‌و لە چوارچێوەی یاساکان‌و حاکمییەتی ئەو ڕێژیمەدا، بۆ هەلومەرجێکی سیاسیی باشتر تێ‌دەکۆشن، پێویستە بۆ وەڕێخستنی خەباتێکی گشتی، بەرین‌و شێلگیرانە بیانقۆزنەوە.

٥- خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی مافەنەتەوەییەکان‌و بۆ جێگیر کردنی دیموکراسی لە ئێران، زۆر پێشتر لە سەر هەڵدانی کێشەی ناوکیی ئێران‌و ڕۆژاوا، تەنانەت زۆر زووتر لە هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە هەبووە. ئەگەر چی گوشاری دەرەکی‌و هەڵوێستی لیبراوانەی کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاست لاسارییەکانی ئەو ڕێژیمەمان هەموو کات بە فاکتەرێکی ئەرێنی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان‌و ئیران دژی ئەو ڕێژیمە زانیوەو دەزانین، باوەڕمان وایە بەردەوامیی ئەو خەباتە لە گرەوی وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەباتی خەڵکی ئێمە دایە نەک جۆری ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە سەر پێوەندییەکانی ئەو ڕێژیمەو وڵاتانی جیهان‌دا دێ. لەم ڕوانگەیەشەوەو لە پێناوی بەردەوامی‌و بەرەوپێشبردنی زیاتری خەباتی ئازادیخوازی،بە دەرفەتی دەزانین جارێکی دیکە لە سەر هاوکاری‌و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئێران پێ دابگرینەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٥/٤/٥**
**(١٦ی خاکەلیوەی ١٣٩٤)**

# سمینارێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە وڵاتی دانمارک

کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٦٨ ساڵەی شەهیدبوونی پێشوا قازی محەممەد سمینارێکی پێکهێنا.

ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و قسەکانی کاک خالید ڕەواندووست، ئەندامی کومیتەی گشتیی حیزب لە دانمارک دەستی پێکردو پاشان کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی قازی محەممەد لە ڕووداوەکانی پێش کۆمار، کۆمارو دوای کۆماردا پێشکێش کرد.

کاک حەسەن لە باسەکەیدا بە خستنە بەرباسی ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد،ی لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات‌و کۆماری کوردستان‌و ئاماژەی بە وتە بەنرخ‌و ڕێنوێنییەکانی پێشەوا لە سەر ماف‌و داوای ڕەوای گەلی کورد کرد.

کۆڕگێر لەگەڵ باس کردن لە دۆخی ئەو کاتی ئێران‌و کوردستان و ڕۆڵی پێشەوای کورد و کۆماری کوردستان بەراوردی نێوان کۆماری ئازەربایجان‌و کۆماری کوردستان‌و ڕێبەرانی ئەو دوو کۆمارەی کردو تیشکی خستەسەر لە خۆبردوویی و گیانبەخت کردنی سەر کۆماری کوردستان. حەسەن حاتەمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا باسی وەسیەتنامەی پێشەوا قازی محەممەدی کرد، کە لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا داوای یەکیەتی‌و یەکڕێزی لە کورد کردووەو تیشکی خستە سەر گرینگی و زەرووڕەتی بە کردەوە کردنی وەسیەتنامەی پێشەوا لەم هەلومەرجەی ئێستا دا.



بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزب ڕێکخراوو لایەنە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان‌و کۆمەڵێک لە کوردستانیانی نێشتەجێی دانمارک‌و هەروەها ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری ئەو سیمینار بوون‌و لایەنە بەشدارەکان بریتی بوون لە:

پارتی دێموکڕاتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژئاوا، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان (باکوور)، یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان، ئینسیاتیفی کورد لە دانمارک

شایانی باسە بەشی کۆتایی سیمینارەکە تەرخان کرا بۆ سەرنج‌و پێشنیارو پرسیاری بەشداران کە دواتر وەڵامی پرسیارەکان لەلایەن کۆڕگێرەوە درانەوە.

### وتووێژی تایبەتی «کوردکاناڵ» لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# لەسەر پرسی دێموکراتەکان و داهاتووی حیزبی دێموکرات

**پ: لە پەیامە نەورۆزییەکەی دا، جەنابت زۆر گرینگیت بەو بەشە لە پەیامەکەت دا کە تایبەت بوو بە داهاتووی حیزبی دێموکرات و ئاماژەت بەوە کرد کە لە ساڵی ٩٤دا حیزبی دێموکرات جێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ و، ڕوو بە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کۆمەڵە چاوەڕوانییەکت باس کرد. گرنگیی ئەم پەیامەی جەنابت و هۆکاری ئەوەی جەنابت لە دەسپێکی ساڵی نوێدا ئەم باسەت ورووژاند، چیە؟**

**وەڵام:** گرینگییەکەی لەوەدایە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم حیزب بووە کە بە شێوەی مۆدێرن لەنێو جوڵانەوەی کورددا دامەزراوە. یەکەم حیزب بوو کە ئیفتیخاری ئەوەی پێبڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یەکەم حیزب بوو کە لەودا سەرۆک کۆماری کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆمار سەرۆکی حیزبی دێموکراتیش بوو. ئەوەندەی ئاوڕ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەیەوە، لە هێما نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، لە کۆمارەوە بگرە هەتا ئاڵا، هەتا ناوی پێشمەرگە، هەتا دروستکردنی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی، بەشێکی زۆری حیزبی دێموکرات کاری بۆ کردووە و پێیەوە ماندوو بووە و هێناوییەتە مەیدانی خەباتی سیاسی و تێکۆشان، و ئەو حیزبە ئیفتخاری خەڵکێکی زۆر بووە کە تێیدا لە خەبات و تێکۆشان، بەشدار بوون. بەشێک زیندانییان لەسەر چێشتووە، بنەماڵەیەکی زۆر شەهیدیان بۆ داوە و خەڵکێکی زۆر لێی فێر بوون، هەر بۆیە ئیعتبارێکی جەماوەری بەهێزی هەیە لەنێو کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە خۆشییەوە واشی سیاسەت کردووە بە بەراوەرد لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە، ڕاستییەکەی گلەیی کەممان لەسەرە. بەڵام ئەو حیزبە بە هەموو ئیفتخاراتی خۆی، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و قوربانییەکانی ئەگەر تۆ ئاوڕ دەدەیەوە بەتایبەت بە مێژووی پەنجا ساڵی ئەخیردا، لەنێو خۆماندا حیزبێکی پڕموشکیلە بووین، حیزبێکی پڕ کێشە بووین، حیزبێک بووین ئینشیعاب و لێکدابڕان و لەگەڵ یەک نەحاوانەوە و لەتبوون و کێشەیەکی زۆری نێوخۆییمان بووە و، جاروبار بەداخەوە چەندوچۆنی ئەو کێشانە، لە زمانی کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتیش وای باس کراوە ڕەنگە زۆر کەس کە تەمەنێکی زۆری لە حیزبی دێموکراتیش تێپەڕ کردووە، ئەو جێگایەی پێویستە لە حیزبایەتی پێی بدەن، پێی نەدراوە. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرینگە کە لە پەیامە نەورۆزییەکەشدا ئاماژەم پێدا، ئەوەیە؛ بۆ ئێمە وەک حیزبی دێمۆکرات، هەر دوو لای دێموکرات و ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو بەشەوە، کە بەرەو یادی حەفتا ساڵەی خۆمان دەچین، ئەگەر خەڵکیش پرسیارمان لێنەکا ئەدی لەو حەفتا ساڵەدا چتان کردووە، چۆنتان سیاسەت کردووە، چۆن کێشەکانتان چارەسەر کردووە، چۆن لە سەردەمی ئێستادا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نازانین چی لێدێتەوە، سیناریۆی ناڕوون زۆر ڕوودەدا، هەر ڕۆژێ شتێک دێتە پێشێ، ئەی چۆن وڵامی ئەوانە دەدەنەوە لە داهاتوودا، حەق وایە ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هەر دوو بەش بڵێین ئەرێ ئێمە ئەو حیزبە چۆن تەیار دەکەین، چۆنی ئامادە دەکەین کە وڵامدەری ڕوداوەکان لە ناوچەکە و ئینتزاراتی کۆمەڵانی خەڵک لەنێو خۆی وڵات بێ. بەو دەلیلە لەڕوانگەی منەوە زۆر گرینگە، زۆر موهیمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا ئێمە چۆن لە خەبات و تێکۆشان شەهامەتمان بووە، ئێمە تەنانەت ڕێبەرانی خۆمان لەو مەیدانەدا لەدەست داوە، لە پێداچوونەوە بە خۆمان، لە ئاماژەدان بە هەڵە و ئیشتیباکانمان، لە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانمان، لە ئاماژەدان بەو شوێنانەی کە ئێمە بە کارو کردەوەی خۆمان هۆیەک بووینە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەحدەتی تێدا نەبێ یان نەمانتوانیوە بەیەکەوە کار بکەین، بە ئاماژە بەوانە وردەوردە دوای حەفتا ساڵ، حیزبی دێموکرات بەرەو ئەوە ئامادە بکەین کە وڵامدەری ئەو ئینتزاراتە بێ و لەو پەیوەندییەدا ئەوەی بەلای منو بەلای ڕێبەریی ئێمەوە گرنگ بوو، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بوو بۆ چارەسەریی کێشەی دێموکراتەکان.

**پ: لە حالێکدا جەنابت ئەو چاوەڕوانییانە لەلای ئەندامانی هەر دوو لای دێموکرات ساز دەکەی و باس لە چاوەڕوانیی خەڵک دەکەی، ئێستا نزیک بە هەشت ساڵە حیزبی دێموکرات لێکدابڕانی تێدا ڕووی داوە و ئێستا دوو دێموکڕات هەیە و ئێوە زیاتر لە سێ ساڵە لە دیالۆگ و وتووێژ دان بۆ چاردسەری ئەم گرفتە. تا ئێستا چتان کردووە و بە چ ئاکامێک گەیشتوون؟**

**وەڵام:** وڵامی یەکەمی پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە کە تا ئەو لەحزەیەی لێرە لەگەڵیەک دانیشتووین، دەکرێ بڵێم بەداخەوە ئێستا بە بونبەست گەیشتووین. لە ڕوانگەی منەوە لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو بەشەی کە کاک مستەفا هیجری سکرتێرییەتی، ئەوان بە بونبەستیان گەیاندووە. جا ئەمن تێدەکۆشم بچمە نێو تەفاسیل و جوزئیاتی ئەوەی بۆ ئاوای لێهات. ئێمە چمان کردووە، ئەوان چۆنیان وڵام داوەتەوە، ئێمە چۆنمان هەوڵ داوە، چ جوابێکمان لەوان وەرگرتۆتەوە، ئێمە چ گەڵاڵەیەکمان هێناوە، ئەوان چیان کردووە و بۆچی ئاوای لێهات.

پێشەکی لەتبوون و ئینشیعاب، لێک جیابوونەوە، هەرچییەکی بێ، لە مەرحەلەیەکدا کە پێکەوە کار ناکرێ، وای لێدێ، لێک جودا دەبنەوە. قەتعەن وەسەریەک کەوتنەوە زەحمەتترە.



لێکدابڕان ئاسانترە، ئەو لایەنەی هەوڵ دەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە، دەبێ ئەو ئیستیعداد و ئامادەگییە لەخۆیدا پێک بێنێ کە گوزەشتی زۆر بێ. کە کاتێک بیر لە ڕێگەچارە دەکاتەوە، زۆر خۆی چەقبەستوو نەبینێ لە کێشە مێژووییەکاندا. زۆرتر ئەو یەکگرتنەوەیە وا چاو لێ بکا، زەرورەتێکە بۆ داهاتوو و جیددیش بۆی بچێ. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەژێر ڕووناکایی ئەو خوێندنەوەدا کارمان کردووە کە ڕێگەچارەیەک ببینینەوە. پاش ئەوەی کە ڕەوابیتی هەردوولا عاددی بۆوە، ئیدی وردەوردە زەمینەی ئەوە دروست دەبوو کە ئێمە بتوانین لەگەڵ یەک دابنیشین و موزاکرە بکەین. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا من لێرە ئاماژەیان پێدەکەم، زۆربەی زۆری ئیبتیکارەکان لەلایەنی ئێمەوە بووە. سێ جار من بۆ خۆم هەوڵم داوە، لە دەرگای ئەم و ئەوم داوە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە کاک مستەفای هیجری بێنم بەیەکەوە دابنیشین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک. جاری یەکەم داوام لە دۆستێک کرد هەردوولامان میوانی بووین. لەوێدا باسێکی زۆرمان کرد، ئەو کێشانە لە ڕابردوودا هەرچییەکی بووە، سیاسەت کێشەی تێدا هەیە، لێکدابڕان هەیە، بەڵام ئێستا با ئامادە بین حەللێک ببینینەوە. پاش ماوەیەکی دیکە کونسوڵی فەڕەنسا سەردانی ئێمەی کرد، میوانی ئێمە بوو، بە حوکمی ئەوەی دۆستی دێموکراتە، لە قەدیمەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبووە. ئەوەش بەشێکی بەرهەمی کار و تێکۆشانی دیپلۆماسیی دوکتۆر قاسملووی نەمرە لە پاریس، ئەو داوای کرد کە چۆنە ئەمن دەعوەتتان بکەم بەیەکەوە دابنیشن. گوتم جا دۆستێکی وەک ئێوە داوا لە دێموکرات بکا، قەت ناڵێین نا. لەگەڵ کاک مستەفا هیجریش پێوەندی گیرا، لە کونسوڵی فەڕەنسا دانیشتین. لەوێدا کە ئەو بەعسانەمان کردەوە، هەر دوو لامان هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە بەڵێ بەدوای ئەوەدا دەڕۆین کاری لەسەر دەکەین وتووێژ و گفتوگۆ بکەین و چارەسەری بکەین. تەنانەت کونسوڵی فەڕەنسا گوتی ئەگەر ناشتوانن یەک بگرنەوە، وەک دوو حیزب کار بکەن. گوتمان نا، ستراتیژی ئێمە یەکگرتنەوەیە. بۆ یەکگرتنەوە کار دەکەین. گوتی زۆر باشە. بەدوای ئەوەدا کۆمەڵێک دانیشتن و موزاکرات هاتەگۆڕێ. ئێمە گەڵاڵەیەکمان ئامادە کرد. گەڵاڵەی ئێمەدا باس لەهەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا، ئێمە گەڵاڵەکەی خۆمان کە نەتیجەی گفتوگۆ و موزاکرە لە کۆمیتەی مەرکەزی و ڕیزەکانی خۆمان و مەشوەرەت لەگەڵ ئەندامانی خۆمان و چەندین جار پێداچوونەوە و قسە لەسەرکردن بوو، هێنامانە پلێنۆم، لە پلێنۆمدا پەسەند کرا، پلێنۆم دایەوە بە دەفتەری سیاسی، دەفتەری سیاسیش پێشکەش بەو هاوڕێیانەی کرد. ئینتزارمان دەکرد ئەوان ئەو گەڵاڵەی ئێمە وڵام بدەنەوە. سەرەنجام کە داوامان لێ کردن، ئەوان بەشێوەی شەفایی گوتیان ئێمە موافقی ئەو گەڵاڵەیە نین. گوتمان باشە بە کەتبی وڵاممان بدەنەوە، موافقی چن بینووسن، بڵێن ئەو بەشە لە گەڵاڵەکەمان قبووڵە، ئەو بەشەمان قبووڵ نیە. لێرە خاڵی هاوبەشە، لێرە ناکرێ سازشی لەسەر بکەین، لێرە دەکرێ سازشی لەسەر بکەین، بەسوڕەتی کەتبی هیچ وڵامێکی ئێمەیان نەدایەوە. دیسانەکە ئێمە خەبەرمان لێ ناردنەوە، ئێوە گەڵاڵەی خۆتان بنووسنەوە بۆمان بێنن. جارێک هەروا شەفایی کە هاتبوون، گەڵاڵەیەک کە توافقی تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو بوو، ئەویان هێنابوو. لەحاڵێکدا ئێمە هەردوو لامان پێمانوابوو کە تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو نەقسی هەبووە، کامیل نەبووە، هەردوولا باش موتەعەهید نەبوون، بەباشی ڕووحی یەکگرتنەوە بەسەر دروستکردنەوەی ئەو وەختی حیزبی دێموکراتدا زاڵ نەبووە، دوایە ئەو کێشانە هەر ئیدامەی پەیدا کردووە، لە حەددی خۆیدا بە شێوەیەک زەمینەی بۆ کێشەکانی کۆنگرەی سێزدەش دروست کردووە، دەی باشە گەڵاڵەیەک کە سووەفەق نەبووە، چۆن دەتوانێ ببێ بە ڕێگاچارە. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەکی دیکە ئەوان هەر وڵامیان نەبوو. ئێمە بۆخۆمان لە دەفتەری سیاسی باسمان کرد لەو دواییاندا کە حەللێک ببینینەوە. داوایان لێ بکەین بە شەفاییش بێ قسەی خۆیان بکەن. دەنا لەڕاستیدا ئەوان لەلایەن خۆیانەوە شتەکەیان کۆتایی پێهێنابوو. نە خەبەریان لێ دەناردینەوە، نە داوایان دەکرد، نە دەیانەویست لەسەر گەڵاڵەیەک قسە بکەن. وابوو دەفتەری سیاسی داوای لە من کرد کە بۆ جاری سێهەم ئەوجار، چونکە جارەکانی پێشووش هەردووک جارەکان ئەمن ئیبتیکاری تەماس گرتن لەگەڵ کاک مستەفای هیجریم کردبوو کە بەیەکەوە دابنیشین حەللێک ببینینەوە. ئەمجارەش داوام لە کاک مستەفا کرد کەبەیەکەوە دابنیشین، با ئەو شتە بە بونبەست نەگا، لە مەرحەلەیەکی دیکە دەست پێبکەینەوە، ئەمن گوێت دەدەمێ، دووبەدوو قسەی لەسەر دەکەین، چۆن دەتوانین مودیرییەتی دەفتەری سیاسی هەردوولا بکەین بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک. ئێمە کە دانیشتین دەوری سێ چوار مانگ پێش ئێستا بوو. گلەییم لێکرد گوتم ئێوە ئەو گەڵاڵەیەتان قبووڵ نەکرد، دەبا وڵامێکتان دابایەوە، دەی باشە ئەو گەڵاڵەی ئێستاش لای کومیتە مەرکەزی ئێمە ماوەتەوە، ئەو گەڵاڵەیە وەلا دەنێین، بزانم حەللەکەی ئێوە چیە. من چەند پێشنەهادم پێکرد. لە سیاسەت و لە کێشەی حیزبەکاندا زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە شەڕ لەسەر دەسەڵاتە، تەبیعیشە لە دەسەڵاتدا شەڕی دەسەڵات هەیە، من هەر لەو پێوەندییەدا بۆوەی من کۆمەکم کردبێ بەوەی کە حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتبێتەوە، قەتعەن کاتێک باسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەکرێ، دەڵێن ئەدی خالیدی عەزیزی سکرتێر دەبێ یان مستەفای هیجری، کێهەیان سکرتێر دەبێ، لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوولامان دەمانەوێ هەردوولای حیزبی دێموکرات وەسەریەک خەینەوە بچینە کۆنگرەی حیزبێکی واحید، هەتا کۆنگرە جەنابت سکرتێری هاوبەشمانی، ئەمنیش لە خزمەت ئەو حیزبەدا دەبم لە هەر شوێنێک کارم پێبسپێرێ. ئەوە بە نیسبەت خۆمەوە، ئەووەڵ کەس من لەخۆمەوە دەست پێدەکەم. دوایەش ئێوە حەساسییەتێکی بێجێ و نادروستتان لەسەر ناو هێناوەتە گۆڕێ، ناوی ئێمە و ناوی ئێوە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتە، ئینکار ناکرێ. بەڵام بۆوەیکە دیسان ئێمە ئیمتیازێکی دیکەش بدەین، شانسێکی دیکەش بدەین بە ئێوە، چۆن من بۆ خۆم شانسێک دەدەم بە تۆ، لەو پەیوەندییدا لە دەورانی سکرتێریی جەنابت حیزبی دێموکرات لەت بوو، ئەوە من مووددەعی پۆستی سکرتێری نیم ئەوە جەنابت دەبی بە سکرتێر، لێرە شانسێکی دیکەش دەدەین بە یەکگرتنەوەی ئەو حیزبە، ئێمە ئامادەین لەژێر نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ ئێمە هێڵی سوور نیە، لە کۆنگرەی سێزدە کە ئێمە و ئێوە دەنگمان پێداوە، ئەو دەکەین بە مەبنا، بەڵام مەجموعەیەک ژێرمەجموعەی دەبێ، مەجموعەیەک میکانیزمی دەبێ، قەیناکا با ئەوەش ئاوا بێ. گوتی دەی زۆر باشە هەردووک لامان دەیبەینە دەفتەری سیاسی. لەو دانیشتنەدا لای خۆم من وام تەسەوور دەکرد ئێمە هەنگاوێکی زۆر ڕۆیشتووینە، هەر ماوەتەوە لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی لێ بکەین و وردەوردە بەدوای وردەکارییەکانی ئەوەدا بڕۆین تا چووین لەگەڵ ئەواندا کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیمان کرد.

**پ: کاک خالید، دوای ئەو هەیئەتانەی پێکەوە موزاکرەیان دەکرد، دواتر گەشبینیەک دروست بوو کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەردوولا پێکەوە دادەنیشتن و تەنانەت بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە مساحیبەیەکدا باسی ئەوەی کرد چاوەڕوانی هاتنەوەی جەنابتن کە ئەوکات بە سەفەرێک لە ئورووپا بووی، ئەوە کە دێیەوە و تەنانەت ئەو گەشبینیەی بە خەڵک دا کە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر بووە و چاوەڕوانی ئەوەین کە بەڕێز کاک خالید بێتەوە. دوای ئەوەی ئێوە دانیشتن لە دەفتەری سیاسی، بەڵام تا ئێستاش هیچ ئاکامێک دیار نیە، ئەو دانیشتنە بەکوێ گەیشت؟**

**وەڵام:** بەڵێ من و کاک مستەفا کە لەگەڵ یەک دانیشتین، هەردووک لامان، لانیکەم ئەمن بۆخۆم خوێندنەوەکەم وابوو کە بەو ڕوحیاتەوە دەچینە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی هەردوولا و لەوێدا دەفتەری سیاسی هەردوولا و هەیئەتەکانمان ئەرکدار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەوە. لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی کە ئەو مەوزووعە باس کرا، گوتمان کۆمەڵێک میکانیزم دەتوانێ کۆمەک بەوە بکا. ئێمە کە گوتمان ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێڵی سوور نیە، نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ ئێوە هێڵی سوور نیە، بەڵام هیچ ئیشکالی نیە دەڵێین نێوەکە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، با بزانین ئێستا ئێمە کێ تێکەڵ دەکەینەوە، ئەو خەڵکە کێیە. چۆن بەرەو ئەوە بڕۆین لە ئیشتباهاتی پێشوو دەرس وەربگرین. بنەمای یەکگرتنەوەیەک دابنێین کە نیگەرانیەکانی هەردووک لامان بەرتەرەف بێ و دوایە بە دڕدۆنگی لەگەڵ یەک کار نەکەین. ئێمە پێشنەهادمان پێکردن، دەی باشە هەردوو باڵی دێموکرات یەک دەگرینەوە، هەردوولای دێموکرات یەک دەگرینەوە، دێموکراتەکان یەک دەگرینەوە، هەمووی ئەوانە لەڕوانگەی ئێمەوە هیچ ئیشکالی نیە، چون هەردوولا دەگرێتەوە. هەروەها لەوانە گرنگتر ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەشت ساڵە مێژووی خۆتان هەیە، لە ئیدامەی مێژووی پێشووتان، ئێمەش مێژوویەکی جیاوازمان هەیە لە ئیدامەی مێژووی پێشوومان. چۆن وابکەین هەردووک لا بەقەناعەتێک بگەین مێژووی هەردووک لامان مێژووی هەموو لایەکمانە و هەردوولا لە کاتی پێویست موراجیعەی پێدەکەین، بۆوەی ئەو خەڵکە خۆی لە حیزبی دێموکراتی واحید و یەکگرتوو لە داهاتوودا ببینێتەوە. ئیحساس نەکا موعامەلەکە یان یەکگرتنەوەکە جۆرێک بووە لایەک لە پەراوێز کەوتووە، لایەک وەلانراوە، لایەک خودییە و لایەک غەیرە خودییە. ئێمە ئەوانەش پێشنەهاد دەکەین. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر بۆخۆشتان لە پلێنۆمەکەی پێشوودا باستان کردووە، کۆنگرەی هاوبەش، ئەو دوو بەشە کێن؟!، دەی ئەو دوو بەشە دوو لایە. بۆ ئەوەی ئێمە واریدی ئەو خانەیە بین، شتی ڕەوانی بڕەوێتەوە، لەو شتانە کە زۆرتر ئی سەردەمی لێک تووڕە بوونە، چەقبەستوو نەبین ئەوەیە کە «هاوڕێیانی پێشوو» و شتی وا وەلا دەنێین، هەردووک لامان دەڵێین دێموکراتەکان، هەردووک باڵی دێموکرات یان دێموکراتەکان بەیەکەوە. کاتێک باسی ئەوانەمان کرد، گوتیان ئێمە لە دەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، ناتوانین لێرە بڕیار بدەین دەبێ بیبەینەوە پلێنۆم، لەحاڵێکدا ئێمە لە دەفتەری سیاسی خۆمان بڕیارمان دابوو و ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی و ئەندامی خۆشمان هەبووە گلەیی لە ئێمە کردووە، گلەییان لە خۆم کردووە ئەدی تۆ بۆ وات بە کاک مستەفا گوتووە کە ئەمن نابم بە سکرتێر جەنابت ببێیە، ئەوە کۆنگرەی هاوبەش لە داهاتوودا تەسمیم دەگرێ، گوتومە هیچ ئیشکالی نیە. تەنانەت گلەییان لێ کردووین بۆ گوتوتە نێوی حیزبی دێموکرات هێڵی سوور نیە، ئێمە گوتومانە ئەگەر دڵسۆزانە و مەسئولانە بەرەو چارەسەر بڕۆین، لە موزاکراتدا ئەو شتانە هەیە و بۆ ئێمە موهیمە هەردوولامان وەسەرێک کەوینەوە و دوایە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەوان گوتیان ئێمە لەدەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە بڕیار بدەین، دەبێ ئەوە بەرینە پلێنۆم. ئێمەش گوتمان هیچ ئیشکالی نیە. قەراریش درا هەرکات ئەوان پلێنۆمیان گرت، بە چاک و بە خراپ، کە ئێمە ئینتزاری باشمان دەکرد، وڵامەکە لە ئێمە دەنێرنەوە، بیلافاسیلە ئێمە لە دەفتەری سیاسییەکان دادەنیشینەوە و هەیئەتەکان دادەنێین و حەتتا هەردوو لامان، لانیکەم من خۆشبین بووم، بەڵکە لە ڕۆژی نەورۆزدا پەیامێکی باشمان هەبێ یان ئەوەکە لە حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا بەیەکەوە ئەو خەون و ئارەزوانەی کە هەموو لایەکمان هەمانە، حیزبی دێموکراتێکی بەقووەتمان بەبێ، لەوێڕا دەستی پێبکەین و دروستی بکەینەوە. بەڵام بەداخەوە کاتێک ئەوان ماوەیەک پێش ئێستا پلێنۆمیان گرت، ئێمە هەر چاوەڕوان بووین و چاوەڕوانیمان دەکرد وڵامێکی باش بێتەدەرێ، یەکەم هەر قسەی جاران بوو، «هاوڕێیانی پێشوو»، دەتگوت لەو کۆبوونەوەیەدا نە من لەگەڵ کاک مستەفا دانیشتووم و نە هیچم گوتووە و نە هیچ

←

تەوافقێکمان هەبووە و نە دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتووین. بۆیە ئێمە بەوە نارەحەت بووین و پێمان وابوو ئەوان لەژێر پێی ئەو بەحسانە چوونەتەدەرێ. نەدەبا ئەوەیان کردبایە، بەڵکو لە پلێنۆمدا دەبوو ئەوەیان پەسند کردبایە و زەمینەیان ساز کردبایە بۆ دانیشتنەکانی دیکە. دوای ئەوەش لەباری تکنیکی موزاکرات و گفتوگۆ، ئاخر دوو لایەن دادەنیشێ، لایەک دەڵێ مونتەزیر دەبم لایەکەی دیکەش دەڵێ وەڵامت لێ دەنێرمەوە. تا ئێستاش بە چاک و بە خراپ وڵامیان لە ئێمە نەناردۆتەوە. ئەدێ ئێمە دوو دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتین، کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئەوەش نەتیجەکەی بوو هاوڕێیان، ئەوەی ئێوە دەڵێن ئێمە موافقی نین. لانیکەم وڵامیان دەدایەوە، تا ئێستاش نە بە نووسراوە نە بە قسە، نەیانگوتوە ئەدی ئێمە بڕیارەکەمان ئەوە بووە؛ بەڵام نەتیجەی پلێنۆمەکەی ئەوان نەتیجەیەکی باش نەبوو و لەگەڵ ڕوحییاتی ئەو قسانەی من و کاک مستەفا کردمان و شۆڕمان کردبۆوە خوارێ، لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی کرابوو، بە هیچ جور لەگەڵ ئەوە نەدەهاتەوە. بۆیە لەڕاستیدا ئەوان بەو هەڵوێستە دەکرێ بڵێم پرۆسەکەیان بە بونبەست گەیاند، دەنا بەو ئیبتکاراتەی ئێمە هەمانبوو و ئەوانیش ئیستعدادێکیان نیشان دابوو، یا مەرحەلەیەک ئێمە چووبووینە پێشێ.

**پ: لەدوای دانیشتنەکەی هەر دوو دەفتەری سیاسییەوە تا ئێستا ئێوە هیچ پێوەندییەکتان پێوە نەبووە، نامەیەک لەلای ئێوەوە بچێ بۆ ئەوان یان هی ئەوان هاتبێ، یان جەنابت لەگەڵ کاک مستەفا کۆ ببیتەوە، هیچ شتێک نەبووە؟**

**وەڵام:** دوای پلێنۆمی ئەوان کە هیچ خەبەرێکیان لە ئێمە نەناردەوە و ئێمەچاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، نا، ئێمە پێوەندیمان نەکردۆتەوە. بەڵام هەموو جارێ ئێمە کردوومانە؛ من دوو نموونەت بۆ دێنمەوە: لە ساڵانی پێشووشدا لە تەنیشتی ئەوەی موزاکراتمان دەکرد و لەگەڵ یەک دادەنیشتین، هەوڵمان دەدا بەعزە حەللێک بێنینە گۆڕێ، بە موازاتی ئەو موزاکراتانە ڕیزەکانی خوارەوەش کاری هاوبەوش بکەن، ئێمە لە ئورووپا و ئەمریکا و لێرە بە هەموو ئۆرگانەکان و موئەسساتی حیزبی و کومیتەکانی خۆمانمان گوتبوو پێشنەهادیان پێ بکەن بۆ هاوکاری بە موناسیبەتە جۆراوجۆرەکان، خەڵکەکە کۆ بێتەوە لە دەوری یەک بێ و لەوێڕا وردەوردە زەمینەی ئەو شتانە دروست بێ. هەر لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە، ساڵی ڕابردوو، دوو ئەندامی کومیتە ناوەندی خۆمان ناردۆتە لای سکرتاریای ئەوان، داوامان لێکردوون بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان، با بەیەکەوە لەسەر گۆڕستانی هاوبەشی دێموکراتەکان کۆ بینەوە و ڕێزیان لێ بگرین، ئەوە سەرەتایەک بێ، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لە وڵاتانی دەرەوە زۆر زۆر بووە، ڕەدیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لێرە زۆرزۆر بووە، ڕەتیان کردۆتەوە. گوتومانە بە موناسیبەتی یادی دوکتۆر قاسملوو، یادی دوکتۆر شەرەفکەندی، یادی پێشەوا، لەو کارانەدا وردەوردە دەست پێبکەین، لە دەوری یەک کۆ بینەوە، بەڵکە جەوهەری ئەو یادانە هاندەرێک بێ بە لەحازی ڕووحی و ڕەوانی، ئێمە خۆمان لەگەڵ یەک ببینین، هەمووی ئەوانەیان ڕەت کردۆتەوە. هەر لەماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا کە تەلەویزیۆنەکەیان بەداخەوە داخرا، ئێمە لە دەفتەری سیاسی نامەیەکمان بۆ ئەوان ناردووە، لە نامەکەدا گوتوومانە ئێستا کە تەلەویزیۆنەکەی ئێوە داخراوە، ئێوە دەتوانن لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ ئیستیفادە بکەن. بۆیە لەو پێوەندییەدا ئێمە ئامادەین لەگەڵتان دابنیشین، تا تەلەویزیۆنەکەی خۆتان دەست بەکار دەکاتەوە، بەرنامەکانتان ئەوەی پێویستتانە لە کوردکاناڵ بڵاوی بکەنەوە، لانیکەم تا ئێستا خەبەرێکیان نەناردۆتەوە کە نامەکەتان گەیشت، نامانەوێ و زۆر سپاس، دەمانەوێ بەڵام چۆنی بکەین.

لە عورفی ڕەوابیتدا کاتێک نامەیەک بۆ شوێنێک دەنێردرێ، هەرچەند تۆ ئەو شوێنەت خۆشیش نەوێ، لانیکەم دەڵێی کاکە نامەکەت گەیشت زۆر سپاس، بەڵام نامانەوێ. تا ئێستا نە بە قسە و نە بە نووسین جوابێکیان نەداوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەوان لە تەعامولی ئەو کێشە لە یەک خانەدا گیریان کردووە، خانەکە هەمووی بەداخەوە ئەوەیە ئینکاری تۆ بکەن، تۆ بە ڕەسمییەت نەناسن. لەحاڵێکدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شوێنێک داوامان لەو هاوڕێیانە نەکردووە کە ئێوە ئێمە بە ڕەسمییەت بناسن. پێویست نیە ئێمەش ئێوە بە ڕەسمی بناسین. ئەو دوو دێموکراتە چاک یان خراپ ئەوە هەن و دەڕوا ، هەر کەسە خەڵکی خۆی هەیە و سیاسەتی خۆشی دەکا و پێویست ناکا بێن لەیەکتر سەنەد وەربگرن و ئیمزا وەربگرن. ئەوان یەک لەوەدا گیریان کردووە بەداخەوە. جا بۆیە ئێمە لەو مەوارێدانەدا هەرچەند ئیبتکارمان بە خەرج داوە، زۆر نەچووینەتە پێشێ، هەوڵەکان ئەغلەب یەکلایەنە بووە، ئەمن پێم خۆشە ئەوەش بڵێم زۆرجار هاوڕێیانی خۆمان ڕەخنەیان لە خۆم بووە یان ڕەخنەیان لە دەفتەری سیاسی بووە، ئەدی ئێوە بۆ هێندە نەرمونیانی نیشان دەدەن، هەر ئێوە ئینعتاف نیشان دەدەن، هەر ئێوە هەوڵ دەدەن و خۆ ماندوو دەکەن بە پرۆسەی یەکگرتنەوە، ئەوان کەمتر پێیەوە ماندوون، کەمتر وەک ئێوە خەمخۆرن، ئەوە بۆ ئاوا دەکەن، ئێمە ئەو گلەیی و گازندانەشمان لەنێو ڕیزەکانی خۆمان قبووڵ کردووە، هەر لەسەر ئیحساسی مەسئولییەت بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە و دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک.

**پ: کاک خالید هەرچەند لە لەوانەیە کەمێک لە باسەکە دوور کەوینەوە، دوای ئەوەی چاوەڕوانییەکی باش لەنێو خەڵکدا دروست بوو، یانی گەشبینییەک هەبوو، هیوایەک هەبوو، ئێستا بەداخەوە جەنابت دەڵێی بە بونبەست گەیشتووە، بەڵام لەو سەروبەندەدا کە هیوایەک هەبوو، کتێبێک لە نووسینی کاک مستەفا هیجری بڵاو بۆوە بەنێوی «نسکۆ و دابڕان» ، لەو کتێبەدا کۆمەڵێک هێرش کراوەتەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتییەکانی، ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاتان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە و ئەوە کە لە ئێستادا بەو ئەدەبیاتە و لە ئاستی سکرتێردا ئەو کتێبە بڵاو بۆتەوە، چیە؟!**

**وەڵام:** بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لەو قۆناخەدا، لانیکەم لە سەردەمێکدا کە ئەمن و کاک مستەفا پێکەوە دانیشتووین و قسەمان لە زۆر شت کردووە و دەفتەری سیاسی هەردوولامان دانیشتووین و بەرەو ئەوە دەچووین بەعزە حەللێک ببینینەوە، لانیکەم ئەمن وام فکر دەکردەوە، گەشبینیم دروست دەکرد، بەدبینیم دەڕەواندەوە، هەوڵم دەدا گرژی و ئاڵۆزی نەمێنێ، بەڵام دەرچوونی ئەو کتێبەم زۆر پێ ناخۆش بوو. پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی ئەو کتێبە بۆ ئێستا دەرکرا و شوێنەواری ئەو کتێبە، ئاماژە بە شتێکی هاوشێوەی ئەو دەکەم. دوو ساڵ سێ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک ئێمە لە عاددی کردنەوەی ڕەوابیتدا باش دەچووینە پێشێ، دادەنیشتین، پەیاممان بۆ یەکتر دەنارد، هەوڵمان دەدا، خەڵکمان ئومێدەوار دەکرد، لە گەرمەی ئەوەدا بووین، لایەنی کاک مستەفا هیجری لە جیاتی ئەوەی بێن لەگەڵ ئێمە لەسەر چارەسەری کێشەکان قسە بکەین، لەژێرەوە چەند کەسێکیان لەنێو ئێمە هان دابوو، دوایە ئەو چەند کەسە چوونە نێو خۆیان. ئەمن گلەییشم لێ کردن گوتم ئەوە موعامەلەیەکی خراپە، دەڵێن لە بازی شەترەنجدا شەترەنجبازی خراپ ئەوەیە کە ئەسپێک بە پیادەیەک دەدۆڕێنێ. ئەو حیزبە لەت بووە، لەتێک بەو هەموو کادر و پێشمەرگانە سەرمایەی هاوبەشمانە، نایەی کار لەسەر ئەوە بکەی بێین ئەو حیزبەی پێ گەورە بکەینەوە، لە ژێربەژێر لەسەر دوو سێ کەس کار دەکەن، فریویان دەدەن لەدژی ئێمە هەراوهوریای پێ دەنێنەوە، شتی وا دێ و دەڕوا و نابێ بە هیچ، ئینسان دەبێ گەورە فکر بکاتەوە، مەوریدی وەک ئەوە زۆر بوون، خەڵک بە پۆل لەولاڕا هاتبوونە لای ئێمە، یەکجاریش لەتەلەویزیۆن باسمان نەکردن. مەبەستم ئیحساسی مەسئولییەتە، ئەو وەختیش ئەوە بۆیە کرا، بۆوەی کە ئەو ڕەوابیتە کە بەرەو عادیبوون دەچۆوە، تێک بدرێ و تا ڕادەیەکیش تەئسیری دانا بۆ ماوەیەک ڕەوابیت گرژ و ئاڵۆز بۆوە و خەڵکی جۆراوجۆر بە مەبەستی جۆراوجۆر شتی لەسەر دەگوت و دەنووسی. بەڵام ئەمەی ئەوجار و ئەو کتێبە، لەڕاستیدا ئەمن زۆرم پێ ناخۆش بوو، ئێمە لە گەرمەی موزاکرە و گفتوگو و ڕێگەچارە دیتنەوەدا بووین، بەرەو ئەوە دەچووین کە ئەو کێشانە کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بووە، وردەوردە لە شوێنێک وەک فایل دایانبنێین و ئارشیویان بکەین، مەگەر پێویست بێ موراجیعەی پێ بکەین، ئەگەر موراجیعەشت بە شتی مێژوویی کرد، ئارشیوەکان، تەبەقەبەندی دەکرێ، هێندێک شتی نێوخۆییە، ئی نێو بنەماڵەکەتە، هەرگیز ناچێتەدەر. بنەماڵەیەکیش شتی نێوخۆیی هەیە، دەوڵەتێکیش شتی نێوخۆیی هەیە، حیزبێکیش شتی نێوخۆیی هەیە. بەڵام بەداخەوە نووسینی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجرییەوە، لانیکەم ئەوەی بۆ من دروست کرد لە گەرمەی ئەوەی من ماندووم بەوە، دەفتەری سیاسی ئێمە ماندووە و بۆ وەحدەتی ئەو حیزبە دەڵێم کاک مستەفا جەنابت سکرتێر بەو ئەمنیش لە خزمەتت دام، لە گەرمەی ئەوەدا خەریکن دەچن کتێبێک دەنووسن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی زۆرتر دروست کەن. کێشەی زۆرتر دروست کەن. وەک ئەوەی ئەو دەمەی لەگەڵ من دانیشتووە یان هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییان لەگەڵ دەفتەری سیاسی ئێمە دانیشتوون و قسە دەکەن چۆنی حەل بکەین، بیریان لەوە کردۆتەوە ئەدێ چۆن کتێبێک بنووسین باسی ڕابردوو بکەین، ئەو کێشانە بێنینە گۆڕێ، جارێکی دیکەش جەوەکە تێک بەدەین و ئاڵۆزی بکەینەوە. کتێبێک کە بێحورمەتی بەولایەی تێدا هەیە کە بەشیک لە مێژووی ئەویشە، بێحورمەتی بە کەسایەتییەکانیش تێدا هەیە کە هێندێکیان بەقەد تەمەنی ئەو لەو حیزبەدا خزمەتیان کردووە. بۆیە دەبێ بڵێم دەرکردنی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجری ئیقدامێکی مەسئولانە نەبوو، لانیکەم ئەمن ماندوو بووم و لەگەڵ خۆشی باسم کردبوو، دەفتەری سیاسی ئێمەش ماندوو بوون کە چۆن چارەسەرێک ببینینەوە. ڕاوەستابان لە داهاتوودا، خۆ نەچوە بچێ. بەدبەختییەکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لە کتێب نووسین بەپەلەن، هەر کەس بەدوای بیرەوەرییەکاندا دەڕوا و کتێبێک دەنووسێ و ئاوڕ دەداتەوە و کێشەش بۆ نەسڵەکانی دیکە دروست دەکا. بۆیە ئەمن گلەییم لە خودی کاک مستەفا هەیە، نەدەبا ئەوەی کردبایە، لانیکەم دەبا ئەو ئیجازەی نەدابا و گوتبای ئەو کتێبە ئەگەر واش بێ ئێستا نابێ دەربچێ. ئێمە خەریکی هێندێک موزاکراتی جیددی لەگەڵ ئەو برادەرانەین، ماوەیەک ڕادەوەستین.

ئەمن بێئەوەی بچمە نێو نێوەڕۆکی ئەو کتێبە، چاکە یان خراپە، بەڵام ئەو کتێبە کە ئێستا بڵاو بۆوە، وای دەخوێنمەوە، عەمدەن ئەوەیان کرد بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە، بۆ لەباربردنی ئەو زەمینەیە بووە کە بە هیممەتی ئەندامانی هەردووک لا، دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە، خەڵکانێکی زۆر لە ئەندامانی هەردوولا بەنێوی کەمپەین و کاری هاوبەش بەیەکەوە ئومێدەوارییان بڵاو دەکردەوە و موژدەی ئەوە دەدرا کە بەرەو چارەسەرێک دەڕۆین، بەڵام دروست لە گەرمەی ئەوەدا کتێبێکی ئاوا بڵاو دەکەنەوە. ئەو کتێبە لەڕوانگەی من عەمدی بڵاو بۆوە، بۆوەیکە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و گەورەکردنەوەی حیزبی دێموکرات لەبار بچێ. لە هەمووی ئەوانەش گرنگتر زۆر لەوە بەداخم کە جاروبار بیر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دەکەمەوە، لە پەنجا ساڵی ئەخیر ئەو هەموو کێشەمان هەبووە، لەوە بەداخم کە نەسڵی ئێستاش هێندە بەو کێشانەوە بژین، لەجیاتی ئەوەی دابنیشین فکر لە شتی گەورە بکەینەوە، ئەدی ئێران چی لێ دێ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی لێ دێ، ئێمە چمان لێ بەسەر دێ، ئەو حیزبە هاوبەشەی ئێمە پەنجا ساڵە ژیانی هەر لە کوردستانی عێراق و دەربەدەری دایە، چی لێ بکەین، کتێبێک دەنووسرێ لەو کتێبەدا ئینرژییەکە لەسەر ئەوە سەرف دەکرێ، فڵان شەخسییەتە چۆن بشکێنن، فڵان شەخسییەتە چۆن تەحقیر بکەین، ڕابردووی جەمعێکی کە لەخۆیان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەبێئیحترامییەوە بەرخوردی پێبکەن. بۆیە بە باوەڕی من بۆ جارێکی دیکە دەڵێم مەسئولییەتی بە بونبەست گەیاندنی ئەو پرۆسەیە ئێمە ئەوجارە باشمان هێنابوو و سەر نەکەوتین، دەکەوێتە سەر لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێریی کاک مستەفا هیجری. بۆیە ئەوە دەڵێم بەڕاستی لایەنی ئێمە بە ئیعتماد بە نەفسەوە بە جیددییەت و بە عەلاقەوە چۆبووە نێو ئەو پرۆسەیەوە.

**پ: کاک خالید بگەڕێینەوە سەر پەیامەکەی جەنابت لە پەیامەکەدا دەڵێی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون، ئاڵۆز لە ناوچەکەدا هەیە و ئێستا دەبینین سیناریۆکان ناڕوونترن، ئاڵۆزترن، زیاترن، جەنابت دەفەرمووی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لانیکەم جارێ لە بونبەست دایە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسانە و داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی چۆن دەبینی و پێت وایە دەبێ چ بکرێ بۆوەی کە لانیکەم حیزبی دێموکرات بتوانێ وەک خەڵک چاوەڕوان دەکا، پێگەی خۆی وەدەست بێنێ و لەنێو ئەم سیناریۆ ناڕوونانەدا ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟**

**وەڵام:** ڕەنگە حەللی جۆراوجۆر هەبێ، خەڵکی جۆراوجۆر حەللی موختەلیف بێننە پێشێ، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ئەولەوییەتی هەبوو وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵی ئێستادا کارکردن بۆ ئەوە بوو چۆن دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک. پێمان وابوو بەشێک لەو ئینتزاراتە بە حیزبی دیموکراتێکی بەقووەت جێبەجێ دەبێ، بۆوەی ئێمە پێیەوە ماندوو بووین. بەڵام ئێستا کە بەداخەوە لایەنی بەرامبەری ئێمە ئەو پرۆسەیەی بە بونبەست گەیاند و لەوەدا مەسئولە کە نەیهێشت بە سەرەنجام بگا و ئەو ئاواتەی کۆمەڵانی خەڵک جێبەجێ بێ، ئێمە دەست لەسەر دەست دانانێین. ئێمە نائومێد نەبووین، دیسانەکە ئەمن پێم خۆشە لێرەدا ئەو پەیامە بدەم: سەرەڕای ئەوەی ئەوان بە جیددی هەرگیز بۆ ئەم مەسەلەیە نەهاتنە پێشێ، سەرنجیان بە ڕێگە حەللەکانی ئێمە نەکرد، بە جیددی لەنێو خۆیاندا نەیانکرد بە باس، چونکە نەتیجەکان وا نیشان دەدا، بەڵام دیسانەکە ئێمە هەر ئومێدەوارین. بۆ جارێکی دیکەش ئێمە هەر ئومێدەوارین لەسەر یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کار دەکەین و هیوادارم ئەوان پاش خوێندنەوەیەکی ڕابردووی ئەو کێشانە و تەجرووبەی موزاکراتی ئەخیر و چۆن تەعامولیان کردووە و مەوزووعەکان چۆن هاتوونەگۆڕێ، بۆ جاریکی دیکەش فکر لەوە بکەنەوە و هەر وەختێک فکریان لەوە کردەوە، بۆ جارێکی دیکەش ئێمە ئامادەین هەر وەختێک داوایان کرد ئێمە ئامادەین لە سەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان قسە بکەین. یەعنی هەرگیز ئەوە وەلا نانێین وەلەو ئەرکی بە بونبەست گەیشتنەکە و سەرنەکەوتنەکەی لەسەرشانی ئەوانە. ئێمە لەو پێوەنییەدا ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک، ئەندامانی ئەوان، ئەندامانی خۆمان دەڵێم بەڕاستی ئەوەی لە توانای ئێمەدا بووە، بە ئیحساسی مەسئولییەت و خەمخۆرییەوە هەموومان موستەنەد کردوومانە تا ئێستا هێناومانە، شتێک نەماوە کە ئێمە نەیکەین.

بەڵام لەو سیناریۆ ناڕوونانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا، لەڕاستیدا هەر ئەوەیە کە یەک: ئێمە هەوڵ بۆ ئەوە بدەین، دوو: ئەرکی ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لە دەرەوەی وڵات، لە نێوخۆی وڵات، لێرە، ئەرکی میدیایی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی ئێمە، لەمەوبەدوا قورستریش دەبێ. بۆ؟ ئێمە هیوادار بووین لە ئیدامەی خۆیدا ئەگەر ئەو یەکگرتنەوە بە نەتیجەیەک بگا، بەیەکەوە ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین، بەڵام ئێمە لێرە بەدوا خۆمان پتر ئەرکدار دەکەین، بە کاری جیددیتر و بەردەوامتر، لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی بۆخۆمان باوەڕمان پێیە و دەبێ حیزبی دێموکرات بکەینە ئەو حیزبی دێموکراتەی کە لە پەیامەکەی خۆمدا هاتبۆوە گۆڕێ، ئێمە لانیکەم بۆخۆمان کاری پێدەکەین. هیوادارم کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆی وڵات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی، زۆرتر لەمەوبەدوا لەو مەیداندا کار بکەن، یەعنی قورساییەکی زۆری ئەوە دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. تەنیا دەمەوێ لێرە شتێکی دیکە ئاماژە پێبکەم ئەویش ئەوەیە کاتێک باسی ئەو سیناریۆ ناڕوونانە دەکەم دەقیقەن دەمەوێ جارێکی دیکە تەئکید بکەمەوە، لایەنی ئێمە بۆچوونی لەسەر چارەسەریی کێشەی دێموکراتەکان هەمیشە ئەوە بووە لە پەنجەرەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێداویستیی سیاسی ئێمە بەرەو ئەوە بچین حیزبی دێموکرات بکەینەوە یەک و حیزبی دێموکرات بکەوێتەوە سەرێک بۆ ئەوەی ئەو ئینێرژییەمان بۆ ئازاد بکا و هەمیشەش دەمانگوت ئەو حەللەی ئەو برادەرانە دەیانهێنا گۆڕێ، ئەو لایە بێتەوە نێو ئەو لایە و ئەو لایە حیزبی مادەرە و ئەو لایە حیزبی پدەرە، یان ئەولا بێتەوە ئەو لایە، من موخالیفی ئەو حەللەم. چ ئەوان بێنەوە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بێنەوە قەڵای دێموکرات کە کاتێک هەموومان لێرە کارمان کردووە، چ لایەنی ئێمە بچێتەوە لای ئەوان. ئەوە بە مانای ئەوەیە هەر ئەو حەللە لە ڕۆژی یەکەمدا کێشە خولقێنەرە. ئەوە هیچ موشکیلەیەک چارەسەر ناکا. باشترین حەل ئەوەیە یەکتر بەو جۆرەی هەن قبووڵ بکەین و ئینسانەکان بەو جۆرەی هەیە قبووڵ بکەین، هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن، هەموو لایەک خۆی تێدا ببیننەوە، هەموو لایەک ئیحساسی ئەمنییەتی سیاسی تەشکیلاتی بکەن، هەموو لایەک لە حیزبی واحیددا ئاسوودە بن، ئەوەیە تەزمینی ئەوە دەکا حیزبی دێموکرات لە داهاتوودا ئەگەر تووشی کێشەی ئاوا بۆوە، زەرەر و زیانی زۆرتر نەبێ.

**پ: کاک خالید وەک دوایین پرسیار بە سەرنجدان بەو قسانەی جەنابت باست کرد، کە بەرەو حەفتاساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین، ئەگەر ئەم دوو دێموکراتە لێک نزیک نەبوونەوە، نەیانتوانی لە پرۆسەیەکی سالمدا یەک بگرنەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێ و جەنابت وەک سکرتێری ئەو حیزبە پەیامت ڕوو بە ئەندامانی ئەو حیزبە چیە؟**

**وەڵام:** بە باوەڕی من ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دوو مەیداندا ئەرکمان لەسەرە؛ یەکیکیان نێوخۆییە. لە دانیشتنی نێوخۆیی خۆماندا ئەگەر بە مێژووی پەنجا ساڵەی ئەخیری خۆماندا بڕۆینەوە، شەهامەتمان هەبێ، کێشەکانی نێو حیزبی دێموکرات، مێژووەکەی هەیە، زۆرێک لەوانەی لە کێشەکاندا بوون، بەخۆشییەوە لە حاڵی حەیات دان، یان لە کتێبەکاندا موستەنەد کراوە، لە دەورانی ڕێزدار کاک ئەحمەد تۆفیقەوە تا دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوو بگرە کە دەورانێک کێشەکانی ئەو سەردەم هەبوون و شاراوەش نیە و دوایەش هەر درێژەی هەبووە تا دەورانی کاک دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە دەورانی ڕێبەرانی زیندووی هەر دوو بەشی دێموکرات، چ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و چ ئەوی دیکە، ئی دەورانی ئێستاش کە هەر دوو لامان لە حاڵی حەیات داین، بتوانین بەشێوەی نێوخۆیی شەهامەتمان هەبێ لەوێ ئاماژەی پێبدەین. بڵێین ڕێبەرانی شەهید و زیندوو لەو مەوارێدانەدا هەڵە و ئیشتیباهاتمان بووە لە تەعامول لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی خۆمان. ئەوە بۆیە بڵێین ئەو نەسڵەی فێرە حیزبایەتیە دەکەین لە داهاتوودا، دەرسی لێ وەربگرێ و ئەو هەڵانەی ئەمن کردوومە، ئەو نەیکاتەوە.

ئەرکی دووەم ئەوەیە ڕوو بە دەرەوە، ڕوو بو ئێران، خوێندنەوەیەکی دیکە بکەینەوە لە ئێران، ئیمپراتۆرییەتی ئێران چ بووە، مەزهەب کەنگێ هاتۆتە نێو سەحنەی سیاسیی ئێران، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چۆن بووە، چۆنمان پێناسە کردووە، چۆن شەڕمان لەگەڵ ئەو حکوومەتە کردووە، هەڵە و ئیشتیباهاتی ئێمە چ بووە، کارم بە هی ئەوان نیە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەمە لەگەڵ وان موبارزە دەکەین و لەو سی و شەش ساڵەدا چۆنمان تەعامول کردووە، ئەو میتۆدانەی ئێمە هەموو باش بووە، لەکوێ دەستی تێوەردەین، لەکوێ شتی تازە بێنینە گۆڕێ، پێداچوونەوەیەکیش بەوانەدا بکەین. مادام پێداچوونەوەمان بەوانەدا کرد، هەمووی ئەوانە دوو سێ شت دێنێتە گۆڕێ: یەکێکیان بەرنامە بۆ داهاتوویە ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک و داهاتووی ئێران، ئەوی دیکەش دیتنەوەی میکانیزم و فەرهەنگ سازییە لەنێوخۆی حیزبی دێموکراتدا کەهێندێک لەو کێشانە دەیان ساڵە بەرۆکی حیزبی دێموکراتی گرتووە و بۆ خۆمان حەللی بکەین. من لەو باوەڕە دام حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیحتیاجی بەو پێداچوونەوە هەیە. دەبێ ئێمە شەهامەتمان هەبێ دوای حەفتا ساڵ چی؟ چمان کردووە؟ لە کوێ کەمیمان هێناوە؟ لەمەوبەدوا دەبێ چ بکەین؟ دڵنیام ئەگەر ئەو ڕووحە هەبێ، ڕووحی سازندەگی هەبێ هەموو لایەک تێیدا بەشداری بکەن، دڵنیام دەتوانین بەیەکەوە هیوایەکی باش دروست بکەین بۆ داهاتووی حیزبی دێموکرات و بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**– زۆر سپاس کاک خالید**

**– زۆر سپاس بۆ جەنابیشت**

**به باوەڕی من بۆ جارێکی دیکە دەڵێم مەسئولییەتی بە بونبەست گەیاندنی ئەو پرۆسەیە ئێمە ئەوجارە باشمان هێنابوو و سەر نەکەوتین، دەکەوێتە سەر لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێریی کاک مستەفا هیجری. بۆیە ئەوە دەڵێم بەڕاستی لایەنی ئێمە بە ئیعتماد بە نەفسەوە بە جیددییەت و بە عەلاقەوە چۆبووە نێو ئەو پرۆسەیەوە.**

# چەمکی مرۆڤتەوەری و تێگەیشتن لە پیرۆزییەکان



کوێستان فتووحی

«میلان کوندرا» دەڵێ: « چۆن دەتوانین لە هێندێک ڕەفتار و کار و کردووە بێزار بین و لەهەمان کاتیش‌دا زۆر بە ئاسانی خۆمانیان لەگەڵ ڕابێنین؟ ئینسانەکان لە زۆر ڕووداو و کردەوەی نامرۆڤانەی یەکتر هەم بێزارن، هەمیش بە ئاسانی خۆیانیان لەگەڵ ڕادێنین.

ئێمە لە سەردەمێک‌دا دەژین کە مافی مرۆڤ بۆتە ئەرزشێک و دەوڵەتەکان ئەرکی سەرشانیانە ئەم ئەرزشە بپارێزن و ڕێگە نەدەن هەر کەس و لایەن و گرووپێک بە هەر ناو و بیانوویەکەوە، مافی مرۆڤەکان پێشێل بکەن. جیهانی دەوروبەرمان پڕە لە بنیاد و دامودەزگای قانوونمەند و سیستمی قانوونی بۆ بەرگری لە ئینسان و مافی ئینسانەکان، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بەناو و بیانووی جۆراوجۆر لە زۆر شوێن، زۆر لەو قانوونانە کە بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دانراون، دەخرێنە ژێر پێ.

کارەساتێکی دڵتەزێن کە لەم ڕۆژانەدا، ئەفغانستان ڕووی دا کە دڵی هەر مرۆڤێکی بەویژدانی هەژاند. ڕووداوێک لە سروشتی خۆی‌دا ترسناک. کوشتنی ئینسانێک بە دڕندەترین شێوە. کچێکی تەمەن ٢٧ ساڵان بەتاوانێکی هەڵبەستراو کە گۆیا کتێبی قورئانی ئاگر تێبەرداوە، کەوتەبەر هێرشی کۆمەڵێک پیاوی دڵڕەق و بێبەری لەهەرچەشنە بەهایەکی ئینسانی و، بەدار و بەردو پێلاقە گیانیان لێسەند و بەوەش نەوەستان زۆر نفرەتاوی بەبەرچاوی خەڵکێکی زۆر کە چاولێکەری ڕووداوەکە بوون، تەرمەکەیان سووتاند. لە حالێک دا ئەو کچە تەنیا بەهۆی ئێعتراز و ڕخنە لە تەبلیغ بۆ نوشتەو خورافات لە لایەن مەلایەکەوە بوو کە ئەم کارەساتەی بەسەر هات. ئەو ڕووداوە لە ئەفغانستان تەنیا نموونەیەکە لە دڵڕەقی ئینسانەکان بەرانبەر بە خودی ئینسان. لەم جیهانەدا بەتایبەتی لە وڵاتانی کە بە جۆرێک ئایینەکان لەنێویان‌دا دەستی باڵایان هەیە، ڕۆژانە ئینسانەکان بەوپەڕی ڕقو کینەوە بەناوی پارێزگاری لە پیرۆزییەکان، ڕەفتار لەگەڵ یەکتر دەکەن، بۆخۆیان زۆر بە ئاسانی بڕیار دەردەکەن و بەڕێوەی دەبەن، هەر وەک ئەو نموونە نوێیەی لە وڵاتی ئەفغانستان ڕووی‌دا. خۆ ئەو کچە ئەگەریش بێڕێزییەکی بە ئایین و قورئان و هەر پیرۆزییەک کردبێ، دەکرا بدرێتە دەست قانوون و مەحکەمەی وڵاتەکەی، نەک کۆمەڵێک کەسی نەزان و دڵ پڕ لە نفرەت بەم شێوەیە سزای بدەن.

ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە بنیاد و دامودەزگا قانوونییە جیهانییەکانیش زۆر بەکەمتەرخەمییەوە بەلای ئەو جینایەتانەدا تێدەپەڕن و فشارێک ناخەنەسەر ئەو حکوومەت و وڵاتانەی کە جینایەتی لەم شێوەیە لەنێویان ڕوودەدا. ئەم بێدەنگییە ئەوە دەگەیەنێ کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئابووری خۆیان لەسەرەوەی مافی ئینسانەکان لە هەموو جیهان‌دا دادەنێن. ئەوە نیشان دەدا کە هەموو ئەو قانوون و دیکۆمێنتو پرۆتۆکولە نێونەتەوەییانەی لە بارەی مافی مرۆڤەوە دایانڕشتوون و دەوڵەتانیان بە بەڕێوەبردنی ئەرکدار کردوە، جگە لە نووسراوەیەکی سەرکاغەز گرنگییەکی دیکەی نیە بۆیان.

دیارە ئەوەی لە ئەفغانستان ڕوویداوە و ڕنگە نوێترینیان بێ، یەکێکە لە دیوە ترسناکەکانی ئایین. دەیان نموونەی لەم بابەتە هەیە ڕۆژانە لەدەوروبەرمان ڕوودەن. تەنانەت لە کوردستانیش دا لەو جۆرە جینایەتە ڕووی داوە. نموونە دوعا کچە ئێزەدییەکەی بەعشیقەی هەرێمی کوردستان کە ساڵی ٢٠٠٧ بەدەستی کۆمەڵێک پیاوی بێبەرێ لە هەستی ئینساندۆستی بە تاوانی خۆشەویستیی کوڕێک کە سەر بە ئایینەکەی خۆی نەبوو، بە دار و بەرد کوشتیان، جگە لەوەش ساڵانە بەدەیان ژن هەر بەتاوانی هەڵبەستراو لە ژێر پەردەی ئەخلاق و ئایین، لە لایەن پیاوانەوە شکەنجە دەکرێن و دەکوژرێن، بەڵام لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە ئێعترازێک و لێپرسینەوەیەکی جیددی بە حاکمییەتی ئەو وڵاتانە نەکراوە کە بۆ دەبێ ڕێگە بدرێ جینایەتی لەم شێوەیە لە وڵاتەکانیان ڕوو بدا؟ جێی داخە ئەوەی دەبێ لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤەوە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ و هەڵوێستی لەسەر بگیرێ بۆ ئەم جینایەتانە، تا ئێستا نەدیتراوە.

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی دا ئەوە ئیدئۆلۆژییەکانن مافیان هەیە، نەک ئینسانەکان. ئینسان کەرەسەیەکە لە خزمەتی ئیدئۆلۆژیدا. لە حاڵێک دا دەبێ هەمووشتێ لە خزمەتی ئینسانەکان‌دا بێ و ئینسان مافی پارێزراو بێ.

ئەم پیرۆزییانە دەبێ چ بن بوونەتە پاڵنەری ئەم توندوتیژی و جینایەتانەی ئینسانەکان بەرانبەر یەکتر دەیکەن و بە ئاسانی یەکتری بێ لەناو دەبەن؟ ئایا ڕێگایەک هەیە ئینسانەکان دەست لەشەڕی یەکتر کوشتن و توندوتیژی هەڵگرن؟

بەرقەرار کردنی ئارامی و نەرمی نواندن لەگەڵ یەکتر ئەرکی حاکمییەتەکانە، بەڵام لە جیهانی سێهەم‌دا ئەوە حاکمییەتەکانن مرۆڤەکان توندوتیژ باردێنن‌و بایەخ و ڕێزی ئینسانەکان لە ئاست ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکان‌دا تێک دەشکێنن. هیچ تاوانێک لەوە گەورەتر نیە کە بێتاوانەکان تاوانبار بکەی و بەناوی پارێزگاری لە پیرۆزییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان بیانخەیە ژێر فشار و ئازارەوە.

لە وڵاتی ئێران کە بەشێک لە کوردستانیش چارەنووسی بەو وڵاتەوە گرێ دراوە، حاکمییەت بۆخۆی بەناوی ئایین و ئیدئۆلۆژی هەر ئەو کارانە دەکا کە کۆمەڵێک خەڵکی بێبەری لە هەستی مرۆڤ بوون لە ئەفغانستان کردیان. لە ئێعدامی سەرشەقامەکان ڕابگرە هەتاکوو شکەنجەگای نێو زیندانەکان و پێشێل کردنی مافی کەمە ئایینی و کەمەنەتەوەکان و کوشتاری کۆڵبەرە زەحمەتکێشەکانی کوردستان و زۆر جینایەتی دیکەی ئەو ڕێژیمە بەرانبەر بەخەڵک، ئەو ڕەفتارانەن کە کۆماری ئیسلامی بێ سڵ کردنەوە لە ژێر پەردەی ئایین‌دا ئەنجامیان دەدا.

هەر بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان، تەنیا لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا نزیک هەزار کۆڵبەر بە گوللەی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و تەقینەوەی مین و سەرمابردوویی لە سنوورەکانی ئێران گیانیان لەدەست داوە. ئەگەر ئەو ڕەفتار و کردەوانە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران جیا بکرێتەوە، ئەو ڕێژیمە بێ نێوەرۆک و بێ پێناسە دەبێ.

جگە لە بەرپرسان و دەسەڵاتداران لە ئێران هیچ ئینسانێکی دیکە لە ڕەفتار و کرداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤەکان‌دا ڕازی نیە، کەچی بەداخەوە خەڵکی ئێران زۆر ئاسان لە گەڵ ڕەفتارەکانی ئەم ڕێژیمەدا خۆیان گونجاندوە و بۆیە هیچ کەس بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین نایەتە شەقام دەنگی بەرزکاتەوە خوازیاری گۆڕانێکی جیددی بن، وەک ئەوەی ئەمانە هەمووی ئاساییین بە سەریان دێن.

لە ئەفغانستانی ئیسلامی ئەو کاتە قەبیحی جینایەتەکەی بەسەر فەرخوندە هات دەرکەوت، کە ژنانی ئەفغانستان بێدەنگ نەبوون و ڕژانە سەر شەقامەکان و خوازیاری لێپرسینەوە و بەرپرسیاربوونی دەوڵەت بوون. لە ئێران جینایەتی لەم شێوە تەنانەت لەلایەن خەڵکیشەوە کەم نەبووە ڕەنگە بەشداریی لە جۆری کوشتن و جینایەتەکە دا جیاواز بووبێ، ئەگینا هەواڵی کوژران و شکەنجەی ئینسانەکان بەدەستی ئینسان کەم نین، هەر ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ١٠ ژن هەر لەیەک شار (ئێسفەهان) لە لایەن پیاوانەوە ئەسید بە دەموچاویان‌دا کراو چاوەکانیان لەدەست داو ڕوخساریان شێوێندرا، بەڵام بێتەفاوەتی و بێدەنگی و نەبوونی ناڕەزایەتی گشتییە، ئەم جۆرە کردەوە و جینایەتانە، کەمڕەنگ یان شاراوە دەهێڵێتەوە. خەڵکی ئێران و ئەو وڵاتانەی ئەو جۆرە تاوان و جینایەتانە لە نێویان‌دا ئاساییە، دەبێ لە ژنانی ئەفغانستانەوە فێر بن کە نابێ کوشتار و شکەنجەو سووکایەتی بە ئینسانەکان بەلایانەوە ئاسایی بێ و بە ئاسایی بەلایان‌دا تێپەڕن.

کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤیش بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئێعتبار و باوەڕ لەدەست نەدەن، چی دیکە نابێ بەبیانووی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لەئاست هەموو ئەو کردەوە و جینایەتانەی کە بە ناوی دین‌و... لە وڵاتان‌دا ڕوو دەدەن، چاویان داخەن و بێدەنگ بن. مرۆڤتەوەری و بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی زۆر لە شەڕی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسی‌و ئیدئۆلۆژیەکان گرنگترە .





---

ڕۆژەڤی ئێران

# لێک تێگەیشتنی سیاسیی لۆزان و هۆکاری خوێندنەوە جیاوازەکان



حەسەن شێخانی

سەرەنجام دوای ٨ ڕۆژ دانیشتنی لۆزان، ئێران و وڵاتانی ٥+١، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە کە لە لایەن موگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە ئینگلیزی و فارسی خوێندرایەوە.

دوابەدوای دەرکردنی ئەو بەیاننەمەیە، کە هێڵە سەرەکی و ڕێگەچارە گشتییەکانی ڕێککەوتنی کۆتایی،لە خۆدەگرێ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئێران، لە دوو سەند و متنی جیاوازدا، خوێندنەوەی خۆیان لەو بەیاننامەیە بڵاو کردەوە، کە وەکوو یەکتر ناچن.

ئەگەر بە پێی سەنەدی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێ، ئێران بە تەواوی پاشەکشەی کردووە و لە هێڵە سوورەکانی خۆی گوزەراوە؛ لە بەرامبەردا بە پێی مەتنێک کە وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەریکردووە، ئێران ئیمتیازی زۆری بە دەست هێناوە. بە پێی مەتنی ئەمریکا، وەفدی ئێران، تەسلیمی خواستی ئەمریکا بوون و بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانیان خستۆتە نێو پرۆسەیەکی پڕ کێشمەکێش، کە ئەمریکا هەر کاتێک بیەوێ دەتوانێ بیانووی پێ بگرێ و گیری پێ بدا!

یەکەم: وەفدی دانوستانکاری ئێران، دەسەڵاتی ڕەهای نەبووە و لە چوارچێوەیەک دا کە بۆیان دیاری کراوە، توانای عەمەل و ئیمتیاز دانیان هەبووە، مەنتق و پێویستیی وتووێژیش پێمان دەڵێ کە لە لۆزانیش ڕا بەردەوام لەگەڵ تاران هاوئاهەنگیان کردووە. کە واتە بەو پێیە و، بە پێی ئەو هەڵوێستانەی کە ئێران ڕایگەیاندووە و ئەو هێڵە سوورانەی دیاری کردوون، پێ ناچێ کە ئەو سەنەدەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوی کردۆتەوە، مەتنی ئەسڵی ڕێککەوتنەکە بێ.

دووەم: ئەو قسەیەی ئۆباما کە هیچ بەربژێرێکی باشتر و کردەییان، بێجگە لە دانوستان و ڕێککەوتن، لە بەردەم دا نییە کە ڕێ لە پەرەسەندنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمی بگرێ، ئەوەمان پێ دەڵێ کە پێ ناچێ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ٥+١، توانیبیان بەو ڕادەیە لە ئێران ئیمتیاز وەربگرن یان باشتر بڵێین پاشەکشەی پێ بکەن.

سێیەم: پشتیوانی و ڕێزلێنانی پێش نوێژی هەینی تاران و مەشهەد، لە هەوڵەکان و خۆڕاگریی وەفدی دانوستانکاری ئێران، ئەو ئەگەرە، کە مەتنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، سەنەدی ئەسڵی لێک تێگەیشتنەکە بێ، کەمتر دەکاتەوە. لەوانەشە ئەگەر وەفدی ئێران ئەو هەموو پاشەکشەیەی کردبێ، لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و توندئاژۆکانەوە لێیان قبووڵ نەکرێ.

چوارەم: شیمانەیەکی لاوازتر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی، ئەگەر تا ئەو ڕادەیەش پاشەکشەی کردبێ، بیشارێتەوە و هەر وەکوو سەرکەوتن وێنای بکا.

ئەو بەیاننامە هاوبەشەی کە موگرینی و جەوادی زەریف خوێندیانەوە، مەتنێکی دەقیقی حقوقی نییە و ناڕوونی تێدا هەیە و، پێدەچێ وردەکارییەکانی ئاشکرا نەکرابن. بۆیە هەر لایەنەو تەفسیری خۆی لە چوارچێوەی مەتنێک دا بڵاو کردۆتەوە کە لایەنێکی بەهێزی دیپلۆماسیی گشتی هەیە و بۆ ڕازی کردنی دڵی موخالیفان بڵاو کراوەتەوە، بۆ ئەوەی نەبنە کۆسپ لە بەردەم پرۆسەی ڕێککەوتنی نیهایی دا. پێدەچێ ئەمە چەشنێک باس یان ڕێککەوتنی لە سەر کرابێ.

مەعقول نییە لێک تێگەیشتنێک تا ئەو ڕادەیە تەفسیر و خوێندنەوەی جیاوزای بۆ بکرێ. چونکە لێک تێگەیشتن دەبێ دەقیق و تەفسیرهەڵنەگر بێ؛ دەنا هەر لە ئێستاوە بۆخۆی دەبێتە سەرچاوەی کێشە.

ئەو بەیاننامە هاوبەشەی کە موگرینی و جەاودی زەریف خوێندیانەوە، ڕێی تێدەچێ کە بەیاننامەیەکی هاوبەشی چاپەمەنی بێ، کە وردەکارییەکی زۆر ماوە لە سەری ڕێکبکەون، بۆیە پەنایان بۆ ئەم ڕاگەیەندراوە هاوبەشە بردووە؛ ئەو قسەیەی وەزیری دەرەوەی فەرانسە، لۆران فابیۆس، کە بابەتی پێوەندیدار بە کاتی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران، لە چوارچێوەی لێک تێگەیشتنی سیاسی دا، هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە، یان قسەی پێش نوێژی هەینی تاران، کە لە بارەی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان، لە وتووێژەکانی داهاتوودا باس دەکرێ، سەلمێنەری ئەوەیە کە بە تەواوی لە سەر چۆنیەتیی لابردنی گەمارۆکان ساغ نەبوونەوە. هەر بۆیەشە کە ئێران و ئەمریکا هەر کامیان بە شێوەی جیاواز باس لە لاچوونی گەمارۆکان دەکەن. ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران و وڵاتانی ٥+١، بڕیاریان دابێ کە وردەکارییەکانی لێک تێگەیشتنی سیاسی تا واژۆی ڕێککەوتنی کۆتایی، ئاشکرا نەکرێن.

هەر وەک پێش بینی دەکرا بەشێک لە دژواری و هەوراز و نشێوی دانوستانەکانی ئەمجارە بۆ دژایەتیی خامنەیی لەگەڵ ڕێککەوتنی دوو قۆناغی دا دەگەڕێتەوە؛ لەوانەشە ئەمەش هۆکارێک بووبێ کە دوو لایەنی دانوستان، پەنایان بۆ ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشی لەو چەشنە بردبێ.

ئێران بە پێی ئەو بەیاننامە هاوبەشەش کە زەریف خوێندیەوە، ناتوانێ بە کەیفی خۆی لێکۆڵینەوە لە سەر دەزگاکانی سانتریفیوژ بکا، بەڵکوو بە پێی جەدوەلی زەمانی و ئاستی ڕێککەوتن لە سەر کراو، ئەو کارە دەکا. پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی جێبەجێ دەکا. بە دەرچوونی بڕیارنامەیەکی نوێی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو بڕیارنامەکانی پێشووی پێوەندیدار بە پرسی ئەتۆمی، بە ڕەهایی هەڵناوەشێندرێنەوە و، هەندێک ڕێوشوێنی بەرتەسک کەرەوی دیاریکراو،بۆ ماوەیەکی زەمەنی ڕێککەوتن لە سەرکراو، لە بەرچاو دەگیرێن. هەرچەند ئەمانە نیشاندەری ئەوەن کە ئێران پاشەکشەی زۆری کردووە، بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە لێک تێگەیشتنی لۆزان بە هەنگاوێکی گەورە لە پرۆسەی دانوستانەکاندا هەڵدەسەنگێنرێ.

لایەنەکان لە ٣ مانگی داهاتوودا لە سەر وردەکارییەکانی ئەو چوارچێوە گشتییە، دانوستان دەکەن،تا بە ڕێککەوتنی کۆتایی بگەن، بەڵام لە ئێستادا هیچ شتێک حەتمی نییە.

# ساڵی تازە، سیاسەتی تازەتر



ئارەش لورستانی
و: ئاڵەشین

چەند ساڵێکە دەبینین هەندێک کەس لە میدکاندا، حزیبە کوردییەکان و بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان تاوانبار بە کەمکاری و لاوازی دەکەن؛ بەڵام لەراستیدا ئەوە بۆ چییە؟ چۆن و بە چ پێوەر و پێودانگێک دەتوانین بگەین بە ئاکامێکی راست و دروست و لۆژیکیانە و دادوەرییەکی دادپەروەرانە؟

ساڵی ١٣٩٤، حەفتایەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دیموکراتە، حیزبێک کە لە سەر بنەمای خەباتی میللی- دیموکراتیکی کورد دامەزراوە و تا ئەمڕۆکەش بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد خەبات دەکا. ئەو حیزبەی ساڵەکەی بە لە سێدارەدانی سەرکۆمار و هاوڕێکانی دەست پێدەکا و بە میتینگی سەد هەزار کەسی مهاباد کۆتایی دێ. لە ماوەی ئەو حەوت دەیەیەی رابردوودا، ساڵەکانی ئێمە هەموو خەبات، ناخۆشی، دوورکەوتنەوە، ئێعدام و ناڕەزایەتیی بووە. لە ئاکامدا ئەگەر بڕوانینە بارودۆخی هەنووکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوە و وشیاری بەرزی نەتەوەیی کورد دەبینین کە لە زۆر بۆنان‌دا دەردەکەوێ و پەیامی هاوپێوەندیی و هیواداربوون بە گۆڕان و داهاتوویەکی باشتر بە پارت و لایەنە کوردییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکرات دەدا.

یەکڕیزانە پشتیوانی گەلی کورد لە کوبانی، شنگال، مەحکووم‌کردنی داعش، بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم بە بۆنەی یادی شیمیایی‌بارانی هەڵەبجە، سەردەشت و ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان بۆ بەرگری لە زیندانییە سیاسیی و مەدەنییەکان، ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە ئێعدامی ئەندامان و لایەنگرانی پارتە کوردییەکان، کەفوکوڵ و پشتگیری گشتی کۆمەڵگە لەو کاتانەدا، کە بەرپرسان و دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی تاوانی کەتنەکانیان دەدەنەوە و ... نموونەگەلێک روون لە زیندوویەتی و ئەکتیڤبوونی بزووتنەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام دەبێ ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە؛ هۆکاری سەرەکی ئەو زانیاری‌بەخشین و جووڵەی کۆمەڵگە چییە؟ ئەوە چ هێزێکە کە گەلی کورد بە جۆرێک دەجووڵێنێ؛ تەنانەت ئەوانەی کوردیش نین دان بەوە دادەنێن کوردستان ئەکتیڤترین بەشی سیاسی و مەدەنی ئێرانە. کاتێک دەبینرێ کۆماری ئیسلامی زیاترین ئیمکاناتی سەربازیی، ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵی کوردستان بەکاردێنێ، ئەمە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گرنگی و لەگەشەبوونی خەباتی میللی- دیموکراتیکی کۆمەڵگەی کورد، کە سەرەڕای هەموو پیلانەکانی دوژمنانی هێشتاش بەپێوەیە. کەواتە وڵامی ئەو پرسیارە؛ واتە هۆکاری سەرەکی جووڵاندنی گەلی کورد، دەتوانێ وڵامی زۆربەی پرسیارەکانی دیکەشمان بداتەوە.

میدیاکان لەم سەدەیەی ئێستا، لە گەیاندنی زانیاری بە کۆمەڵگەدا گەورترین و زۆرترین رۆڵ دەگێرن؛ بەڵام ئەرێ میدیاکانی کۆماری ئیسلامی هیچ کارێک بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکەن؟ یان نا؛ تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیش بە ئاراستەی شوناس و هۆویەتی نەتەوەیی یارمەتی گەلی کورد دەکا، یان بۆی گرنگە؛ یان ئەوەی تەنانەت ئەو کاتەش کە باسی دیاریکردنی چارەنووس و ئیدارەی کوردستان بە دەستی خودی گەلی کورد و پوتانسیەلی خۆجێی دێتە گۆڕ، ئۆپۆزیسیۆنیش کە بڕوای بە فرەنەتەوەیی ئێران نییە دەنگی رەگەڵ دەنگی کۆماری ئیسلامی دەخا و یا لانی‌کەم خۆی لە گێلی دەدا. کۆمەڵگەی کوردیش بە هۆی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە ناتوانێ بەگوێرەی پێویست، گشتی کۆمەڵگە بە زانیاری و زانیاری گەیاندن تێر بکا؛ ئەدی کام هۆکاری بزواندن ئە رۆڵە مەزنە دەگێڕێ؟

پارتە کوردییەکان، تاکە وڵامی ئەو پرسیارە گرنگ و بنەڕەتییەیە. پارتە کوردییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکرات هەمیشە پرۆپاگەندە بۆ ناسیۆنالیزمی کورد و داکۆکی لە شوناس و بەرژەوەندییەکانی کورد دەکا. پارتە کوردستانییەکان بە میدیاکان و هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنی نهێنی نێوخۆی وڵاتەوە و ئەو کوردانەی لە شارەکانی دیکەی ئێران دەژین و هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئاشکرای دەرەوەی ئێران؛ هەمیشە بە جۆرێک هەوڵی زیندوو راگرتنی بزووتنەوە و زانیاری گەیاندنی بێ‌پسانەوە دەدا کە کۆمەڵگەی کوردستان زۆر ئاسان دەتوانێ ئاگای لە بارودۆخ و رووداوەکان و هەلومەرجەکانی رۆژ بێ و تا ئەو جێیەی دەلوێ؛ بە کەم‌کردنەوەی تێچووەکانی ناڕەزایەتی‌دەربڕین، یارمەتی پێشڤەچوونی ئەو پرۆسەیە بکا.

پارتە کوردییەکان، بە تایبەت حیزبی دیموکرات سەرەڕای راگەیاندن و ڕێکخستنەکان، لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا هەمیشە قسەی لە مافی کورد کردوە و بەرگری لێدەکا و رووماڵی راستەقینەی ئەو گەلە و راستی هەلومەرجی ئارایی لە کۆمەڵگەی جیهانی‌دا روون کردۆتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە وەک کێوێکی قورس و گران کە پشتیوانی گەلی لە پشتە لە بەرابەر سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا راوەستاوە. لەو لایەشەوە رەوت و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش بە دیتنی پارتە کوردییەکان باش تێدەگەن کە کۆمەڵگەی کوردستان خاوەن دامەزراوی شیاو و پێویستە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی و بیەوێ و نەیەوێ دەبێ دان بە مافی ئەو گەلەدا بێنێ و رێز لە داخوازییەکانی بگرێ و مافەکانی بە فەرمی بناسێ؛ چونکی هەتا نەهاتنەدی مافەکانی گەلی کورد، پارتە کوردستانییەکان لە بەرپرسایەتی سەر شانی خۆیان پاشگەز نابنەوە. مێژووی حەفتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی و چەند دەیەی پارتەکانی دیکە کە زۆر جاران ناخۆشی و قەیرانیشی دەگەڵ بووە؛ بەڵام هەر درێژەی هەیە و لە خەبات دانەبڕاون نیشاندەری ئەو راستییەن بۆ دۆست و دوژمن کە کۆمەڵگەی کوردستان وشیار و ئازایانە بەپێوەیە و چۆک دانادا.

دوایین بابەتێک کە دەبێ دڵسۆزان و دۆستان گەلی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە بەر چاوی بگرن؛ ئەوەیە کە دەبێ بە رادەی توانایی و هەلومەرج و هێز و پوتانسییەلەکانی ئەو پارتانە چاوڕەوانییان لێیان هەبێ. ئەو بەدواداچوون و چاوڕوانییەی کۆمەڵگە نابێ زیاتر و یا کەمتر لە رادەیەکی ژیرانە بێ چونکی چاوڕوانی زیاتر دەبێتە پەلەیەکی ناژیرانەی لە چالاکی لێدەکەوێتە و ملڕەچەقۆ خستنی پێوەیە کە هەوڵەکانی بزووتنەوە دەکاتەوە هیچ کە ئەمەش تێچوویەکی گەورە و گران دەخاتە سەر شانی پارتە کوردییەکان و گەلی کورد و هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە کەمتەرخەمی یا سەرزەنشت و لۆمەی حیزبەکان بە جێی هەڵسەنگاندن و رەخنەی بنیاتنەر؛ دڵساردی و کەم‌بوونەوەی متمانە و دابڕانی بەدواوەیە. کەواتە نهێنی ئەو سەرکەوتنە هەتا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان؛ پێکهێنانی هاوسەنگی و پێوەندییەکانی عاقڵانە و ژیرانەی دوو لایەنەی پارتەکان و کۆمەڵگەی کوردستانە؛ بە چەشنێک هەرتک لا گرنگی بە رۆڵ و داخوازییەکانی یەکتر بدەن و هەرتک لایان دەبێ ئەوە بزانن سلامەتی و مەرجی بەردەوام‌بوونی بزووتنەوە وەک جاران، هەست بە بەرپرسیارێتی و رێزگرتن و وڵامدەربوون و وڵام‌خواستنەوە هەرتک لایەنە.

کۆمەڵگەی کوردستان و پارتە کوردییەکان قەت لێک‌دانەبڕاون و دانابڕدرێن، چونکی مێژووی مودێرن و هاوچەرخی گەلی کورد ئەم دووە پێکیان هێناوە کە وەک دوو رووی داروێکن و بێ هەوڵ و تێکۆشان هەر کامیان، ئەوی دیکە بە تەنێ ناتوانێ بزاڤی میللی- دیموکراتیکی کورد پێش‌بخا. کەواتە بۆ پێش‌بردن و بەردەوامی خەبات، ساڵی تازە سیاسەتێکی تازەتری لە پارتە کوردییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان دەوێ.



**پارتە کوردستانییەکان بە میدیاکان و هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنی نهێنی نێوخۆی وڵاتەوە و ئەو کوردانەی لە شارەکانی دیکەی ئێران دەژین و هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئاشکرای دەرەوەی ئێران؛ هەمیشە بە جۆرێک هەوڵی زیندوو ڕاگرتنی بزووتنەوە و زانیاری گەیاندنی بێ‌پسانەوە دەدا**

---

## لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# لە چاوەڕوانی گۆدودا!



خالید محەممەدزادە

دەکرێت »چاوەروانی« تێکەڵ بە «ئومید» بۆ گۆرانکاریو خۆبینینەوە لەو گۆرانکارییە لە دەست هێز یا کۆمەڵێک هیزی‌ترو گەیشتن بە ئامانجەکانت لە سەر حیسابی توانایی خەلکی‌تر، وەک چۆن لە زاتی هەموو مرۆڤێک هەیە، دەکرێت ئەو چاوەروانیەو ئۆمید بەستنە بە تواناکانی ئەوی‌تر لە پێناو وەدی هاتنی خواستەکانیش بەشێک بێ لە حەزی مرۆڤی سیاسی بۆ وەدی هێنانی ئەو گۆرانکارییانەی کە بۆ خۆی تواناو مەجاڵی پێکهێنانی نیە.

بێگۆمان لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەو سەرەتاکانی سەدەی نوێش کەم نەبوون ئەو گۆرانگارییانەی کە مرۆڤی گۆرانخوازی خۆجێی هیچ رۆڵێکی نەبوو تێیاندا بەڵام هاوکێشە سیاسییو ململانێی کۆمەلێک هێزی دژەبەری‌تر لە سەر خاکەکەیان دەرفەتو گۆرانکاری بۆ ئەم هێزە گۆرانخوازە خۆجییانەی هێناوەتە گۆرێ، بەڵام ئەزمونی گۆرانکارییە سیاسییەکان ئەوەمان پێ دەلێن کە ئەگەر خۆت بەشێک نەبێت لە میکانیزمی‌گۆران، دەکرێت لە ئەگەری رووداوانی گۆرانیش، خۆت ببی بە قوربانی گۆران وەک ئەوەی لە شۆرشی سالی ١٣٥٧ی هەتاوی بۆ کوردو هیزە کوردییەکان پێش هات.

دەمەوێ بلێم بۆ سێ دەیەیە کە ئومیدێک لە عەقلیەتی سیاسی رۆژهەڵاتی شکڵی گرتووە بەوەی رۆژێک، ئەمریکا هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لای ئێمە باگراوەندێکی مێژوویی هەیە، سەردەمێک هەموو هیواکان لە سەر پشتبەستن بە هێزیکی وەک سوڤییەت هەڵچێنرا بوون، لە ئێستاش‌دا ئەم هیواو ئۆمێدە بە ئەمریکا هەڵچێنراوە کە دەکرێت لە ئەگەری ریککەوتنی ئێرانو ئەمریکا بۆ هەمیشە ماڵاوایی لەو چاوەڕوانیە بکرێت.

هاتنە سەرکاری ئوباماو شکستو پاشەکشەی ئەمریکا لەو وڵاتانەی کە بە زەبری هێز رزگاری کردبوونو بە خۆداهاتنەوەی روانینی سیاسی ئەمریکی لە ناوچەکەو رەخنە لەم سیاسەتە لە نێوخۆی ئەمریکا کە باراک ئۆبامای لیکەوتەوە، بەس بوو بۆ ئەوەی هەر سیاسیەکی سیاسەتزان، هەست بە گۆرانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ناوچەکەو وڵاتێکی وەک ئێران بکات، ئەم دۆخە هەر ئۆبامای لە ئەمریکا نەهێنا سەرکار بەڵکوو رووحانیشی لەئێران هێنایە سەرکار، دوو رێکاری سیاسی کە ئەوەندەی پێویستیان بە هاوتەرییبوون لە ناوچەکە دەکرد بە قەد ئەوە پێویستی یان بە بە گژدا چوونی سەربازی بەرامبەر بەیەکتر نەبوو.

بەڵام سیاسیی کوردی نەیتوانی نە قوناغی ئەحمەدی نەژاد بە جێ بێلێتو نە توانی ماڵاوایی لە خەونی کۆمارییەکان بۆ وەشانی گورزی سەربازی بکات. لە گەل ئەوەش گەڕانەوەی ئەمریکا لە عێراقو خۆ لادان لە رووخانی حکوومەتی سووریاو لەم دوایانەش کردنەوەی بەرەیەکی شەڕی‌تر لە یەمەنو جێگرتنەوەی ئێران لەو وڵاتانەو بێ‌مەیلی بەرامبەر بە هاتو هاوارەکانی ئیسرائیلو درێژەدان بە رەوتی ١٢ ساڵەی دانیشتنە ئەتۆمیەکەی ئێران، بەس بوو بۆ ئەوەی ئەم سیگناڵە وەربگیرێ کە ئێرانو ئەمریکا هەمان دوو وڵاتی سەردەمی بووش کە ئێرانی خستبووە بەرەی شەیتان نین!

لەوڵاتریشەوە پێشرەوییەکانی ئێرانیش لە ناوچەکە نەیدەتوانی بە بێ‌رەزامەندی ئەمریکا لە پێناو رازی کردنی ئەم وڵاتە بۆ خستنە ژێر چاوەدێری بەرنامە ئەتۆمیەکەیو لێدان لە هاوپەیمانە لوتبەرزەکانی لە بەرچاو نەگرین.

بە هەموو ئەوگۆرانکاریانەی لە ناوچەکە روویان دا، سیاسەتی چاوەڕوانی کوردی هەر لە سەر بنەمای پشت بەستن بە تێکچونی ئەم پەیوەندیانەو زۆرجاریش شاگەشکە بوون بەرامبەر بە هەڕەشەکانی ئیسرائیل خۆی نوێ دەکردەوەو لە کردەوەش دا لەژێر کاریگەری هەژمونی ئێران لە باشووری کوردستان، هەر دەهات دەتوایەوە!

هەموو ئەو خوێندنانەوە لێرەدا مایەپوچ دەرچوونو دەمێنێتەوە ئەم عەقلیەتە چون هەڵسوکەوت لە گەڵ گۆرانکارییە نوێیەکان دەکاتو چ خوێندنەوەیەک بۆی دەخاتە روو، خوێندنەوەیەک کە بتوانی هەستانەوەیەک لەم زەمین‌گیربونە بێنێو جارێک بۆ هەمیشە بلێت ئەوپێش بینیەم هاتە دی!

لە راستی چەقبەستووی عەقلی سیاسیو بە وتەی عەباس وەلی نەبوونی فیکرو گیرسانەوە لە هەواری خەڵکی‌تر کە ئەم گیرسانەوە زۆرجار تا ئاستی سرینەوە بوون لە رۆژهەڵاتی بوون هەنگاوی ناوە، وایکردوە ئەم جورە لە سیاسەتکردن، هەمان سیاسەتی چاوەروانی لە گۆدودا بێو هەموو خوێندنەوەیەک جگە لەم شێوە فکرە رەتبکەنەوە کە لە دواجاردا ئەمە باجدانی گەورە لە گەڵ خۆی دەهێنێ.

# لە ڕۆژی شەهیدان‌دا وەفایەک بۆ ژنانی شەهید



عومەر باڵەکی

١٠ی خاکەلێوەی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی شەهیدبوونی یەکەم سەکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێکانییەتی. کاتێک پێشەوا قازی محەممەد لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژێ _ کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند، بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمداو ئاسۆیەکی گەشو ڕوونی خستە بەرچاوی خەڵکی کوردستان. بە شاهیدی مێژوو لەو ماوە کەمەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا گەلێک کاری گەورە کران کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر کۆمەڵگە بەجێهێشتووەو تەنانەت دوای ڕووخانی کۆماریشو لە سێدارەدانی پێشەواش ئەو کاریگەرییانەو ئاسەواریان بە کۆمەڵگەی کوردیەوە دەبیندرێ. یەکێک لەو کارە مەزنو گەورانەی کە لەسەردەمی کۆماری کوردستانو لە سەردەستی پێشەوا قازی محەممەد بەڕێوەچوو هێنانی ژنان بۆ نێو گۆڕەپانی کارو باری بەڕێوەبەریو سیاسەت بوو. لە سەردەمێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوای مەزن ئەو ڕێچکەیەی شکاند کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان بە تەواوی عەشیرەییو ڕێژەی خوێندەواریو بە ئاگابوون لە مەسائیلی زانستو تکنۆلۆژی لە ڕادەیەکی یەکجار نزمدا بووو وەزعییەتی ژنان لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەوەش خراپتر بوو. بەڵام بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانو پشتگیری پێشەوا قازی محەممەد وای کرد زۆر بە خێرایی ژنان بێنە نێو

گۆڕەپانی سیاسەتو کاری بە کردەوەو توانایان ڕێکخراوی خۆیان دابمەزرێننو لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا ببنە وتاربێژو نەزەرو بیرو بۆچوونی خۆیان لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەی کوردستان دەربڕن کە ڕۆژنامەی کوردستان زمانەحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا

کچەکانیان بنێرنە قوتابخانەو لە فێربوونو بارهێنانی منداڵەکانیاندا جیاوازی لە نێوان کچو کور دانەنێن.

ژنان نەک لە کارو تێکۆشان پاشەکشەیان نەکرد بەڵکوو زیاتر بە ئامانجەکانی کۆمار وەفادار مانەوەو شانبەشانی براکانیان لە خەباتی نهێنیدا بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداریان کردو بە هەموو توانایانەوە هەوڵیاندا ئەو



باشترین بەڵگەیە لەسەر بەشداریی چالاکانەی ژنان لە کارو تێکۆشانی ڕۆژانە کە پێوەندییان بە مەسەلەی نەتەوایەتیو مەسەلەی مافی ژنان



وەک بەشێک لە کۆمەڵگە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستانو لە سێدارەدانی پێشەواو هاوڕێکانی ڕاستە بۆ ماوەیەک خەباتو تێکۆشان ڕاوەستانی تێکەوت، بەڵام ئەو بیرو ئەندیشەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانو پێشەوا قازی محەممەد هێنابوویانە نێو خەڵک بە هیچجۆر لە بیرنەچۆوەو دابڕانو ڕاوەستانی تێنەکەوت. خەڵک ڕاهاتبوو کە کوڕو

هەلەی کۆماری کوردستان بۆی ڕەخسااندبوون بە هیچ جۆر لە دەستی نەدەن.

کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوتو بۆ جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان کارو چالاکی خۆی ئاشکرا کرد بە کردەوە دیتمان کە خەڵکی کوردستان بە ژنو پیاوەوە بە هەزاران کەس لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەو ژنانیش بۆ جارێکی دیکە ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە بە ئاشکرا شانبەشانی براکانیان بەشدار بن لە چالاکی سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرەو پێش‌بردنی کۆمەڵگە.

کاتێک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە شەڕ بەسەر کوردستاندا داسەپاو هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوتە حاڵەتی بەرەنگاریو پارێزگاریکردن لە کوردستان، ژنانیش بێ سێو دوو لێکردن پۆل پۆل تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبوون. ئەگەر چاو بە لاپەڕەکانی مێژووی بەربەرەکانی



چەکدارانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بخشێنین دەبینین زۆرن ئەو ژنو کچانەی کە یان لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیداو یان وەک هاوکارو یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگە بەشداریان کردوە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لەو ڕێگە پیرۆزەشدا کەم نین کە گیانیان بەخت کردووەو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون.

هەر بۆیە لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوەدا ڕۆژی شەهیدانی



کوردستان بە پێویستم زانی بێجگە لەوە کە سەری کرنۆشو وەفاداری لە بەرامبەر گەورەیی پێشەوای مەزن قازی محەممەدو هاوڕێکانی دانوێنم، یادێکیش لەو ژنە شەهیدانە بکەینەوە کە لە ماوەی بەڕێوەچوونی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری دیفاعو بەربەرەکانی لە شەرافەتو کەرامەتی خەڵکی کوردستان لە بەرەکانی شەڕ یان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا ئێعدام کراونو

شەهید بوون.

هەروەکی پێشتر باسمان کرد ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر هەلو دەرفەتێک کە بۆیان هاتبێتە پێش بە قازانجی جووڵانەوەی حەقخوازانەی کورد کەڵکیان لێوەرگرتووەو بە پێی هەلو مەرجی ژیانی خۆیانو مەجالو دەرفەتەکان هەوڵیان داوە بەشداری جووڵانەوە بن. هێندێکیان ڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسیو



پێشمەرگایەتیدا بەشدارییان کردووەو لەو ڕێگەیەدا هەموو جۆر کۆڵەمەرگیەکیان قەبووڵ کردوە، بێجگەلەوە وەک پێشمەرگە ژیاونو ئەرکی پێشمەرگایەتییان بەڕێوە بردووە. لە زۆر قۆناغدا بۆ منداڵەکانیان هەم دایک بوونو هەم بابو ئەرکی پەروەردە بوونو تەنانەت بەخێوکردنیشان کەوتۆتە سەرشانو بەشێکی دیکە لە ژنان لە نێو شارو گوندەکانی کوردستان لە هەلومەرجی زۆر سەختودژواردا هاوڕێو یارمەتیدەری پێشمەرگەو کەسانی سیاسی بوونو گەلێک جار ئەوەندیان مایە لە خۆ داناوە کە بۆتە هۆی گرتنو تەنانەت ئێعدام کردنیشیان.

ئەگەر بمانهەوێ ناوی هەموو ئەو ژنانە کە لە ماوەی ٣٦ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوونو لەو ڕێگەیەدا گیانیان بەخت کردوە، بنووسین ڕەنگە خۆی لە کتێبێکی قەوارە گەورە بدا کە هیوادارم ڕۆژێک دابێ ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیەنین. بەڵام بۆ ئەوە

هەروا بەسەر مەسەلەکەدا تێنەپەڕین، بەناوی هێندێک لەو کچو ژنانە کە لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا شەهید بوون لێرەدا بەسەندە دەکەم « پەروین ڕوحی، تەوریز ڕەحمانی، سورەییا نیگەهدار، لەیلا خالیدی، شەمسی فاتحی، کولسوم حوسێنی، خەدیجە عەبدوڵلاهی، شاناز قوربانی، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری، مریەم ئیبراهیمی» ناوهێنانی ئەو پۆلە شەهیدە لە ژنان بەمانای ڕێزدانان بۆ هەموو ئەو ژنە شەهیدانە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشدار بوون کە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتییەکانو دابینکردنی دادپەروەریو یەکسانی کۆمەڵایەتی. ڕوحیان شادو ڕێگەیان بەردەوام.

هیواخوازم کە ژنان وەک بەشێکی چالاکو هەڵسووڕی کۆمەڵگەی کوردستان هەروا پارێزەری ڕاسپاردەو کەلتووری



کۆماری کوردستانو بڕیارو فەرموودەکانی پێشەوای مەزن قازی محەممەد بنو بە کارو تێکۆشانی بێوچان لە هەر دوو بواری خەباتی نەتەوایەتیو خەبات بۆ مافە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ژنان هەروا هەڵسووڕو چالاک بنو شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان خەبات بکەن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو سەرکەوتن بەسەر سپای تاریکیو نەزانیداو دەستەبەر کردنی مافو ئازادییەکانمان.

# ئاوڕدانەوەیەک لە کارنامەی چەمکێکی درۆ بەناوی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران



موختار نەقشبەندی
وەرگێڕان بۆ کوردی:
سیروان موساپوور

لە ڕۆژمێری فەرمیی ئێران ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە وەک ڕۆژی کۆماری ئیسلامی ناونراوە، چونکە لەم ڕۆژەدا دوای ژماردنی دەنگەکان ڕاگەیەنرا لەسەدا ٩٨ی خەڵک لە ڕیفراندۆمدا دەنگی ئەرێنییان بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی دا! ئەم ڕیفراندۆمە گەورەترین هەنگاوی کردەیی ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ قۆرخکردنی شۆڕشی جەماوەریی ئێران و جێگیرکردنی حکوومەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم بوو چونکە یەکەم ئەوەکە لەم ڕیفراندۆمەدا، تەنیا بژاردەیەک لەبەردەستدابوو و هیچ سیستەمێکی حکوومەتی دیکە لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نەبوو هەتا خەڵک بژاردەی دڵخوازیان هەڵبژێرن و دەبووایە یان دەنگی ئەرێنی بە کۆماری ئیسلامی بدەن یان بە وڵامدانەوەی نەرێنی بە کۆماری ئیسلامی، مەترسی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕووخاوی پاشایەتی قبووڵ بکەن و ڕێبەرانی ڕێژیم بەم فێڵە بەڕواڵەت بەستێنی یاسایی بۆ

کردەوەکانی دواییان ئامادە بکەن!

لە کەموکوڕییە گەورەکانی دیکەی ئەم ڕیفراندۆمە نادیاربوونی چەمکی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک بوو چونکە کۆماریبوون (جەمهوورییەت) لەسەر بنەمای دەنگەکانی خەڵک ڕەوایەتی هەیە و ئیسلام بەپێی حوکمی خوا کە زانا ئایینییەکان لە قورئان و سوننەت دەری‌دێنن، مەشرووعییەتی هەیە و، کۆکردنەوەی جەمهوورییەت و ئیسلامییەت لە حکوومەتێکدا بەکردەوە ناگونجێ و لەهەر حاڵەتدا یەکێک لەو دووانە دەچێتە ژێر کاریگەریی ئەوەی دیکەیان و بنەماکانی دەچنە ژێر پرسیارەوە! هەنووکە دوای تێپەڕینی چەندین دەیە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێبەرانی ڕێژیم لە وشەی جەمهوورییەت تەنیا بۆ دێموکراتیک نیشاندانی کردەوەکانیان کەڵک وەردەگرن و بەکردەوە جەمهوورییەتێک لە حکوومەتی ئەواندا بەرچاو ناکەوێ و بوونی دامەزراوەی شووڕای نیگابان بەکردەوە هەڵبژاردنەکان و مافی ڕادەربڕینی خەڵکی تەنیا لەچوارچێوەی هەڵبژاردنی نێوان بژاردە دەسنیشانکراوەکانی ڕێژیم کورت کردۆتەوە. ماددەی ١١٠ی یاسای بنەڕەتی، بەڵگەیەکی دیکەی غەیرە دێموکراتیک بوونی ڕێژیمی

کۆماری ئیسلامی‌یە. ئاوڕدانەوەیەک لە کارنامەی چەند دەیەی ڕابردووی ئەم ڕێژیمە، ناکارامەیی ئەو لە تەواوی بوارەکاندا دەردەخا، کە بەکورتی ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین:

**١ـ ئابووری:** هەرچەند خومەینی هیچ بەرنامەیەکی ئابووری دیاریکراوی



نەبوو، بەڵام ناوبراو لە وتارەکانیدا ئاماژەی بە بابەتگەلێک دەکرد کە ڕێژیم هیچکات لە چەند دەیەی ڕابردوودا نەیتوانی کاریان پێ‌بکا و، وادەکانی خومەینی هەر لە وەرنەگرتنی پووڵی ئاو هەتا هێنانی پارەی نەوت بۆ سەر سفرەی خەڵک و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەمووان و بنبڕکردنی گەندەڵیی ئابووری تەنیا لە چوارچێوەی دروشمدا مایەوە! بۆ

نموونە لە ساڵی ڕابردوودا بە وتەی وەزیری ئابووری و دارایی باندێکی گەندەڵیی ماڵیی ١٢هەزار ملیارد تمەنی لە وڵاتدا ئاشکرا بوو کە ئەم بڕە زۆرە دەرخەری هەبوونی کەموکوڕیی و گەندڵیی بەربڵاو لە سیستەمی ئابووری ڕێژیم دوای چەند دەیەیە! هەروەها لە ساڵی ڕابردوودا وەزیری هاوکاری، کار و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی باسی لە هەبوونی ١٢ ملیۆن هەژاری خۆراکی لە ئێراندا کرد کە ئەمەش لە دەسکەوتەکانی چەند دەیەی حکوومەتی هەژاران و دەسکورتانی خومەینی و یارانییەتی. ئاماری چەند ملیۆن بێکار و هەژار و دواکەوتنی ئێران لە ڕکابەرەکانی چەند دەیەی ڕابردوو نیشاندەری شکستی ئابووریی ڕێژیمە! وەستانەوەی ئابووریی چەند ساڵی ڕابردوو و کەمیی پێداویستییەکانی ژیان بەهۆی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا دەرخەری بێ‌توانایی ڕێژیم لە سەربەخۆیی ئابووری و وابەستە بوون بە ڕۆژئاوایە (سیاسەتە ئابوورییە هەڵەکانی ئەحمەدینژادیش کاریگەریی لەسەر وەستانی ئابووریی هەبوو)، کەڵک وەرنەگرتنی دروست و تەواو لە سەرچاوە ژێرزەوییەکانی ئێران و بەفیڕۆدانی دەرفەتەکان و ئیمکاناتی وڵات لەو خەسارە گەورانەن کە



ڕێژیمی ئاخوندی لە وڵاتی ئێرانی داوە، بۆ نموونە پاشەکەوتی نەوتی ئێران زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتە کە بەداخەوە بەهۆی بەڕێوەبەرێتیی خراپ و تەحریمی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئێران لەلایەن ڕۆژئاواوە بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم، ئەم سامانە گەورەیە بە دەست لێنەدراوی ماوەتەوە و ئەگەر ڕێژیم لە چەند دەیەی ڕابردوودا تەنیا لەسەدا ٥٠ی ئەم نەوتەی دەرهێنابا و سەرمایەگوزاری بەو پووڵە کردبایە، ئێستا ئێران ئابوورییەکی بەهێزی خاوەن پاشەکەوتی گەورەی ئەرزیی دەبوو.

**٢ـ مافی مرۆڤ:** گرتن، ئەشکەنجە، ڕاگواستن، زیندان و ئێعدامی هەزاران گیراوی سیاسی و، پێشێلکردنی مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان

ل ٩

# ڕێکەوتنی ڕۆژاوا لە گەڵ ئێران



مستەفا شەڵماشی

پاش زیاتر لە ٨ ڕۆژ وتوویژی وزە پڕوکێن و دوور و درێژ لە نێوان هەیئەتی ئێرانی و کۆی وەزیرانی شەش زلهێزی جیهانی لە دوایین کۆبونەوەکانیان دا لە لۆزانی سویس، بە بڵاوکردنەوەی بەیانێکی هاوبەش، چوارچێوەی ڕێککەوتنی کۆتاییان ڕاگەیاند. کورتەی ئەو تەفاهومنامەیە کە لە بەیانەکەدا لە لایەن خانمی فیدریکا موگرینی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا و ئاغای زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بە ئینگلیزی و فارسی خوێندرایەوە، ئەوەبوو کە ئێران توانای غەنیسازی ئورانیۆمی خۆی تا ڕاددەیەکی بەرچاوکەم دەکاتەوە، تەنیا ناوەندی نەتەنزی دەمێنێ بۆ پیتاندنی ئورانیۆم، ناوەندی فۆردۆی دەگۆڕێ بۆ ناوەندێکی فیزیکی و لێکۆڵینەوەو کاری زانستی و ئەو ئورانیۆمەی کە کۆماری ئیسلامی زۆر غەنی کردوە دەنێردرێتە دەرەوە، ئێران ناوەندی ووزەی ئەتۆمی ئەراک و رئاکتۆری ئاوی قورس بە شێوەیەک دەگۆڕێ کە نەتوانێ لە ڕاددەی چەکی ئەتۆمی دا پلوتۆنیۆم بەرهەم بێنێ، کۆماری ئیسلامی مولزەم دەکرێ بە بەڕێوەبردنی پرۆتۆکۆڵە ئیلحاقیەکان و هاوکاری تەواو لەگەڵ ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ چاوەدێرییەکی چڕ و پڕ دەکرێ و بۆ ماوەی ١٥ ساڵانیش مافی ئەوەی نابێ کە ڕیاکتۆری تازە دروست بکا.

لە بەرامبەر دا گەمارۆ ئابورییەکانی ئەمریکا و ئورووپا لە سەر ئێران لادەچن ئەگەر کۆماری ئیسلامی پابەند بێ بە هەموو ئەو تەوافوقانەی کە لە چوارچێوەی ئەم تەفاهومنامەیەدا دەکرێن.

دیارە ئەوە تا ئێستا تەوافوق نییە و تەنیا دیاری کردنی چوارچێوەیە بۆ تەوافوقێکی گشتی کە تا سێ مانگی دیکە، واتە دوایین ڕۆژەکانی مانگی ٦-٢٠١٥ دەبێ بە ووردەکارییەوە تەدوین بکرێ و بە ئیمزای هەردووک لایەن بگا، تا هەردووکیان مولزەم بن بە جێ بەجێ کردنی و تا ئێرە تەنیا ئیلزاماتی ئەخلاقیان هەیە، نەک یاسایی نێونەتەوەیی.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە جیاوازی هەیە لە تەفسیر کردنی ئەو تەفاهومنامەیەدا، لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکاو ئورووپا دا. کۆماری ئیسلامی زۆرتر باسی هەڵگیرانی خێرای هەموو گەمارۆکان دەکا و ئەمریکا و ئورووپا زۆرتر باسی ئیلزاماتێک دەکەن کە بەسەر کۆماری ئیسلامی دا سەپێنراوەو و ڕادەگەیەنن کە هەڵگرتنی گەمارۆکان قۆناغ بە قۆناغ و بە پێی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی جێ بەجێ دەکرێ. دیارە ئەو خاڵانەی لە بەیانەکە دا هاتوون هەموو ئەو باس و ڕێککەوتنانە نین کە لە کۆبوونەوەکان دا هاتوونە بەرباس و بەیانەکە بە جۆرێک تەنزیم کرابو کە یارمەتی بکا بە قەبووڵ کرانی ئەو ڕێککەوتنانە لە لایەنی موخالیفانی نێوخۆیی هەردووک لاوە. چونکە لە ڕاستی دا درێژ بوونەوەی وتوویژەکان ئەوەی دەردەخست کە هەردووک لا لە نێو ماڵی خۆیان دا دژبەری بەهێزیان هەیە و دەبێ لەبەرچاویان بگرن. هەرچەند ئەوەشی دەردەخست کە دوو لایەنی وتوویژ، بەتایبەتی دەوڵەتی ڕوحانی و ئیدارەی ئۆباما زۆر موشتاقی ئەوەن کە بە ڕێککەوتنێک بگەن، چونکە قورسایی ستراتیژی و پریستیژی خۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە دانابوو.



لە هەر حاڵ دا ئێستا کە نیمچە ڕێککەوتنێک بەدەست هاتوە، هەریەک لەو دوو لایەنە هەوڵ دەدا ئەو تەفاهومە وەک سەرکەوتنی خۆی، بە وڵاتەکەی خۆی و بە موخالیفانی خۆی بفرۆشێ. دیارە کەسانی بێلایەنیش لەو مەسەلەیەدا زۆرتر چاو لە خاڵەکانی ڕێککەوتن دەکەن و لەوێوە، براوە و دۆڕاوی ئەو دانیشتنە چەندین ساڵە دوور و درێژە هەڵدەسەنگێنن. ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە تەماشای بکەین، دۆڕاوی سەرەکی سیاسەت و ستراتیژی نیزامی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خامنەیییە. دیارە دەبێ ستراتیژی نیزام و پێداویستی خەڵکی ئێران و دەوڵەتی ڕوحانی بەجیا هەڵسەنگێنین. هەرچی نیزامی کۆماری ئیسلامییە، لەوەدا دۆڕاندویەتی کە ئەو هەموو ساڵانە گەمارۆی ئابووری و ئیزۆلە بوونی خۆی تەحەممول کردوە بۆ ئەوەی گۆیا وەک زلهێزیک خۆی بە سەرکۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا بسەپێنێ، کە هەرچی پێی خۆشبێ دەتوانێ بیکا و وەڵامی کەسیش نەداتەوە. بە دزیەوە خەریکی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بێ و ڕێگای پشکنینی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بگرێ و بە ڕاددەیەک سنورداری بکا کە نەتوانێ پێشی کارە ژێر زەمینیەکانی بگرێ، لە هەمان کاتیش دا بەزاهیر ژێستی ئەوەش لێ بدا کە بەرنامە ئەتۆمیەکانی سوڵحخوازانەن و نیازی ئەوەی نییە چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ. کەچی سەرەڕای ئەوەی بە تەخمینی هێندێک شارەزا لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٣٠٠ میلیارد دۆلاری زیان بە ئابووری ئێران گەیاندوە و ئەو هەمو دەمە چەقەیەی کردوە، تازە مەجبور بووە شتێک قەبوڵ بکا کە ١٠ ساڵ لەمەوبەریش ئەگەر قەبوڵی کردبایە، نەک تەنیا هیچ زیانێکی نەدەکرد، بەڵکو زۆر مەیدانی پێشکەوتنی دیکەشی بۆ دەکرایەوە. ئێستا تەنانەت ئەگەر هەموو گەمارۆکانیش لا بچن، لە ڕاستی دا گەیوەتەوە خاڵی سفر. چونکە ئەو گەمارۆیانە هەر نەدەهاتنە پێش ئەگەر لە ئەوەڵەوە ئەو تەفاهومەی لە گەڵ کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هەبوایە. بەڵام بۆ خەڵکی ئێران زەرەر لە نیوەشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە. دوای ئەو هەموو ڕەنجەی داویانە لە پێناو سیاسەتی هەڵە و ستراتیژی دۆڕاوی وەلی فەقیە دا، ئێستا ئاسۆی ئەوە دەردەکەوێ کە گەمارۆکان لابچن، هەناسەیەک بەبەر ئابووری ئێران دا بێتەوە، لانی کەم تەورومی کەمەر شکێن نەمێنێ و ئێران تا ڕاددەیەک بێتەوە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی. بۆ دەوڵەتی ڕوحانیش بە سەر کەوتن حیساب دەکرێ لەو ڕاونگەیەوە کە یەکێک لە گرنگترین بەرنامەکانی دەوڵەتەکەی بوو، هەر لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانێ دەست بکا بە فرۆشتنی نەوتی زەخیرەکراو و ئەرزێکی باش بەدەست بێنێ و باری قورسی کەسری بودجەی لەکۆڵ بێتەوە، هەرچەند ئێستا ئەو نەوتە بە نیوە قیمەتی ئەو کاتە دەفرۆشرێ کە دەرهێنراوە. جگە لەوە ئومێدێک بۆ ژیان دەداتەوە بە خەڵکی ئێران و لە هەڵبژاردنی داهاتوو دا بێگومان یارمەتی دەری دەبێ. کەوابوو دەکرێ بڵێین نیزام دۆڕاوە، بەڵام دەوڵەت براوەیە.

لایەنی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاش لە هەر حاڵ دا براوەن. ئەگەر تەوافوق سەر بگرێ بە وتوویژ مەسەلەیەکیان چارەسەر کردووە کە تەنانەت ئامادەبوون سەدان میلیارد خەرجی بۆ بکەن و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ شەڕیشی بۆ بکەن. هیچ تێچوویەکیشی بۆ ئەوان نییە. ئەگەر تەواوی گەمارۆکانیش لابەن، شتێکیان لەدەست ناچێ و تەنیا گەمارۆیەکیان لابردوە، کە هەر بۆخۆیان دایان نابوو. جگە لەوە بە هاتنەوە بازاڕی نەوتی ئێران، چاوەڕوان دەکرێ نرخی نەوت زۆرتریش دابەزێ. هەروەها کارخانە و شیرکەتەکانیان دەمێکە چاوەڕوانن تا بتوانن بازاڕی ئێران بەدەست بێننەوە. کەوابوو بەهەر لایەک دا هەڵی سەنگێنی ڕۆژاوا لە و سەودایەدا قازانجی کردوە.

دیارە لایەکی دیکەی ئەو مەسەلەیە ڕەنگە ئەوەبێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەودوا دەستی ئاواڵەتر بێ بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئیسلامی داو بۆ سەرکوتی زیاتر لە نێوخۆی ئێران دا. هەرچەند گومان دەکرێ لەو بارەشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێ. وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا بە ئاشکرا ڕایان گەیاندوە کە کێشەکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لێرەدا تەواو نابێ. لە زمان هەومو بەرپرسانەوە گوتویانە کە مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنگری لە تیرۆڕ و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێگای خۆیانن و لە پەیوەندی ئەوان و کۆماری ئیسلامی دا ئەوانە کێشەی جیاوازن. ڕاستە بە چارەسەری مەسەلەی ئەتۆمی گوزینەی نیزامی لە دژی کۆماری ئیسلامی زۆر لاواز بووە، بەڵام بە مانەوەی کێشەی ئەتۆمیش ئەو گوزینەیە زۆر بەهێز نەبوو، زۆرتر بیر لە گەمارۆی ئابووری زیاتر دەکرایەوە، کە ئەوەش زیاتر کەمەری خەڵکی ئێرانی دەشکاند هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لەولاشەوە خەڵک و تەنانەت بەشێک لە هیزە سیاسییەکانیش، چاویان لەوەبوو کە ڕۆژاوا لە ئێران دەخالەتی نیزامی بکا و بەو چاوەڕوانیەوە پاڵیان دابۆوە.

خەڵکی ئێران و هێزە سیاسییەکان و لە نێویشیان دا گەلی کورد و هیزە سیاسیەکانی دەبێ ئەو ڕاستییە قەبوڵ کەن کە ئازادی تەنیا بە خەباتی خۆیان بەدەست دێ و ناکرێ بە چاوەڕوانی هێزە دەرەکیەکانەوە دانیشن. دەرفەتی ئازادی تەنیا بە هێزی خۆیان دەخوڵقێ. ئەگەر خۆیان لە مەیدان بن، بێگومان هێزی دەرەکیش پشتیوانیان لێ دەکەن. دوای ڕێککەوتن لەسەر مەسەلەی ئەتۆمیش، ڕێژیمی ئێران هەر نەخوازراوە لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا. جگە لەوەش بە لاچوونی کێشەی بەرنامەی ئەتۆمی ڕەنگە مەیدان بۆ هاتنەگۆڕی مەسەلەی مافی مرۆڤ زیاتریش بێ. هەروەها ئیمکانی ئەوەش هەیە کە بە کەمبونەوەی گرفتی ئابووری کۆمەڵانی خەڵک زۆرتر بیر لە ئازادی بکەنەوە و کاتی ئەوەیان زۆرتر هەبێ کە ئاوڕێک لە مافەکانیان بدەنەوە. لە ڕاستی دا دەکرێ چارەسەری کێشەی ئەتۆمی بکرێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ڕێژیم زۆرتر لە ژێر فشار بنرێ بۆ ڕەعایەتکردنی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە ژێر دەستەکان. سەرکەوتنی هیزە ئازادیخوازەکانیش هێندەی بە یەکگرتن و خۆ ئامادەکردنی خۆیانەوە بەندە، ئەوەندە بە ڕێککەوتن، یا ڕێکنەکەوتنی ڕۆژاوا و ئێران لە مەسەلەی چەکی ئەتۆمییەوە بەند نییە.

## درێژەی: ئاوڕدانەوەیەک لە کارنامەی چەمکێکی درۆ بەنێوی «حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران»

و سەرکوتی درندانەی ناڕازییەکان، نیشاندەری بێبایەخبوونی مرۆڤ و مافەکانیان لەلای ڕێژیمە کە بەداخەوە ڕێبەرانی ڕێژیم لەوپەڕی بێشەرمیدا پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا ڕەت دەکەنەوە و لە وڵامی هەواڵنێران، ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کە لەسەر بنەمای بەڵگەنامە ڕوون و ئاشکراکان ئامادە کراوە، بە سیاسی و درۆ و دوژمنکارانە دەزانن! هەبوونی زمانێکی فەرمی و هاوبەش لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران و پێشگرتن لە بەشداریی کەمینەکان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان و هەبوونی سیستەمێکی ناوەندگەرا لە ئێران و هەڵاواردنی ئابووری و سیاسی بەدژی کەمایەتییەکان لە دەسکەوتەکانی دەیان ساڵ حکوومەتی ڕێژیمی هەژارانی خومەینی و یارانییەتی!

**٣ــ بابەتە کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییەکان:** خومەینی لە وتارەکانیدا وادەی ئاخیرەتی ئێرانییەکانیشی دەدا! لەڕوانگەی ئایینەوە بابەتە ئەخلاقییەکان دەبنە هۆی ئاوەدانی دین و دنیای مرۆڤەکان و ڕێبەران و بانگەشەکارانی ڕێژیم هەمیشە لە وتارەکانیاندا کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بە کۆمەڵگەگەلێکی لادەر و بێئەخلاق دەناسێنن و جێگیرکردنی حکوومەتی ئیسلامیی دڵخوازی خۆیان بە تەنیا ڕێگەچارەی ڕزگاریی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لە هەڵوەشان دەزانن! بە ڕوانینێک لە ئاماری جیابوونەوە، توندوتیژیی خێزانیی و خەیابانی، دزی، کوشتن، فرۆشتنی مادده سڕکەرەکان، گیرۆدەیی و ئایدز لە ئێران بەتەواوەتی دەردەکەوێ کە ڕێبەران و بانگخوازانی ڕێژیم بە دەستێوەردان لە وردترین و بچوکترین کاروبارەکانی ژیانی خەڵک و خەریکبوون بە کارە بێهوودە و تاکەکەسییەکانی وەک مۆدێلی موو و جلوبەرگی کەسەکان و ڕەنگی نینۆکی ژنەکان لەلایەن گەشتی ئیرشاد و بڵاوبوونەوەی خوڕافات لە بابەبتە سەرەکییەکان بێئاگا بوون و کۆمەڵگەیان لە ڕێڕەوی پێشکەوتن لاداوە و لە ئاکامدا ئێران بەتوندی تووشی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بووە و حکوومەتی ئاغای خومەینی و هاوڕێیانی لە پەنا بەدۆزەخکردنی دنیای ئێرانییەکان وادیارە دنیای دیکەشیان



لێ وێران کردوون!

**٤ـ سیاسەتی دەرەکی:** گۆشەگیریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەستی بێزاریی لە ئێران بەهۆی پشتیوانیی لە حکوومەتی بەشار ئەسەد، نەفرەتی کۆمەڵگەی جیهانیی لە ئێران لەبەر وتەکانی ئەحمەدینژاد لەبارەی لەنێوبردنی وڵاتی ئیسرائیل، پێکهێنان و یارمەتیی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە و جیهاندا بۆ وێنە حیزبوڵڵای لوبنان، دەستێوەردان لە کاروبارە نێوخۆییەکانی وڵاتان و پەرەپێدانی ناکۆکییە مەزهەبییەکان لە دنیای ئیسلامدا، هەموویان لە دەسکەوتەکانی دەیان ساڵ حکوومەتی «نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی»ی خومەینی و یارانییەتی! جێگەی ئاماژەپێدانە هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگیی دەسەڵات لەنێوان دوو وڵات و کەڵک وەرگرتنی سەددام لەم دەرفەتە هاتەکایەوە کە ئەم تێکچوونی هاوسەنگییە لە بەرژەوەندیی عێراقدا، بەهۆی سیاسەتە دەرەکییە هەڵەکانی ئێران و دوژمنایەتی ئاشکرا دەگەڵ ڕۆژئاوا پێکهات کە بێجگە لە سەدان ملیارد دۆلار زیان بۆ ئێران دەسکەوتێکی دیکەی نەبوو.

دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران و وڵاتی ئێران دەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕێبەران و ئایدۆلۆژیای ڕێژیم، هۆکاری هەموو کێشەکان و دواکەوتووییەکانی ئێرانە، ڕێبەرانی ڕێژیم بەدوای بەرژەوەندییە ئایدۆلۆژییەکانیان دان کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، گیان و ماڵی خەڵکی ئێران هیچ بەهایەکی بۆ ئەوان نییە.

# ریفراندۆمی حیزبی دێموکرات و ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی!



ئاگری باڵەکی

کاتێک شۆرشی گەلانی ئێران لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکرد (هەرچەندە راپەرینی ساڵی ١٣٥٧ پێشینەیەکی پێشتری هەبوو بەڵام دەتوانین سەرەتاکانی ١٣٥٧ بە دەستپێکی ئەو شۆرشە دابنێین و کە کۆتایەکەی بووە هۆی رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یاخو هەروەک ئایەتوڵڵا خومەینی لە نوتقی خۆی لە ١٢ی خاکەلێوەدا گوتی: «ئەوە «یەکەمین دەوڵەتی خودایە کە دادپەروەری دادەمەزرێنێ، پاشایەتی تێک دەشکێنێ‌و دەی‌خاتە نێو زبڵدانی مێژوو».

لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا کوردەکان وەک یەکێک لەنەتەوە دابەشکراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە لە ژێر زەبروزەنگ دابوون، لەوکاتەوەی کە کوردەکان یەکەمین راپەرینە ناسیۆنالیستیەکانیان لە کوردستانی ئێران دەستپێ‌کرد حکوومەتە پاشایەتیەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بێ ئەوەی لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆرشانە بپرسن، بێ ئەملاولا، راپەرینەکانیان بە هێزی سەربازی سەرکوت دەکرد. ئەو سەرکوت و زەبرو زەنگەش دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر رێژیمی پاشایەتی دا هەر بەردەوام بووە، نەک کەمی نەکردوە بەڵکو رۆژ بەرۆژ لە زیادبوونیش‌دا بووە.

رێکەوت ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧، شوێن مەهاباد، د. عەبدوڵرەحمان قاسملوو لەبەرامبەر بە سەدان هەزار کەس‌دا، خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەگەیەنێ. (بەپێی راپۆرتی ئاژانسی فرانس پرێس: ژمارەی بەشداربووانی میتنگی مەهاباد زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس بووە). لەراستی‌دا ئەو میتینگە زیاتر وەک ریفراندۆمێک دەچوو بۆ حیزبی دێموکرات، حیزبێک کە ٣٢ ساڵ لە خەباتی نهێنی دابوو، رۆژی ١١ی رەشەممە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان «بەڵێ» یان بە حیزبی دێموکرات گوت و حیزبی دێموکراتیان وەک نوێنەری خۆیان هەڵبژارد.

رێکەوت ١١ی خاکەلێوە ١٣٥٨، شوێن تاران، خومەینی لە بەرامبەر بەسەدان هەزار کەس دا بریاری دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران (حکوومەتی خودای لەسەر زەوی دا)، ئەو بریارەش دوای ئەوە هات کە ئایەتوڵڵاکان ریفراندۆمێکی نمایشییان ئەنجام داو لەوێدا ئەو بە گەڵاڵەکردنی پرسیارێک کە «ئایا لایەنگری ئەوە هەن کۆمارێکی ئیسلامی جێگەی پاشایەتی بگرێتەوە، کۆمارێک کە دواتر یاسا بنەڕەتییەکەی پەسند دەکرێ؟ ئا یان نا».

لەگەڵ ئەوەیدا کوردەکان زۆربەی جاران کەوتوونەتە تەڵەی دوژمنانەوە، بەڵام ئەم جارە، بۆ پێشهاتەکان دووربینتر بوون هەربۆیە لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ کوردەکان لە ریفراندۆمی «بەڵێ» بە کۆماری ئیسلامی ئێران بەشداریان نەکرد. کوردەکان ٣٦ ساڵ پێش ئێستا ماهیەت و ئەسڵی کۆماری ئسلامیان بۆ دەرکەوتبوو، ئەوان دەیانزانی کە کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانێ حکوومەتی رەفاهی و ئازادی و دێمۆکراسی بێت لە چوارچێوەی ئێران‌دا.

جیاوازییەکی زۆرن لە نێوان ئەو دوو ریفراندۆمە هەیە بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەو دوو ریفراندۆمە ئەوەی مەهاباد و ئەوەی تاران لەوەدایە کە کوردەکان بەیەکیان گوت بەڵێ و ئەوەی تریان بایکۆت کرد. خەڵکی کورد بەدەنگێکی بەرز و هەر ئەوکات «نا»یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامی و حوکمی دەستکری ئایەتوڵڵاکان گوت. بەڵام بە بەشداریی بێ ژماریان لە میتینگی مەهاباد» بەلێ» یەکی گەورەیان بە د. قاسملوو و حیزبی دێمۆکرات گوت.

«نا»ی کوردی رۆژهەڵاتی بە ریفراندۆمی ١١ی خاکەلێوە کۆماری ئیسلامی ئێران ئاکامەکانی دواتر دەرکەوتن و بە فتوایی خومەینی دژی نەتەوەی کورد کە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ کۆتایی هات، بەڵام رووداوەکانی ساڵی ١٣٥٨ دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران هەموویان جێگای لێ وردبوونەوەن. بەگشتی دەتوانین بلێین کوردەکان لەو سەردەمەدا لە قودرەت دابوون، هەربۆیە رۆژ بەدوای رۆژ وەفدی حکوومەتی ناوەندی سەردانی کوردستانی دەکرد بۆئەوەی بەقەولی خۆیان مافی کوردان بدەن، بەڵام ئەو بەڵێنانە تەنها بۆ کات کوشتن بوو، ئەوان ماوەی چەند مانگ بە بیانووی دانیشتنن کوردەکانیان مەشغووڵ کرد، لەو ماوەدا تاران توانی خۆی کۆ بکاتەوە و بە هێز کوردستان بخاتەوە ژێر رکێفی پۆتینی سەربازەکانی.

حکوومەتی مەرکەزی دوای ئەوەی کەدیتی لە ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧ لە میتینگێکی سەدان هەزار کەسی دا چۆن، کوردەکان لە دەوری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کۆبوونەوە، بۆیە ترسی لێ نیشت. حکوومەتی ناوەندی هەوڵیدا لە رێگای تەفرەقە نانەوە لە نێوان کورد و ئازەری کێشەیی کوردەکان یەکسەرە بکات، بەڵام نەیتوانی ئەو ئامانجە مەبەستی کەخۆی بەوشیوەیە بوو بپێکێ و هەربۆیە بەهێزی سەربازی بێ ژمار هێرشی بەرینی کردە سەر کوردستان و کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆلی نیزامی خۆی.

لە کتێبی قاسملووی کوردان دا کارۆڵ پرونهۆبێر لە زمانی شەهید د. قاسملووە ئاوا باس لە دوو رۆژ پێش ریفراندۆم دەکات:

دووڕۆژ پێش ریفراندۆم، قاسملوو چوو بۆ شاری قوم. داوای دانیشتنی دەگەڵ خومەینی کرد، ژمارەیەک لە ئەندامانی رێبەریی حیزبیشی دەگەڵ بوون. قاسملوو دەی گێڕایەوە: «کاتێک وەژوور کەوتین، بەسەدان ژن‌و منداڵمان لە هۆدەکەی خومەینیدا چاو پێ‌کەوت. ئایەتوڵڵا لەکاتێکدا لەسەر زەوی دانیشتبوو قاچەکانی تێک بەزاندبوون، کڵۆ قەندێکی هەڵ دەگرت‌و دەزاری دەناو دوایەش دەری دێنایەوەو دەیدا بە یەکێک لەو کوڕە چکۆلانەی لەتەنیشتی دانیشتبوون».

قاسملوو دەی گێڕایەوە، دەیگوت: «چوومە لای ئەحمەدی کوڕی‌و پێم گوت هەزار کیلۆمیترمان رێگە بڕیوەو هاتووین بە تەنیایی بچینە لای«.

ئەحمەد گوتی: «پێنج خولەک راوەستن».

قاسملوو: «ماوەی کاتژمێرێک بە تەنیایی دەگەڵ خومەینی بووم. هەلومەرجەکەم بۆ شی کردەوەو پێخۆشبوونی خۆمان بۆ بەشداری لە رێفراندۆم‌و دەنگدان بە کۆماری ئیسلامیدا پێ راگەیاند بەو مەرجە داخوازەکانمان دابین بکرێن». لە حاڵێکدا سەری شۆڕ کردبۆوە گوتی: «ئەوە کاری من نیە«. بێ‌ئەوەی چاوم لێ بکا گوتی: «برۆ بازرگانی ببینە«. بەپرتەپرت ئاماژەی بەو پێشنیارە کرد کە پاش رووداوەکانی سنە درابوون‌و گوتی:

«ئایەتوڵڵا تاڵەقانی پێشتر راگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە. لەوە زیاتر چتان دەوێ«.

سەرلەنوێ پێم لەسەر قسەکانی خۆم داگرت‌و گوتم کەوابوو کاتێک لێرە چوومە دەر ئێوە رێگام پێ دەدەن بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنم کە ئێوە دەگەڵ ئەو پرسانە هەن کە تاڵەقانی بەڵێنی پێداوین؟».

بێ سێ‌ودوولێکردن گوتی: «بەڵام، نازانم ئەو چی گوتوە. ئێمە هەموومان موسوڵمان‌و برای یەکترین».

کاتێک پێمان لەسەر داخوازەکانمان داگرت، گوتی حاڵی باش نیەو بێ ئەوەی چاوێکمان لێ بکا، لە هۆدەکە وەدەر کەوت. ئێمەش هەستاین‌و لەماڵەکە چووینە دەر. دیتمان لەسەر بانەکەوە دەست بۆ خەڵکی رادەتڵەکێنێ. سواری ماشێنەکانمان بووین‌و پێش ئەوەی لە شاری قوم وەدەر کەوین، بڕیارمان دا لە رێفراندۆمدا بەشدار نەبین».

ئەمەی سەرەوە ئەو راستیە دەردەخات کە کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە باوەری بەماف و ئازادی نەبووە، بۆ خۆ چەسپاندن هەموو کارێکی کردوە.

هەرچەندە لە کردەوەدا ریفراندۆمەکەی قاسملوو رێگای پێنەدەراحزووری چالاکی هەبێ بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت خەڵکی رۆژهەڵات لە بەلێ گوتنیان بەو ریفراندۆمە میتنگ ئاسایە پەشیمان نین و بگرە پشتیوانی سەرەکی قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانن، بەڵام هەرچەندە لە کردەوەدا ریفراندۆمی خومەینی لەزاهیردا سەرکەوتنی تۆمار کرد بەڵام لەکاتی ئێستا بەشی زۆری ئەوانەی کە لەو رۆژەدا بەڵێنیان بەو ریفراندۆمە گوتووە پەشیمانن و پێیان وایە کە ئایەتوڵڵاکان لەو سەردەم دا لە سادەیی خەڵکی راپەڕیو بەدژی رێژیمی پاشایەتی کەڵکیان وەرگرتووە.

هەربۆیە دەبێ لە ٣٦ ساڵەی «نا» گوتنەکەی کوردەکان بە کۆماری ئیسلامی هەزاران سڵاو بنێرین بۆ خەلکی خەباتگێر و خۆراگری کوردستان کە لە ساڵی ١٣٥٨، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان رەد کردوە و هەر ئەوکات ماهیەتی کۆماری ئیسلامیان ناسیبوو.



# ئێمپراتۆری ئاریایی، شیعی یان کایەی گەورە؟



ئازاد کەریمی

لە سیمیناری « ئێران، ناوبانگ، گەل‌و نیشتمان»دا جێگری تایبەتیی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری قەومەکان‌و کەمایەتییە ئایینی‌و مەزهەبییەکان باسی ئەوە دەکات کە «عێراق نەک هەر لە سنووری شارستانیەتی ئێمە دایە، دیارە کەسایەتی‌و شوناس، فەرهەنگ، ناوەندو پایەتەختی ئێمەشە». لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بەوە دا گوایە «ئێمپراتۆری ئێران کە پایەتەختەکەی بەغدا بوو دیسان ژیاوەتەوە». ئەم بابەتە هەم هی ئەورۆیە وهەم هی دوێنێ، لەبەر ئەوەی جوگرافیای ئێران قەت هەڵناوەشێتەوە، کەواتە یان دەبێ پێکەوە شەڕ بکەین یان دەبێ پێکەوە بسازێین‌و یەک بگرین».

دەربڕینی ئەم وشانە لە زاری ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری کەمایەتییە نەتەوەیی‌و ئایینی‌ومەزهەبییەکانی ئێران، دەنگ‌و هەرای هەم لە ناو ئێران‌وهەم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک میسر، تورکیا، سعودی‌و تەنانەت عێراقیش بەرپا کرد. بۆ وێنە ٢١ نوێنەری پارلەمانی ئێران لە نامەیەکدا وا ئاراستەی سەرۆک کۆماری ئێرانیان کردوە هۆشداری دەدەنە روحانی کە گوایە ئەو قسانەی عەلی یۆنسی بە ئاراستەی قسەی دوژمنانی کۆماری ئیسلامی‌دا ڕۆیشتوە، وا چەند ساڵەخەریکن هزری خەڵک لە ئیسلام‌و ئێران دەتۆقێنن و ئەم چەواشەکاریانە لە ڕاگەیاندنەکان‌و هەڵوێستەکانیان‌دا دیارو ئاشکرا کراوە.

سەرەڕای ئەم جۆرە هەڵوێستانە چەند وڵاتی وەک تورکیاوعەرەبستان نارازی بوونی خۆیان لەم بابەتانە وا عەلی یونسی وروژاندوویەتی ڕاگەیاندووەهەر یەکەو لە ڕوانگەی پەیوەست بوون بەم پرسەوە دڵگرانی خۆی دەربڕیوە. دیارە هەڵوێستەکان زیاتر لەوەی باسی زمان‌و فەرهەنگی ئێتنیکی بکا، دەربڕینی هەستی «سوننەگەری»یە چ لە سعوودی، چ لە تورکیاوچ میسروتەنانەت لە دەوڵەتی شیعەی ئێراقیش‌دا. ئەوان وڵاتی سەربەخۆن‌و لە نەتەوەیەکگرتوەکاندا نوێنەریان هەیە. کێشەی ئەوان لەگەڵ ئێران، پرسی «ملهوڕی ئایدولۆژیکە»، شەڕی نێوان دوومەزهەبە لە یەک سەرچاوەی ئایینی واتە شەڕی شیعەوسوننە لە ئایینی ئیسلام. شەڕی نێوان دوو مەزهەبە لە یەک سەرچاوەی ئایینی واتە شەڕی شیعەو سوننە لە ئایینی ئیسلام، شەڕی ئیمامەت‌و خەلافەت، شەڕی عومەری‌وعەلەوی، شەڕی ئومەوی‌وهاشمی، شەڕی کوفەومەدینە وشەڕی «چالدران»ی دووهەم پاش پێنسەت ساڵ.

شەڕێکە تێزی «صدورانقلاب»ی روحوڵڵاخومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە ئاگرەکەی بۆ خۆش کردووەو دوای دەیان شەڕو پێکدادان‌و تێکهەڵچوون چ ڕاستەوخۆ وەک شەڕی عێراق‌و ئێران‌وچ بە فۆرمێکی‌تر وەک دروستکردنی ئاژاوە لە لوبنان، فەلەستین، میسر، سودان، یەمەن، ئێراق، ئازەربایجان، بۆسنی، ئەفغانستان، پاکستان، بەحرەین، ئێستا گەیشتۆتە لووتکەی شەڕێکی دژواری خوێناوی وەک «شەڕی نێوخۆی سووریا» و دواترشەڕی «داعش» کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە.ئەوە ئێستاش لە یەمەن بەرەیەکی نوێی شەڕی دژ بە سوننە کردوەتەوە بە ناوی پشتگری کردنی «حوسی»یەکانی یەمەن، گروپێکی «زەیدی» مەزهەب لە باکووری یەمەن کە بۆ ماوەی ١٣٠٠ ساڵە لەو وڵاتەدا بە هێمنی دەژین.

یەک ڕاستی ڕوون‌و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو جیهان‌دا بنکەو پێگەی هەیە بۆکاری تێکدەرانە، ئایدۆلۆژیای شیعە کە پێشتربە ناوی «ئیسلامی سیاسی» خەریکی گەمەکردن بوولە گۆڕەپانەکەداو دروشمەکانی لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکاندا - بە شیعە و بە سوننەوە - لە لایەن ڕادیکاڵەکانەوە پەسەند دەکرا، و گێچەڵی بۆ دەوڵەتانی وڵاتە ئیسلامییەکان دروستی دەکرد، ئەمجارەیان بە کەڵک وەرگرتن لە هەمان جیاوازی مەزهەبییەوە کە لە ناو جیهانی ئیسلامی‌و عەربی‌دا هەیە خەریکی شەڕدروست کردنە و کایە دەکا، کایە بۆ مانەوە. ئەمە گەمەیەکی ترسناکە. کایەی ئاژاوە نانەوەی مەزهەبی هەر بۆ بەهێزبوونی مەزهەبی شیعە نیە، دیارە کایەی گەورەیە، ئەوەی وا چارەنووسی مێژووی سەردەم بۆ داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا دەستنیشان دەکا. عەرەبستان، میسرو تورکیای سوننە مەزهەب بە قەت ئێران لە ناوخۆی وڵاتە ئیسلامییەکان‌دا خاوەن پێگە نین، لەبەرئەوەی بە ڕادەی ئێران بە دوای دۆزی تێرۆریسمی دەوڵەتیی‌یەوە نین. بەشێک لە کورد لە ئێران سوننەن، تورکیا بە هۆی کێشەی کورد لە وڵاتەکەی‌دا لە هاوکاری کردنی کوردی سوننە مەزهەب دوودڵە ، سعودی لەسەربەلووچەکانی ئێران تا ڕادەیەک هەستیارە، بەڵام پاکستان بە هۆی کێشەی بەلووچەکانی خۆیەوە دوودڵە لە هاوکاری کردنی بەلووچی سوننە مەزهەب. تەنانەت وڵاتە عەربییە سوننەکان پێداگری ناکەن بۆ تێوەگلان لە دۆزی سوننە لە ئێران‌دا. بەڵام ئێران لە پاکستان، عەرەبستان، تورکیا، ئەفغانستان، سووریا، بەحرەین، لوبنان‌و یەمەن‌و تەنانەت میسردەتوانێ بە ئاسانی خەریکی وروژاندنی دۆروزی، عەلەوی، زەیدی‌و شیعەکان بێ‌و شەڕی ناوخۆیان بۆبەرپا بکات.

ئێران وڵاتێکی «فرە نەتەوە»و «فرە ئایین»ە بەڵام، بە شێوازێکی پۆلیسی‌و ئەمنییەتی‌ومیلیتاریستی سیاسەتی سەرکوتکاری‌ودەمکوت کردنی دژبە هەمووئەو نەتەوە ومیللەتانەی کە وڵاتی ئێرانیان لێ پێک هێناوە پەیڕەوکردووە ودەسەڵاتی ئەم وڵاتە «چلتیکە»، بەوپەڕی بێ شەرمییەوە بە «قەوم» واتە تایفەوهۆزناویان دەبات‌و پۆستێکی حکوومەتی بە ناوی «یاریدەدەری سەرۆک کۆمارلە بواری قەوم‌و ئایین‌ومەزهەبەکان داناوە» و «عەلی یۆنسی» کردوە بە بەرپرسی ئەو پۆستە کە هیچ شوێن‌و بنکەوسەنگێکی لە دەزگای ئیداری و سیاسی دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا نیە بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی نەتەوەو ئایینەکانی بێجگە لە فارس وشیعە بکات.

بەهەرحاڵ ڕەوشی جیهانی ئیسلامی‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ناوەندی وزەی جیهان) بە بارودۆخێکی دژوارو سامناک‌و ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێ. هەموو دوژمنانی ژمارە یەکی کوردو کوردستان لە قوڕی شەڕی مەزهەبییەوە ڕۆچوون. کوردەکان لە هەرا ونەڕەی دوژمنە مێژووییەکانیان‌دا کە ئێستا، هەموویان دوژمنی یەکترن‌و خەریکی کوشت‌و بڕی یەکترن، بێ‌دەنگ، کپ‌و پەژارەو گێژو کاسن. هەرکات بیانەوێ باسی مافی خۆیان بکەن گوێیان پێ نادەن یان وەک کۆماری ئیسلامی ئێران دژایەتی ڕاستەو خۆیان دەکەن یان پەلکێشی شەڕی مەزهەبی‌یان دەکەن.

بەهەرحاڵ ئەوەی وا عەلی یۆنسی باسی کرد، ڕاستییەکی تۆقێنەری درکاند: کۆماری ئیسلامی هەموناکۆکییە ئایینی‌و مەزهەبیەکانی ناو وڵاتەکەی خۆی بێ‌باکانەو بێ منەت لە دنیا سەرکوت دەکاوبە بچووک نیشانی دەدا، بەڵام گرفتاری و کێشەی وڵاتانی دەوروبەری خۆی چەند ئەوەندە گەورەی دەکاتەوەو دەیکات بە ئاژاوەو بەدبەختی بۆ خەلکی ئەو وڵاتانە.

یەک ڕاستی ڕوون‌و ئاشکرایە: «دێوی شەڕو ئاژاوەو بەدبەختی» زەنجیری پساندوەوخەریکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی کێشەیەکی پڕ لە مەرگەسات دەکات. ئەو ئێمپراتۆریەی وا عەلی یۆنسی باسی ئەکات ئێمپراتۆریەتی مەرگ و تاریکی‌و ماڵوێرانیە... زرەی زنجیری پساوی دێوی ئێمپراتۆری کۆماری ئیسلامی خەریکە گوێی مرۆڤایەتی کەڕئەکات، بەڵام ئاخۆ چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوەو جیهان لەم نەهامەتیە ڕزگار دەبێ؟ بەڵێ ئیرادەیەکی گەورەی جیهانی دەوێ دژ بەم ڕێژیمە تێرۆریستییە کە ناوی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بوەستێتەوە.

# پێگەی بەهار، لە وێژە و ئەدەبی کوردی دا



عەلی لەیلاخ

لەزۆربەی هەرەزۆری ئەدەب وفەلسەفە جیاجیاکانی جیهان وەرزی بەهار زیاتر وەکوو وەرزێکی سروشتی باسی لێکراوە و نووسەران و شاعیرانی گەلانی جیهان جاروبار زیاتر لە دیدێکی ناتورالیستی سەرنجی وەرزی بەهاریان داوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەریگەرییەی کە بەهار لەسەر مرۆڤەکان دایدەنێت و هەست و دەروونی ئەوان بە شێوەی جۆربەجۆر دەبزوێنێت.

راستە هەر وەرزێک لە روانگەی جوانی ناسییەوە هەڵگری جوانی و شەنگی تایبەت بە خۆیەتی. ئەگەر وەرزی خەزان بۆتە نمادی خەم و پەژارە بە هۆی ئەو تایبەتمندییەی کە هەیەتی وەکوو زەلان وسەرماو هەڵوەرین وکۆچ کردنی باڵندەکان و هتد. بەڵام بەم حاڵەشەوە شاعیران بە نیسبەت جوانییەکانی ئەم وەرزە چاویان نەنوقاندووەو هۆنراوەی جوان و بە پێزیان داناوە، بۆ نموونە مامۆستا گۆران لە شێعرێک سەرەتا پاییز بە «بووکی قژ زەرد» دەناسێنێت، بەڵام بە چاوانی پڕ گریان و هاوارێک لە بێدادی باسی پاییز دەکات واتە نەفسی پاییز و تایبەتمەندییەکانی لەوە زیاتر مەجالی پێ نادا. تەنانەت ئەگەر «ئەخەوان سالس»ی شاعیری فارس دەبێژێت: کێ دەڵێ باخی بێ گەڵا جوان نیە،

باخی بێ بەرگ، پێکەنینی ئەسرینێکە خوێناوی و... لە درێژە ئەم شێعرە «پاییز» بە پاشای وەرزەکان ناو دەبات. بەڵام دیسانەکە گۆشەنیگای هەر بە وەرزی بەهارە کاتێک دەڵێت: باخی بێ هیواکان، چاو لە رێی هیچ «بەهار»ێک نیە. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە رەنگدانەوەی هەموو وەرزەکان بە جۆرێک گرێدراوە بە بەهار. ئەوەش رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی کۆن و جاروبار پشت بە ئەفسانەکانیش دەبەستێ. هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە شێوە و روانگەی جۆربەجۆر بەهار بۆتە هەوێنی شێعر و قسەی نەستەق و مەتەڵەکان. وەکوو ئەم ئەمانەی خوارەوە:

چوار فەسڵە خۆشە نە وەک بەهاران
بوڵبوڵ لە چیمەن کەو لە نساران


ئەم بەیتە فۆلکلۆریکەی ناوچەی ئەردەڵان بە زمانێکی ساکار دان بەجوانی هەموو وەرزێک دادەنێت، بەڵام «بەهار» بەرزتر و جوانتر دەنرخێنێت.

بەهار بۆ کەسێک خۆیشی بەهار بێ
نە وەک دڵەکەی من دائیم خەمبار بێ

لێرەدا ئیتر بەهار زێدەتر لە وەرزێک و سەرتر لە روانگەی ناتورالگەرایی چاوی لێکراوە. لەم بەیتە ناخ ودەروونی ئینسانەکان گرنگی زیاتری هەیە هەتا رواڵەت.گۆڕانی سرۆشتی بە شتێکی ئاسایی باس دەکات. مەرجێکی دەروونی هەیە ئەویش ئەوەیە «بەهار بوونی»تاکەکان گرینگترە لە خودی وەرزی»بەهار» دەقیقەن لە ئەدەبیاتی عیرفانی» Mystical literature» باس لەوە دەکرێت کە سەرسەوزترین بەهار، بەهاری دڵ و دەروونەکانە بەچەشنی بوژانەوەی دەشت ودەوەنەکان لە وەرزی بەهار. واتە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بە گەشایی رۆح ورەوان بگەن دەبێت تێ بکۆشن بۆ گەیشتن بە بەهاری حەقیقی نەک کاتی.

بەچاوخشاندنێک بەسەر ئەدەبی گەلان، بۆمان دەردەکەوێت کە بەهار هەڵگری خاڵی هاوبەشە لەسەرجەم ویژەوهۆنراوەکان تەنیا جیاوازی لە مژار و فەلسەفەکاندا هەیە. بۆ نموونە لە دیدی نووسەری عیرفانی هەروەک کە باسمان کرد بەهار ئیلهامێکە بۆ سرینەوەی ناخی ئینسانەکان لە ژەنگ وگەردی نائینسانی.

لە روانگەی باورمەندان بە ژیانی دووبارە وەکوو «تناسخ» دژ بە روانگەی ماتریالیستی بەهار نیشانەی هەرمانی رۆح و زیندوو بوونەوەی سەر لە نوێیە و بە موعیجیزە وگەورەیی خوداوەندی دەزانن. هەر ئەم شێوە روانینە لە شێعرو ئەدەبی نووسەران و شاعیرانی ئەو رێبازە رەنگدانەوەی هەیە، چونکە ئێمە لە ئەدەبیاتی هەر گەل و نەتەوەیەک فەلسفەی روانینی ئەو گەلە بە چەمک و مەفاهیمەکان و باوڕەکان و داب و نەریتەکان بە ئیزافەی رووداوە مێژووییەکانی ئەو گەلە دەبینین. بەزمانێکی سادەتر هونەرو ئەدەبیاتی هەر گەلێک، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو گەلەیە. ئەدەبیاتی کوردیش بە گشتی لەم مەرجە جیا نیە. کوردستان بە هۆی هەڵکەوتنی لە ناوچەیەکی شاخاوی، جیاوازی وەرزەکان بە باشی تێیدا بە دی دەکرێت. هەر ئەم تایبەتمەندییە جوغرافیە بەسەر ئەدەبیاتیدا بە گشتی کاردانەوەی هەیە، بە پێی پۆلێن بەندیی مێژووی ئەدەبی کوردی یەکەم شاعیری کورد «باوە تاهیر»ە کە لە دوو بەیتیەکانیدا بە شێوە بیرکردنەوەی خۆی باسی بەهار دەکات. جاروبار هەر بە پێی قسەی کۆن بەهار بە سەردەمی گەنجی و لاوی دەشوبهێنێت کە پڕاوپڕە لە زیندوویی و جوانی. بەڵام کەم خایەن وکورت کە



هەر زوو تووشی خەزان و زستانی پیری دەبێت! کە دەبێ مرۆڤەکان زیاتر قەدری سەردەمی لاویەتی بزانن. بەڵام بە دوای باوە تاهیر، شاعیرانی مەکتەبی رومانتیسم زیاترین نیگای شاعیرانەیان بە بەهار و مانا جۆربەجۆرەکانی بڕیوە. هەر بەو جۆرە کە چەند سەدە دوای «باوە تاهیری عارف «شاعێرێکی دیکەی کورد «مامۆستا شەریف» ئەیژێ:

گەڵاڕێزان گوڵی باخانی دا با
بەهارێ دیکە دێ، ئەم داخە لابا
هەناسەی باخەوانی پیرە دەی‌کوت:
هەزاران خۆزگە ژینی من وەها با!

مەولەوی کورد رەنگە یەکەم شاعیر بێ کە «ئازادی»و بەهار لە پەنای یەک **داناوە،کە دەبیژێت:**

ئاماوە وەهار وەهارێ شادی
بۆی عەتری نەسیم، خونچەی ئازادی

ئەوەی کە لە داوێنی شاخ وداخی هەورامان ژیا بێت رەنگە باشتر بزانێت دوای گەمارۆی ئاستەمی زستان بە دەرکەوتنی وردیلە بزەی گەزیزە چەندە دڵ و دیدەی بینەر دەهەژێت و هەستی ئازادی لە ناخیدا دەوروژێنیت. جێی ئاماژەیە لە شاعیرانی «بەهار ویژ» ئەوانەی کە ژیانی گوندولادێیان ئەزموون کردوە جوانترو باشتر توانای وەسفی بەهاریان هەیە هەتا ئەوانەی کە لە شار ژیاون. شاعیرانی شارنشین دیدێکی کلیشەیی و بەستەیان هەیە بە نیسبەت بەهار کە هەر هاتنی وەرزی تازەو گوڵ دەرکردنی سرۆشت و هتد.. قەتیس ماوەتەوە.

بەهار لە روانگە و مانیفستی شاعیرانی ئەدەبی بەرگریی کە بەشێکی زۆری ئەدەبی نوێی کوردی بە هۆی هەلومەرجی مێژوویی و سیاسی گرتووتەبەر هێمای سەرکەوتن و نمادی شۆڕشێکی بەربڵاوی گوڵ و دار و باڵندەو ئاوە دژ بە سەرما و سائقە و بەستەڵەک..

هەر بۆیە مامۆستا هەژار لە سروودێکی بەهاری دا دەڵێ:

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری
بە تیشکە تێک شکا سپای کرێوە
هەواری رۆژ گەییشتە خاکەلێوە
فەرمان درا بە سەوزە سەر هەڵێنێ
چیدی لە بەندی خاکی رەش نەمێنێ
با دەرکەون گوڵ و کەسەر بنێژن
با رۆژی رزگاری بکەن بە جێژن.

هەر بە لێکدانەوەیەکی سادە لەم دوو بەیت شێعری مامۆستا هەژار کە سەیرکردن و هۆنینەوەیەکی سیمبۆلیکە لە بەهار و تایبەتمەندییەکانی ئەویش لە روانگەی شاعیرانی دەروەست و شۆرشگێر.کە ویستویانە لە بەهار و جوانیەکانی رەمزێکی دیکە بخولقێنن کە هەم ویژەوهەست و شێعری خۆیان پێ برازێنەوە، هەمیش هەوڵ بدەن کە داوی دیلی و بەندی کریوەیی نەتەوەکەیان لە لە دەستی داگیرکەران و لە زستانی نەهامەتی بپسێنن. لە هێمن و هێدی ڕابگرە هەتا شاعیرانی ئەمرۆیی بەهار زیاتر و سەرتر لە وەرزێک بۆتە ئیماژوسووژەی شێعری و بە تایبەتی لە ژانری بەرگری لە مێژە بەهار بۆتە رەمزی و ریشەی ئازادی و بەهاتنی هەستێکی خۆش و پرهیوا بەکۆمەڵگەی کوردان بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئەدیبان و نووسەرانی کورد دەبەخشێت. بەچەشنی گیاخاوی هیوای «مارف ئاغایی»کە دەڵێ:

رۆژێک دێ،
دونیا دەگۆڕدرێ،
چارەنووس هەروا تاڵ نابێ
ئاگر لە سەرمان دەیبەستێ
ئاگر بەندان
سەهۆڵ لە گەرمان دەتوێتەوە
سەهۆڵ سووتان
چارەنووس هەروا تاڵ نابێ



..............................................

ژێدەر؛

**ماڵپەڕی پرشین گیک، مێژووی ئەدەبی کوردی و دیوانی شاعیران، هەژار، هیمن، گوران**

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 653 April 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی

# تێڕوانینێک لە نەورۆزی ئەمساڵ



مستەفا مەعرووفی

خەڵکی ئێران و کوردستان ئەمساڵ ٣٦ەمین نەرۆزیان لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا جێژن گرت. بەر لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەورۆز وەک جێژنێکی کۆن و لەمێژنەی گەلانی ناوچە لە تاجیکستان و ئەفغانستانەوە بگرە تا کوردستان پێشوازیی لێ دەکرا. بەڵام پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی نەورۆز واتایەکی سیاسییشی بە خۆیەوە گرتوە؛ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نەرۆز و سووربوونی خەڵکی ئێران لەسەر جێژنی نەورۆز، ئەو ڕۆژەی بە کردەوە کردوە بە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی. نەورۆز لە دوو بارەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دژایەتیی دەکرێ:

یەکەم، لە رووی مەڕام و ئیدئۆلۆژییەوە. نەورۆز بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام هەبووە، هەرچەند تێکەڵ بە ئەفسانە بووە بەڵام بنەمایەکی ژینگەیی و سروشتیی هەیە. لە جوغرافیای ئەوگەلانەدا کە نەورۆز جێژن دەگرن، نەورۆز بە واتای دەسپێکی وەرزی ژیانەوە و کۆتایی هاتنی وەرزی سەرما و سەخڵەتی بووە. ئەم گۆڕانە سروشتییەش بۆ خەڵکی ئەو کات کە ژیانیان بە وەرزێڕی و ئاژەڵدارییەوە بەند بووە گرنگییەکی تایبەتیی هەبووە، هەر بۆیە جێژنیان بۆ گرتوە و بۆتە بەشێک لە فەرهەنگی ئەم نەتەوانە یەک لەوان کورد. ئاگر کە لە ئایینی زەدەشت دا پیرۆزە، توخمێکی گرنگە لە نەورۆزدا، جگە لە ئاگر جێژن و خۆشی و شایی بەشێکن لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز. ئەمە لەگەڵ فەرهەنگی تەعزییەخانی، ڕەشپۆشی، شیوەن و ڕۆڕۆ، لەخۆدان و قوڕوەسەرکردن کە کۆماری ئیسلامی پەرەی پێدەدا یەک ناگرێتەوە. هەربۆیە نەرۆز لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دیاردەیەکی نائیسلامی دادەنرێ لەگەڵ باوەڕ و ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی ناگەنجێ.

دووەم، ترس لە کۆبوونەوەی خەڵک بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی. لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و چوارشەممە سووریدا کە لاوان بۆ دەربڕینی خۆشی شادی دەرژێنە سەر شەقامەکان و کۆڵانەکان، نیگەرانییەکی زۆر بۆ دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی دروست دەبێ. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە بزووتنەوەی ئازدیخوازانەی خەڵکی ئێران لە مەیدان دایە، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز تێکەڵ بە شەر و رووبەڕووبوونەوەی لاوان لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەبێ و زۆر جار ڕێورەسمی ئاگرکردنەوەی چوارشەممە سووری جێگای خۆی دەدا بە خۆپێشاندان لە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

نەورۆزی ئەم ساڵ لە چەند بارەوە گرنگیی تایبەتیی هەبوو؛ ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی ئەگەر حیجابی زۆرەملیی لێ دەرچێ وەدی نەهاتوە. نرخ و بایەخەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە ڕێزیان لێ ناگیرێ. پلە بەرزترین ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان بوونەتە گەپجاڕی خەڵک و مایەی گاڵتە و جەفەنگی خەڵک بە تایبەتی توێژی لاو و جۆک و نوکتەی سەیرو سەمەرە لە بارەیاندا دروست دەکرێ. بەڵام ڕێورەسمەکانی نەورۆز سەرەڕای ئەوەی ٣٦ ساڵە دژایەتییان دەکرێ، وەک رابردوو، تەنانەت زیاتریش لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ دەکرێ. ڕێورەسمەکانی نەرۆزی ئەم ساڵ دەریان خست کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا نەک هەر نەی‌توانیوە فەرهەنگ و ئامۆژگارییەکانی بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە بە تایبەتی ئەو نەسلەی لەژێر حاکمییەتی خۆیدا لە دایک بووە، بەڵکوو نەی‌توانیوە نەرۆزو جێژن و خۆشی لە فەرهەنگی گەلانی ئێرانیش بسڕێتەوە.

جگە لەمانەش ئابلۆقەی ئابووریی سەر ئێران کە بۆتە هۆی دابەزینی بایەخی تمەن و چوونە سەری ئاوسانی ئابووری، نەبوونە کۆسپی جیدی سەر ڕێگای جێژن و شادییەکانی نەورۆزی ئەم ساڵ.

کوردستان هەروەک لە بزووتنەوەی ئازدیخوازانەدا پێشەنگە، لە نەرۆزی ئەمساڵیشدا پێشەنگ بوو. سەرەڕای کەندوکۆسپەکانی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای کاریگەریی شەڕی داعش لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی کوردستان زۆر بە گەرمی بە پێشوازی نەرۆزەوە هات. لە کاتێکدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مافە سیاسی، فەرهەنگی و تەنانەت مافی بەرابەریی ئابووری لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران بێ بەشە، نەورۆزی ئەم ساڵی کردە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی دەنگی حەقخوازانەی خۆی. کەوابوو بۆ گەلی کورد نەرۆز واتایەکی زیاتر لە جێژنێکی کۆن و سوننەتیی هەیە. لە یەک کەلام دا ئەگەر نەورۆز بە واتای ژیانەوەی سروشتە، گیانی ئازادیخوازی و خەباتکارانە بەشێکن لە سروشتی کورد. نەرۆز بۆ کورد بریتییە لە بووژانەوەی سروشتی ئازادیخوازانەو خەباتکارانەی کورد و دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە پتەوتر بوونی باوەڕی نەتەوایەتی و تێکۆشان بۆ پاراستنی هوویەتی نەتەوەیی.

## جێژنی نەورۆز لە تەنگیسەری سنە



خەڵکی تەنگیسەر بە شکۆیەکی تایبەتەوە نەورۆزیان کردە جێژن. ڕۆژی دووشەممە، ٣ی خاکەلێوە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بە بۆنەی نەوروز لە ئاوایی تەنگیسەر لە ناوچەی ژاوەڕۆی سنە بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەبەشداریی زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک بەرنامەی ئەدەبی‌و کولتوری لەلایەن لاوانی تەنگیسەرەوە پێشکێشی ئامادەبووان کران کە بەشێکی زۆریان لە ئاواییەکانی سەر بە شاری سنەو مەریوان‌و تەنانەت لە مەهابادو بۆکانەوە هاتبوون.

پێشوازیی گەرمی خەڵکی تەنگیسەر لە بۆنەکانی سەری ساڵ لە حاڵێکدا بوو کە ناوەندە ئەمنیەتی‌و هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە حزووری تۆخی خۆیان لە هەوڵی بەرگرتن لە کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری یەکتر بوون، بەڵام خەڵکی ئەو ئاواییە بێ سڵکردن لە هەڕەشەو فشارەکانی ڕێژیم بە شکۆوە ئەو یادەیان کردەوە.

## کۆنسێرتی گرووپی «ژیوار» لە تاران

کۆنسێرتی گرووپی موزیکی «ژیوار» بە دەنگی خانمە گۆرانیبێژی کورد «ژیوار شێخولئیسلامی» بە شێوەی گشتیی لە فەرهەنگسەرای نیاوەرانی شاری تاران بەڕێوەچوو.



گرووپی موزیکی «ژیوار» بە سەرپەرەستیی‌و بە دەنگی «ژیوار شێخولئیسلامی» بە جلوبەرگی رازاوەی کوردیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە بۆنەی هاتنی نەورۆز کۆنسێرتی گۆرانی و موزیکی کوردیی و فارسیی لە تەلاری سەرەکیی فەرهەنگسەرای نیاوەرانی شاری تاران بەڕێوە برد.

ئەم کۆنسێرتەی گروپی موزیکی «ژیوار» کە بۆ یەکەمین جار بە شێوەی گشتیی هاوکات بۆ پیاوان و ژنان سازکرا لە دوو بەشدا بەڕێوەچوو، لە بەشی یەکەمدا چەندین پارچە موزیک و گۆرانی فارسی پێشکەش کران.

لە بەشی دووهەمیش‌دا کە تایبەت بوو بە موزیک و گۆرانی کوردیی گروپی موزیکی «ژیوار» بە جلووبەرگی رازاوەی کوردیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە هاتنە سەر سەحنەی کۆنسێرتەکە کە لە لایەن ئامادەبووانە بە چەپڵە پێشوازییان لێکرا و لە درێژەدا چەندین پارچە موزیک و گۆرانی کوردییان پێشکەش کرد، لەوانە: گۆرانی «خەیاڵی سوور» کە پێشکێش بە کۆبانی و هەموو کچان و ژنانی قارەمان‌و خەباتکاری ئەم شارە کرا، گۆرانیی «هەروایە»، گۆرانیی «بۆ لای یار دەچم»، گۆرانیی «قاسم خان» و گۆرانیی «دەنگی فەرهاد».

شایانی باسە دوای تەواوبوونی ئەم بەشەی بەرنامەکە ئەندامانی گروپی موزیکی «ژیوار» لە لایەن ئامادەبووانە بە چەپڵەلێدان و پێشکەش کردنی چەپکەگوڵ پێشوازییان لێکرا و داوای گۆرانی دیکەیان لەم گرووپە دەکرد کە ئەوانیش لە درێژەی بەرنامەکەدا گۆرانی «ئاخ لەیل و داخ لەیل»یان پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

گروپی موزیکی «ژیوار» ساڵی ٧٩ لە لایەن «ژیوار شێخولئیسلامی» لە شاری تاران دامەزراوە و لە سەرەتای دامەزراندییەوە تا ئێستا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و هەروەها لە فیستیڤاڵەکانی موسیقیی نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان بەشداری کردووە و چەندین خەڵاتیشی بەدەست هێناوە.

## ئێعدامی بێ هەست و خوستی ٢٦ ژن لە ساڵی ٩٣

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی ئێراندا، کە لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ٩٣ بڵاو کراوەتەوە، لە ماوەی ١ ساڵی ڕابردوودا ٢٦ ژن لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئێعدام کراون.

هەر بەپێی ئەم ڕاپۆرتە تاوانی ٨ کەس لەم ژنانە کوشتن بووەو ١٨ کەسی دیکەش لەوان لە پێوەندی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکاندا دەستبەسەرو حوکمی ئێعدامیان بۆ بڕابۆوە. زۆرترین حاڵەتەکانی کوشتن کوژرانی مێرد بە دەستی ژنان بووە و سێ کەسی دیکەش لەم ژنانە بەهۆی بەرگری کردن لە خۆیان ناچار بە کوشتنی بەرامبەرەکانیان بوون. لەنێو ئەم ئامارەدا کە لەلایەن ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی ئێرانەوە پشتڕاست کراوەتەوە، تەنیا دوو حاڵەتی ئێعدام لەلایەن سەرچاوە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕاگەیەندراون و ئەوانی دیکە باسیان نەکراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوتوێ کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، تەنیا لە ماوەی ٢ مانگی سەرەتای ئەمساڵی زایینییدا، زیاتر لە ٢٠٠ کەس ئێعدام کراون و لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەی ئێعدامەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٧٥٣ حاڵەت بووە.

## بارودۆخی نالەباری بەندی ژنان لە زیندانی سنە

بارودۆخی بێهداشتی‌و ئیمکاناتی بەندی ژنان لە زیندانی سنە زۆر نالەبارە، بە جۆرێک کە ئەم زیندانیانە تەنانەت لە مافی حەسانەوەو پیاسە و هاتنەبەرهەتاو لە حەوشەی زیندانیشدا بێبەش کراون.

بەپێی ڕاپۆرتی ماف نیووز، سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە ١٦ زیندانی لە بەندی ژنانی زیندانی سنەدا بە تاوانی جیا جیا بەند کراون، بەڵام ئەم بەندە شوێنێکی یەکجار بچووکی بۆ پشوودان هەیە کە نزیکەی ٥ تا ٦ میترە.

هەروەها تا ئێستاش بەندی زیندانیانی سیاسیی ژن، لە بەندی گشتیی ژنان جیا نەکراوەتەوە و لە زیندانی سنە تەنیا ١ بەندی ژنان هەیە کە هەموو زینداییەکان لە یەک ژوور دان. ئەو ڕاپۆرتە دەڵێ ئەم بەندە لە هەر چەشنە ئیمکاناتێکی ڕیفاهی بێبەشە. لە پەنا ئەم کەمە ئیمکاناتەشدا، زیندانیانی سیاسیی ژن لە مافی ملاقاتی ڕاستەوخۆ بێبەشن و تەلەفوونەکانی ئەم بەندەش چەندین مانگە پچڕاوە، دیارە ئەم مەسەلەیە لە تەواوی بەندەکانی زیندانیانی سیاسیی وڵاتدا بۆتە گشتی و ئەم زیندانیانە مافی پێوەندیی تەلەفوونی لەگەڵ بنەماڵەکانیان لێ وەرگیراوەتەوە.

## هەڵمەتی ژینگەپارێزی لە کوردستان

بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی سەوزی چیا ژینگەپارێزان‌و لاوانی نیشتمان خۆشەویستی کورد لە ناوچەی مەریوان ساڵی نوێیان بە هەڵمەتی ژینگەپارێزی دەست پێکردوەو دەیان گوندو ئاوایی ناوچەی مەریوان‌و سەوڵاوایان لە زبڵ‌و زاڵ خاوێن کردۆتەوە.

لە ژێر دروشمی «نەورۆزانەمان ژینگەیەکی خاوێنە«، بە ئیرادەیەکی پڕ خورۆش‌و بە هزرێکی سەوزەوە، زیاتر لە ١٠٠ ئاوایی لە هەر جۆرە زبڵ و پیسییەک، خاوێن کرایەوەو لاوانی کورد بە دڵێکی فراوان و ڕۆحێکی ژینگە پارێزییەوە بەڵێنی دووبارەیان بە سروشت دایەوە.

شایانی باسە کومیتەی ئاواییەکانی ئەنجومەنی سەوزی چیا وەکوو بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەم پلانە، بە یارمەتی و هاوکاری ئەندامانی ئەنجومەن لە ئاواییەکان، هەوڵیان داوە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ تێکەڵی ئەم کارە بکەن.

هەروەها کۆمەڵێک لە لاوان و چالاکانی مەدەنیی شاری هەرسین بە پێکهێنانی کەمپەینێک بە مەبەستی پاراستنی زیاتری ژینگەی ئەم شارە، بە هاوکاری ئیدارەی ژینگەپارێزی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی شار



بە بڵاوکردنەوەی ٨ هەزار کیسە زبڵ لە نێو گەشتیارانی سروشتدا چالاکیی ژینگەپارێزیان کردوە.